دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا

# کوردستان

پێنجشەمە ١٥ی پووشپەڕی ١٣٩١ _ ٥ی جوولای ٢٠١٢ | ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان | ژمارە: ٥٨٦ | نرخ: ١٥٠ تمەن



### ئاگر تێبەردانی دارستانەکانی مەریوان دەستی پێ کردەوە

بۆ جاری یەکەم و لە هاوینی ئەم ساڵدا ڕۆژی ١٣ی پووشپەڕ بەشێک لە دارەستانەکانی مەریوان ئاوری تێبەردرا.

بە پێی ئەو هەواڵ و زانیاریانەی لەم پێوەندییەدا بە ناوەندی هەواڵی «کوردستان و کورد» گەیشتوون بەشێک لە دارستانەکانی مەریوان لە ئاواییەکانی سەلەسی خواریّ و سەلەسی سەریّ ئاوریان تێبەردرا.

سەبارەت بە هۆکاری ئاورکەتنەوە لەم دارستانانە و ئەوەیکە چ کەس و لایەنێک لە پشت ئەم جینایەتەوەن زانیارییەک لە بەر دەست دا نییە. هەر دوای ئاورکەوتنەوە خەڵکی ناوچەکە هەوڵی کوژانەوەی ئاورەکەیان داوە، بەڵام هیچ لایەنێکی دەوڵەت لەم پێوەندییەدا هەوڵی بە هاناوەچوونی خەڵکی نەداوە.




### گەڵاڵەی ئێران بۆ داخستنی دەرووی هورموز

ئەندامی کومیسیۆنی ئەمنیەتی نەتەوەیی و سیاسەتی دەرەوەی مەجلیسی ئێران دەڵێ، گەڵاڵەیەک لە مەجلیس ئامادەکراوە کە پێشگیری لە هاتووچۆی نەوت کێشەکان لە دەرووی هورموز دەکا.

ناوبراو وتی، ئەم گەڵاڵەیە لە دژکردەوە بە گەمارۆکانی یەکیەتیی ئورووپا دژی کۆماری ئیسلامی ئێران ئامادەکراوە.

جەواد کەریمی قودووسی، یەکێک لە داڕێژەرانی ئەم گەڵاڵەیە لەم پێوەندییەدا دەڵێ، ئەم گەڵاڵەیە لە دوو بەند پێک هاتوە کە ١٠٠ نوێنەری مەجلیس ئیمزایان کردوە.

لەم گەڵاڵەیەدا هاتوە کە کۆماری ئیسلامی بەرپرسیارە کە ئیزن بە نەوتکێشەکانی ئەو وڵاتانەی کە گەمارۆیان خستۆتەسەر ئێران نەدا کە نەوت بە دەرووی هورموزدا بەرن.

## به نیشانەی پشتیوانی لە کەبووەوەند و پەیامەکەی،

# با ٢٢ی پووشپەڕ بکەینەوە بە ڕۆژی بێزاری دەربڕین لە تێرۆریزمی دەوڵەتی

ڕوونکردنەوە

**ڕوونکردنەوەیەک لە سەر ئیددیعای پەیوەستبوونی کۆمەڵێک کادرو پێشـمەرگەی حدک بە ڕیزەکانی هاوڕێیانی پێشوومان**

٤

هەواڵ و ڕاپۆرت



**دیدار و چاوپێکەوتنەکانی سکرتێری گشتیی حیزب لە بریتانیا**

٥

سیاسی



**پارادۆکسی دانوسانە ناوکییەکانی ئێران و ڕۆژئاوا**

٦

ژنان



**ئێعتیادی ژنان و جیاوازییە جنسییەتییەکان**

٨

وتووێژ



**بزووتنەوەی خوێندکاری و خوێندکارانی کورد لە دیمانەیەکدا**

١٠



مانگرتنی کۆمەڵێک لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پشتیوانی لە مانگرتنی محەممەد سەدیق کەبوودوەند لە چلەمین ڕۆژی دا

چل ڕۆژی تەواوە محەممەد سەدیق کەبوودوەند دامەزرێنەر و سەرۆکی ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان لە بەندیخانەدا مانی لە خواردن گرتوە. بارودۆخی دڵتەزێنی ئەم کەسایەتییە مرۆڤدۆستە لە بەندیخانەدا و داواکانی کە لە پێناوی جێبەجێبوونیان دا، مانی لە خواردن گرتوە، شەپۆلێکی دیکە لە پشتگیری لە داوای ئازادیی ناوبراو و بەندییە سیاسی و مەدەنییەکانی دیکەی کوردی لە ئاستی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد لە کوردستان و دەرەوەی وڵات وەڕێ خستوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان چالاکانە لە هەوڵەکانی پێوەندیدار بە پشتیوانی لە کەبوودوەند دا بەشدارە. جگە لە بایەخدانی ڕاگەیاندنەکانی ئەم حیزبە بەو پرسە، سکرتێری گشتی و پێوەندییەکانی ئەم حیزبە لە چەندین دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ حیزب و کەسایەتییە بیانییەکان دا، باروودۆخی ئەم بەندکراوە و چالاکە سیاسی و مەدەنییە بەندکراوەکانی دیکەی خستۆتەروو و داوای پشتیوانیی لێ کردوون.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بانگەوازێک دا، داوای کردوە پەیامەکەی ساڵی رابردووی کەبوودوەند بە بۆنەی ساڵرۆژی شەهید بوونی د. قاسملوو ببێتە ڕێنوێن و هاندەری نەریتی نارەزایەتی دەربڕینی گشتی لە ٢٢ی پووشپەڕدا. هەر لەم ژمارەیەی «کوردستان» دا ئەم بانگەوازە بخوێننەوە.

بانگەواز

## پەیامەکەی کەبوودوەند دەکەین بە ڕێنوێنی نارەزایەتیدەربڕینەکانی ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ

٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ، ٢٣ ساڵ بە سەر تێرۆری د.عەبدولرەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات و هاوڕێیانی:عەبدوڵلا قادری ئازەر و د.فازڵ ڕەسووڵ دا ڕادەبریّ.

٢٣ ساڵ لەمەوبەر، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بەرزترین ئاست دا پیلانی بۆ تیرۆری دوکتور قاسملوو داڕشت و لە سەر مێزی وتووێژ، ئەم ڕێبەرە و دوو کەس لە هاوڕێیانی لە شاری ڤییەن تیرۆر کرد.

یاد و بیرەوەریی ئەم تیرۆرە، بە تایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا، هەوێنێک بووە بۆ بێزاری دەربڕینی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی و دووپاتکردنەوەی وەفاداری بە ڕێگا و ئامانجە بەرزەکانی ئەو ڕێبەرە شەهیدە. نەریتی نارەزاییدەربڕینی گشتی و جەماوەری لە ٢٢ی پووشپەڕدا، زۆربەی شاروناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتۆتەوە و چەندین لاپەرەی پڕشنگداری خستۆتە سەر خەباتی مەدەنیی خەڵکی کوردستان.

ئەمساڵ لە کاتێکدا بەرەو ٢٢ی پووشپەڕ دەچین کە چەندین کەس لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی کە هێندێکیان حوکمی درێژخایەن و تەنانەت ئێعدامیان هەیە، لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیدان. لە کاتێک دا یادی ئەو تێرۆرە دەوڵەتییە دەکەینەوە کە دامەزرێنەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، محەممەد سەدیق کەبوودوەند، زیاتر لە چل ڕۆژە وەک نارەزایەتیدەربڕین لە هەلومەرجی دڵتەزێنی بەندکرانەکەی، مانی لە خواردن گرتوە. کەبوودوەند سەمبۆلی داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ بە شێوازێکی مەدەنییە و بە هۆی برەوپێدانی خەباتێکی خاوێن و ئینسانییەوە لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، ناوبانگ و ئیعتبارێکی جیهانیی هەیە. کە چی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئامادە نییە سەرەڕای ئەو هەمووە نەخۆشییەی کەبوودوەند لە زیندان دا تووشیان بووە، ئازادی بکا.تەنانەت ئەوەندەی مەرەخەسی پێنادەن بە نەخۆشیی گرانی کورەکەی ڕابگا.

وەختایەک کەبوودوەند بەم پێشینەی خەبات و بەو ناوبانگ و ئیعتبارە جیهانییە، بەم جۆرە ڕەفتاری لە گەڵ دەکریّ، ئاشکرایە کە دەیان و سەدان چالاکی سیاسی و مەدەنیی دیکەی کورد لە بەندیخانە کۆماری ئیسلامیدا، بارودۆخیکی چەندە دڵتەزێنیان هەیە. بە سەرنجدان بە سەرکوت وراوەدوونانی چالاکانی سیاسی و مەدەنی و بە هەڵوێستە کردن لە بارودۆخی بەڕێز کەبوودوەند و مانگرتنە درێژخایەنەکەی، بە وەبیر هێنانەوەی ئەزموونی پڕشکۆی نەریتی خەباتگێڕانەی ٢٢ی پووشپەڕ لە ساڵانی ڕابردوودا،

ل ٣

## لە بنکەی سەرەکیی ئەنترناسیۆنالی سۆسیالست لە لەندەن پێشوازی لە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرا

لە درێژەی دیدارەکانی دا سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەڕێز خالید عەزیزی پاش نیوەڕۆی هەینی ٢٩ ژوئەنی ٢٠١٢ بە هاوڕێیەتیی کاک مەولوود سوارە بەرپرسی پەیوەندییەکانی حیزب بۆ ئەنترناسیۆنالی سۆسیالست، سەردانی بنکەی سەرەکیی ئەو ڕێکخراوەیان کرد و لەلایەن بەڕێز لویس ئەیالای سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە نیودەوڵەتییەوە بە گەرمی پێشوازیان لێکرا.

سەرەتا بەڕێز لویس ئەیالا ڕاپۆرتێکی لەکارو چالاکیەکانی ئەنترناسیونالی سۆسیالست پێشکەش کرد و هەروەها لەسەر بەڕێوەچوونی کۆنگرەی ٢٤ی ئەو ڕێکخراوەیە ڕوونکردنەوەی پێویستی دا. پاشان سکرتیری گشتیی حیزب، کاک خالید عەزیزی لەسەر ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هەروەها جێگە و پێگەی کوردو پێویستیی بەشداریی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان بیّ جیاوازی لە گرووپی کوردان لە ئەنترناسیونال



سوسیالیستدا باسێکی پێشکەش کرد و بە پێویستی زانی کە ئەنترناسیونال دەور و ڕۆڵی دیاریکراوی هەبێت و بتوانی هەموو حیزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردی ئەندام لەو ڕێکخراوە جیهانییە دا، لەم کۆمیتەیە دا لەدەوری یەک کۆبکاتەوە.

## ئەنجومەنی ئاسایش:

# کۆماری ئیسلامیی ئێران چەک و چۆڵ دەداتە سووریە

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی ڕۆیتێرز، کۆمیتەیەکی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاپۆرتێکی بڵاو کردۆتەوە کە لەودا ئاماژە بە پێشێلکردنی گەمارۆکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە لایەن ڕێژیمی ئێران کراوە. لە نموونەی ئەم پێشێلکردنانە ئاماژە بە ناردنی چەک و تەقەمەنی بۆ سووریە دەکریّ.

ئەم ڕاپۆرتە کە لە لایەن شاندێکی کارناسی چاوەدێری بەسەر جێبەجێ کرانی گەمارۆکانی ئەنجومەنی ئاسایش ئامادە کراوە باس لەوە دەکا کە کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ١ ساڵی ڕابردوودا تا ئێستا ٣ جار بە شێوەی نایاسایی چەک و چۆڵی ناردوەتە دەرەوە، کە دوو جار لەپێوەندی لەگەڵ



سووریەدا بووە و جاری سێهەم بەوتەی سەرچاوەکانی بریتانیا ناردنی ڕاکێت بووە بۆ تاڵەبان لە ئەفغانستان.

لە کۆتایی ئەم ڕاپۆرتەدا هاتوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەروا لەبەرامبەر هێڵە قەدەغە کراوەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیدا کەمتەرخەمی دەکا و لەژێر پێیان دەنێ.



## فرێکانسی نوێی تەلەفزیۆنی کوردکاناڵ

بینەرانی تەلەفزیۆنی کوردکاناڵ ئاگادار دەکەینەوە کە بە هۆی نەبینرانی فرێکانسی پێشوو لە هێندێک شوێنی ئێران، لە ڕۆژی ٥ی جولای (١٥ی پووشپەڕ)ەوە بەرنامەکانی کوردکاناڵ لە سەر فرێکانسێکی نویّ بڵاو دەبێتەوە.

فرێکانسی نوێی کوردکاناڵ

سەتەلایتی هاتبیرد

فرێکانس: ١١٢٠٠

پۆلاریزاسیۆن: سیمبول ڕایت: ٢٧٥٠٠

# دیدار و چاوپێکەوتنەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا

## سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گەڵ ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردی سووریە کۆ بووەوە



لەسەر داوای ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردی سووریە، ئێوارەی چوارشەممە ٢٧ی ژوئەنی٢٠١٢، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان خالید عەزیزی بە هاوڕێیەتیی مەولوود سوارە، ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی و کاک فەرزاد حیکمەت بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە بریتانیا، دانیشتنێکیان لەگەڵ بەشێک لە ئەندامان و بەڕێوەبەرانی ئەو ئەنجومەنە لە دەرەوەی وڵات و لە بریتانیا پێک هێنا.

لەم کۆبوونەوەیەدا سەرەتا باسێک لە پێکهاتنی ئەو ئەنجومەنە کە بریتیە لە ١٥ حیزب و ڕێکخراوی دژبەری حکوومەتی بەشار ئەسەد کرا و پاشان تیشک خرایە سەر باسەی کە بەشێکی بەرچاو لە کەسانی ئاکادیمی و خەڵکانی سیاسی و لاوان، لە ڕیزەکانی ئەو ئەنجومەنە دا جێیان گرتوە، وەفدی خانەخوێ جەختیان لە سەر زەرووڕەتی پێک هاتنی ئەم ئەنجومەنە کردەوە.

پاشان بە تێروتەسەلی لەسەر ڕووداوەکانی چەند مانگی ڕابردووی سووریە و هەڵسوکەوتی بەشار ئەسەد و حکومەتەکەی لەگەڵ خەڵکی ئازادیخوازی ئەو وڵاتە قسە کرا و هەروەها باس لەو خەسارەتە گیانی و مادییە زۆر و زەوەندە کرا کە بە تایبەت لەم دواییانە دا لە خەڵکی ئەو وڵاتە کەوتوە.

سکرتێری گشتیی حیزب ویڕای پێداگری لە سەر گرینگیی یەکدەنگ بوون و یەک بەرەیی کوردەکانی سووریە، ڕایگەیاند کە کوردەکانی سووریە دەبێ زۆر چالاک بن لە جێگیر کردن و قانوونمەند کردنی مافەکانیان و لە هیچ هەوڵ و تێکۆشان درێغی نەکەن، هەروەها ئامادەیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی بۆ هاوکاری و هاریکاری بە مەبەستی بە هیز کردنی ئەو کۆدەنگییە ڕاگەیاند.

## دیداری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە گەڵ ڕاوێژکاری کۆمیتەی پارلمانی بریتانیا



ڕاوێژکاری سیاسیی کۆمیتەی پارلمانی بریتانیا بۆ کاروباری کوردستان پێشوازیی لە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد.

کاتژمێر ٢ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە، ٢٧ی «ژوئەن»ی ٢٠١٢، بەڕێز «گاری کێنت» ڕاوێژکاری سیاسیی کۆمیتەی پارلمانتارانی بریتانیا بۆ کاوربارى کوردستان، لە پارلمانی ئەو وڵاتە پێشوازیی لە بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان کرد.

لەم چاوپێکەتنەدا هەردوو بەڕێزان لە پێوەندی لەگەڵ گۆڕانەکانی ناوچە و ئێران و دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران و بارودۆخی کورد بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

لە بەشێکی دیکەی چاوپێکەوتنەکەی کاک خالێد عەزیزی و ڕاوێژکاری سیاسیی کۆمیتەی پارلمانی بریتانیا بۆ کاروباری کوردستان، بارودۆخی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان وەک پارچەیەکی ڕزگاربووی کوردستان هەڵوێستەیان لە سەر کرا.

لە درێژەی دانیشتنەکەیاندا سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات و «گاری کێنت» سەبارەت بە کێشەکانی ئێستای سووریە و ڕۆڵ و کاریگەریی کوردی ئەم بەشە لە خاکی کوردستان لە گۆڕانەکانی سووریە قسەیان کرد.

جێی ئاماژە پێدانە کە لەم سەردانەی سکرتێری گشتیی حیزبدا بەڕیز مەولوود سوارە، نوێنەری حیزب لە بریتانیا هاوڕێیەتی کاک خالید عەزیزیی کرد

## چاو پێکەوتنی بەڕێز خالید عەزیزی لە گەڵ ڕێکخەری پارلمانتارانی بریتانیا

ڕۆژی ٢٧ی «ژوئەن»ی لە پارلمانی بریتانیا، لە لایەن «فابین هەملتۆن»، ئەندامی پارلمانی بریتانیا لە حیزبی کرێکار و ڕێکخەری کۆمیتەی پارلمانتارانی بریتانیا بۆ کاروباری ئێران، پێشوازی لە بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرا.

سەرەتا بەڕێز هامیڵتۆن لەسەر چۆنیەتیی دروست بوون و هەروەها چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کار و چالاکییەکان و ئەرکە پێسپێردراوەکانی کۆمیتەی پارلمانتارانی بریتانیا بۆ کاروباری ئێران، ڕوونکردنەوەی پێویستی پێشکەش کرد. پاشان کاک خالید عەزیزی لە پەیوەندی لەگەڵ ئاڵوگۆڕ و ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست و بەتاییەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەپەیوەندی لەگەڵ پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ، کوشتنی کۆڵبەرانی کورد و ئازار وئەشکەنجەی زیندانیانی سیاسی، بەدرێژی قسەی کرد و هاوکات سەدان لاپەڕە دیکۆمێنت و بەڵگەنامەی گرنیگیان سەبارەت بە تێرۆریزمی نێودەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی و ئەو تێرۆرانەی کە لە ناوخۆ و دەرەوەی ئێران لە سەر دەستی تێرۆریستانی ئەو ڕژیمە لە ماوەی دەیان ساڵی ڕابردوودا ئەنجام دراون لە دووتوێی چەند نامیلکەیەکدا پێشکەش بە هامیڵتۆن و کومیتەی پاڕلەمانتارانی بریتانیا کرد.



کاک خالید لە بەشێکی دیکە قسەکانیدا ڕوونکردنەوەیەکی تێروتەسەلی سەبارەت بە ئەگەری هەر گۆڕانکاریەک لە ئێران و جێگە و پێگەی کورد و هەوڵەکانی بۆ لێک نیزێک بوونەوەی زیاتری ئۆپۆزسیونی ئێرانی و کورد پێشکەش کرد، کە لە لایەن بەڕێز هامیڵتۆنەوە گرینگییەکی زۆری پێدرا.

جێگای ئاماژەیە کە لەو دیدارەدا مەولوود سوارە نوێنەری حیزب لەبریتانیا هاوڕێیەتیی سکرتێری گشتیی حیزبی کرد.

## لە لایەن کۆمیتەی پارلمانتارانی پارلمانی بریتانیا بۆ کاروباری ئێران پێشوازی لە سکرتێری حیزبی دێموکرات کرا

پاشنیوەڕۆی چوارشەممە ٢٧ی ژانوییە ٢٠١٢ سەرۆکی کۆمیتەی پارلمانتارانی پارلمانی بریتانیا بۆ کاروباری ئێران لە پارلمانی بریتانیا، پێشوازیی لەسکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان کرد.

لەم دانیشتنەدا سەرەتا لە لایەن بەریز «بێن والێس» ئەندامی پارلمانی بریتانیا لە حیزبی پارێزگاران و بەرپرسی یەکەمی ئەم کۆمیتەیە، سەبارەت بە کارو ئەرکەکانی ئەم کۆمیتەیە، زانیاریی پێوست پێشکەشی سکرتێری حیزب کرا. پاشان لە ئالوگۆری زانیاری و باسێکی تێرو تەسەل لەسەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و گۆڕانەکانی ئەو ناوچەیە، باس لە جێگەو پێگەی کورد لەو گۆڕانانەدا کرا.

پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، مافی ژنان و لاوان و هەروەها کوشتنی بێ بیانووی کۆڵبەرانی کورد لە لایەن هێزەکانی ڕژیمی ئێرانەوە تەوەرێکی دیکەی باس و دانیشتنەکە بوون.

بەریز بێن والێس داوای لە کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب کرد کە پێویستە لە داهاتوودا بۆ وەرگرتنی زانیاریی زیاتر و ئاگادار بوونی هەرچی زیاتر لە



دۆخی ناوخۆیی ئێران و کوردستان و گۆڕینەوەی بیروڕا لە سەر تەوەرە هاوبەشەکان، درێژە بەو دانیشتنانە بدرێت و لە نزیکەوە دیدار و چاوپێکەوتن پێک بێنن.

پیویست بە ئاماژەیە کە وەفدی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بۆ ئاگادار کردنەوەی زیاتری پارلەمانتارانی بریتانیا سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان و هەروەها تیرۆر و کوشتنی جیا بیران لە هەموو حیزب و لایەنە سیاسیەکان و مێژوو و جێگە و پێگەی حیزبی دێموکرات کە بە درێژایی چەند دەیەی ڕابردوو لەڕیزی پێشەوەی خەباتی ڕزگاری خوازانەی گەلی کورد و لە نێو چەقی گۆڕانەکانی ناوچە دابووە، زانیاری پێویستی پێشکەشی بەڕێز بێن والێس کرد.

پێویستە بوترێ کە کاک مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەریی حیزب و نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بریتانیا ئامادەی دانیشتنەکە بوو.

## سەردانی کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حدک لە پاڕلمانی بریتانیا



سەرلە بەیانیی ڕۆژی پێنجشەممە ٢٨ی ژوئەن»ی ٢٠١٢ هەیئەتێکی حیزبی پێکهاتوو لە خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەری حیزب سەردانی پارلەمانی بریتانیایان کرد و لە لایەن بەڕێز نیک بۆیس ئەندامی پاڕلمانی بریتانیا لە حیزبی محافزەکاران پێشوازییان لێکرا.

تەوەری سەرەکیی باسەکانی ئەم سەردانە ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئێران و کوردستان بوو. لە پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا هەیئەتی حیزب داواکار بوو کە مەسەلەی مافی مرۆڤ و بارودۆخی نالەباری زیندانیانی سیاسی و پرسی هەڵاواردنی نەتەوایەتی دژی گەلی کورد لە ئێران، پتر لە پارلمانی بریتانیا باسی لێ بکرێت و ئەو کێشانە نەکەونە پەراوێزو ژێر سێبەری کێشەی ئەتۆمیی ئێران لەگەڵ دنیای دەرەوە.

بەرێز نیک خۆشحاڵیی خۆی لەو پەیوەندیەدا دەربڕی و بەڵێنیان دا ئەو باسانە لە پاڕلمان بێنێتە گۆڕێ و بەدوایاندا بچێت.

## سەردانی سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە شاری لەندەن

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە ٢٨ی ژوئەن»ی ٢٠١٢ هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کورستان پێکهاتوو لە بەڕێزان خالید عەزیزی و مەولوود سوارە سەردانی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیان لە شاری لەندەنی پایەختی وڵاتی بریتانیا کرد و لە لایەن بەڕێز بەیان سامی عەبدولڕەحمان نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە گەرمی پێشوازییان لێکرا.



لەم دانیشتنەدا کە بەڕێز خوسرو ئاژگەیی سکرتێری یەکەمی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێم ئامادە بوو، چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی ئەرک و کارەکانی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بریتانیا و هەروەها جێگە و پێگەی ئەم نوێنەرایەتیە و چالاکی و کارەکانیان و لێکدانەوەی وەزعی کورد بەگشتی لەبریتانیا کەوتە بەر شرۆڤە و باس و خواسی هەردوو لا.

## لە ڕێگای سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە کەیسی کەبوودوەند دەبردرێتە ناوەندی هێنری جاکسۆن

سەر لە بەیانیی ڕۆژی هەینی ٢٩ی ژوئەنی ٢٠١٢ی زایینی بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە هاوڕێیەتی بەڕێز کاک فەرزاد حیکمەت، بەرپرسی کومیتەی حیزب لە وڵاتی بریتانیا، سەردانی ناوەندی هێنری جاکسونیان لە شاری لەندن کرد و لەلایەن بەڕێز مایکل ویس، بەرپرسی پەیوەندییەکانی ئەو ناوەندەوە پیشوازیان لێ کرا.



ئەم ناوەندە، ڕێکخراوێکە کە بۆ پەرەپێدانی مافی مرۆڤ و ئازادی و دێموکراسی کار دەکا. لەم دانیشتنە دا سکرتێری گشتیی حیزب لەسەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ کۆماری ئیسلامی لە پەیوەندی لەگەڵ ژنان،لاوان و خەڵکی سقیل و بەتایبەت زیندانیانی سیاسی بەدرێژە دوا و ڕوونکردنەوەی پیویستی ئاڕاستەی بەڕێز مایکل ویس کرد. لەبەشێکی دیکەی وتەکانی دا بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب، ئاماژەی بە دۆخی نالەباری بەندکراوە سیاسییە کوردەکانی چاڵە ڕەشەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەتایبەت محەممەد سەدیق کەبوودوەند، سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان کرد.

لەدرێژەی باس و لێدوانەکاندا بەڕێز مایک هیوای خواست کە لەداهاتوو دا و بە مەبەستی ئالوگۆری زانیاری لەسەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا پەیوەندییەکان چڕتر بکرێن.

## کۆبوونەوەی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵێک لە ئەندامانی حیزب لە بریتانیا

دوای زنجیرە کۆبوونەوەیەکی سیاسی لە گەڵ پارلمانتارانی بریتانیاو ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست، کاک خالید عەزیزی لە گەڵ ئەندامانی حیزب لە لەندەن کۆبووەوە.

پاشنیوەرۆی هەینی ٢٩ی ژوئەنی ٢٠١٢ لەشاری لەندەن بەشێک لە ئەندامانی حیزب بۆ بەخێرهاتن و دیدار لەگەڵ کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزب سەردانی شوێنی ماوەنەوەی بەڕێزیان کرد.



لەو دیدارو چاوپێکەوتنەی بەڕێز عەزیزی لەگەڵ ئەندامانی حیزبدا، لەلایەن ئامادە بووانەوە هێندێک پرسیار لەپێوەندی لەگەڵ ڕووداوەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئێران و کوردستان و کارتێکەریی گۆڕانەکانی ناوچە لە سەر ئێران و دۆزی ڕەوای گەلەکەمان ئاڕاستەی بەڕێزیان کرا. بەشیکی دیکەی ئەو چاوپێکەوتنە بۆ باس لە سەر ڕووداوە نێوخۆییەکانی حیزب تەرخان کرا و هەر لەو پەیوەندییەدا چەندین پرسیار ئاڕاستەی سکرتێری گشتیی حیزب کران و لەلایەن بەرێزیانەوە بە وردی وەڵام درانەوە.

## خۆپیشاندانی کوردستانیان و ئێرانییەکانی نێشتەجێی بلژیک دژ بە ئێعدامی چوار تێکۆشەری عەرەب لە ئێران

ناوەندی هەواڵ- بلژیک: ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٨ی جونی ٢٠١٢ ئێرانیانی نیشتەجێ لە وڵاتی بلژیک بە مەبەستی مەحکووم کردنی ئێعدامی چوار هاووڵاتی عەرەب لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، لە بەردەم باڵوێزخانەی ڕژیمی ئیسلامی ئێران خۆپێشاندانێکیان وەرێخست.



لەو خۆپێشاندانە دا کە کۆمەڵێکی بەرچاو لە ئێرانی و کوردستانیانی نیشتەجێی بلژیک ئامادە بوون، هاورێ کاوە ئاهەنگەری ئەندامی کومیتەی ناوەندی حدک بە نوێنەرایەتی کومیتەی بلژیک، وتارێکی پیشکەش کرد و ویڕای مەحکووم کردنی ئێعدامی ئەو چوار هاوڵاتییە، ئاماژە بە ٣٣ ساڵ دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ئێران کرد کە ئێران و خەڵکی ئێرانی بە هەموو نەتەوەکانییەوە تووشی چ زیان و خەسارگەلێکی مەترسیدار کردووە. هاورێ کاوە ئاماژەی بەو قەیرانە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییانە کرد کە لە ماوەی ٣٣ ساڵی ڕابردوو یان بە هۆی بێکفایەتی رژیم، یان بە ئانقەست و وەک پلانی داڕێژراو لە لایەن دەستەڵاتدارانەوە بەرۆکی گەلانی ئێرانی گرتووە. کاوە ئاهەنگەری لە کۆتایی وتەکانیدا ئاماژەی بە زەروورەتی گەیشتن بە مکانیزمێک بۆ پێکهێنانی یەکێتی و هاوکاری هەمە لایەنەی هێز و ڕێکخراوە سیاسییەکانی نەیاری ڕژیمی ئێرانی لە ناوخۆ و لە تاراوگەکرد و بە باشترین ڕێگای بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ناوبرد.

شایانی باسە کە لەم خۆپێشنادانە کوردەکانی نیشتەجێی بلژیک، چالاکانە و بەرچاو بەشدار بوون.

# پەیامی پشتگیریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە «کەمپەینی پشتیوانی لە محەممەد سدیق کەبوودوەند»

**خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!**
**کۆڕو کۆمەڵەکانی داکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤ!**
**ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان!**

زیاتر لە ٥ ساڵە محەمەد سدیق کەبوودوەند دامەزرێنەرو بەرپرسی ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان و بەڕێوەبەری هەفتەنامەی داخراوی «پیام مردم»، لە دژوارترین هەلومەرجدا لە گرتووخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بەند کراوە. هەرچەند ئەم تێکۆشەرە مەدەنییەی کورد لەسەر تاوانێکی بێ بنەما بەند کراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش لە بەندیخانەدا لە دۆخێکی زۆر دژوارو بە دوور لە هەرچەشنە ڕێوشوێنێکی مرۆییدا ڕاگیراوە، لە دۆخیکی ئەوتۆدا کە ویژدانی هەر مرۆڤێکی خاوەن ویژدان دەهەژێنێ. هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوە کە کەبوودوەند لەلایەک ببێتە نموونەیەکی هەرە دیاری ڕەفتاری ستەمکارانەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی و لەلایەکی دیکەشەوە وەک هێمای خۆڕاگریی نێو بەندیخانەکانی ئەم ڕێژیمە بۆ بیروڕای گشتیی جیهانیان بناسرێ.

بۆیە داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ و تێکۆشەران و چالاکانی مەدەنی و سیاسی لە درێژەی هەوڵەکانیاندا بۆ ڕزگاریی ئەم سیمبولە کوردەی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ جارێکی دیکە کەوتوونەتەوە خۆ و، ئەم جارەیان کەمپەینێکی بەرینیان وەرێخستوەو داوا دەکەن لە ڕۆژی ١٠ی پووشپەڕ دا بەشێوەیەکی گشتی هاوپێوەندی لەگەڵ کەبوودوەند نیشان بدرێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر ئەم بنەمایە کە خۆی بە پشتیوان و هاوخەباتی چالاکانی بزووتنەوەی مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەزانێ و هەمیشە ڕەفتاری ستەمکارانەو پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤی لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە لەقاو داوە، پشتوانیی هەمەلایەنەی خۆی لەم کەمپەیەنە ڕادەگەیەنێ.

لەم پێوەندییەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشەکانی ڕاگەیاندن، پێوەندییەکانی لە هەموو ئاستەکان داو سەرجەم ئەندامان و لایەنگرانی لە کوردستان و هەموو جێیەکی جیهان ڕادەسپێرێ، هەروەک لە کەمپەینی کاندیداتۆریی بەڕێز کەبوودوەند بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نوبێل دا نیشانیان دا، ئەمجارەش چالاکانەتر لە پێشوو لە هەموو چالاکییەکانی پێوەندیدار بە «کەمپەینی پشتیوانی لە محەممەد سدیق کەبوودوەند»دا بەشدار بن.

داکۆکی لە کەبوودوەند داکۆکییە لە ویژدانی مرۆڤایەتی.

**حیزبی دیمۆکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٣٩١/٤/٧**
**٢٠١٢/٦/٢٧**

## کەمپەینی پشتیوانی لە کەبوودوەند: با بێ دەنگ نەبین

کەمپەینی پشتیوانی لە محەممەد سەدیق کەبوودوەند یەکەم بەیاننامەی خۆی بڵاو کردەوە. لەم بەیاننامەیەدا کەمپەین داوا لە کەسایەتییەکان و چالاکانی مافی مرۆڤ دەکا کە گوشارەکانیان بۆ سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی ئازاد کرانی گیراوانی سیاسی و مەدەنی چڕ بکەنەوە.

کۆمەڵێک لە چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان بە وەڕێخستنی کەمپەینێک نیگەرانیی قووڵی خۆیان لە بارودۆخی سەرۆکی بەند کراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، محەممەد سەدیق کەبوودوەند دەردەبڕن.

لە یەکەم بەیاننامەی «کەمپەینی پشتیوانی لە محەممەد سەدیق کەبوودوەند» دا بە شێوەیەکی گشتی باس لە چۆنیەتی دەسبەسەرکران و زیندانی کردنی کەبوودوەند و لە دواییدا بارودۆخی ئێستای ناوبراو لە بەندیخانەی ئێڤینداً کراوە.

لە بەشێک لە یەکەم بەیاننامەی ئەم کەمپەینەدا هاتوە کە: ئەمڕۆ، گوێ نەدان و پشتگوێ خستنی چارەسەری پزشکیی گیراوانی نەخۆش لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی لە لایەن بەرپرسانەوە، بۆتە ڕیگە و شێوەیەک لە ئەشکەنجەدانی بەندکراوانی سیاسی بە مەبەستی تۆبە پێکردنی زۆرەملی، کە دەکرێ لەم پێوەندییەدا ئاماژە بە گیان لە دەستدانی دوو گیراوی سیاسی بە ناوەکانی: «مەنسوور ڕادپوور و مەهدی زالیە بکرێ.

کەمپەینی پشتیوانی لە کەبوودوەند داوا لە سەرجەم کەسایەتی، گرووپ و ڕێکخراوەکانی پشتیوانیی ئازادی و داکۆکیکاری مافی مرۆڤ لە سەرانسەری جیهان دەکات کە وێڕای مەحکوومکردنی ئەو دۆخە داسەپاوە بە سەر کەبوودوەند و چالاکانی تری بەندیدا، بە ئاشکرا داوا لە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بکەن کە گیراوانی سیاسی ئازاد و بەدواداچوونی بەپەلە بۆ نەخۆشی و پێداویستییە مرۆیی و پزیشکییەکانی گیراوان بکات.

### به مەبەستی پشتیوانی لە محەممەد سەدیق کەبوودوەند خۆپێشاندانێک لە وڵاتی دانمارک بەڕێوەچوو




ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٠ی پوشپەر بەرامبەر بە ٣٠ی ژوئەن لە شاری «هانس هۆلم» لە دانمارک بە بەشداریی کوردستانیانی نیشتەجێی ئەو شارە، خۆپێشاندانێک بە مەبەستی پشتیوانی لە بەرێز محەممەد سەدیق کەبوودوەند و هەوڵی بەرێوەبەرانی کەمپەینی پشتیوانی لە کەبوودوەند بەرێوەچوو.

شایانی باسە ئەو خۆپێشاندانە بە هەوڵ و تێکۆشانی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان نیشتەجێ لەو وڵاتی دانمارک بەڕێوەچوو. بەم بۆنەوە لە لایەن «سومیە ڕەسولی» پەیامی پشتگیریی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ کەمپەینی پشتیوانی لە کەبوودوەند خوێندرایەوە. خۆپیشاندەران بە بەرز کردنەوەی دروشمی دژ بە ڕێژیمی تاران و وێنەی کەبودوەند، نارزایەتی توندی خۆیان بەرامبەر بە کردەوە نامرۆڤانەکانی ئەو ڕێژیمە دەربڕی.

### پشتیوانیی ناوەندی پێشەوا لە کەمپەینی پشتیوانی لە کەبوودوەند

ناوەندی پێشەوا لە بەیاننامەیەکدا پشتیوانیی خۆی لە کەمپەینی «پشتیوانی کەبودوەند» ڕاگەیاند. لەو ڕاگەیاندراوەدا هاتوە: محەمەد سەدیق کەبوودوەند دامەزرێنەر و بەرپرسی ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان ماوەی زیاتر لە ٥ ساڵە لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە خراوەتە زیندان، و تەنها تاوانی کەبوودوەند ئەوەیە کە بەرگری لە مافی گەلێکی بەشخوراو دەکا. محەمەد سەدیق کەبوودوەند ماوەی چەند ساڵە لە ژێر توندترین هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و دەزگا سەرکوتکەرەکانیدا توانیویە ڕاوەستێت و دەنگی خەڵکی بەشخوراوو ژێردەستەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگەیەنێتە




گوێی جیهان. بەداخەوە پێنج ساڵ پێش ئێستا کەبوودوەند لە لایەن دەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامیەوە گیراوە و لە دژوارترین هەلومەرج لە گرتووخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بەند کرا. هەرچەند ئەم تێکۆشەرە مەدەنییەی کورد لەسەر تاوانێکی بێ بنەما بەند کراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش لە بەندیخانەدا لە دۆخێکی زۆر دژوارو بە دوور لە هەرچەشنە ڕێوشوێنێکی مرۆییدا ڕاگیراوە، و لە بچوکترین مافی هەر مرۆڤێک بێبەش کراوە.

ئێمە وەک ناوەندی پێشەوا پشتگیریی تەواوی خۆمان بۆ کەمپەینی پشتیوانی لە محەممەد سدیق کەبوودوەند ڕادەگەیەنین و هیوادارین بتوانین ئەوەی لە توانامان‌دا هەبێت بۆ باوکی مافی مرۆڤی کوردستان ئەنجامی بدەین و لێرەشەوە داوامان لە هەموو ڕاگەیاندنە کوردیەکان و ڕاگەیاندنە بیانیەکان هەیە کە دەنگی کەبوودەوەند بگەیننە هەموو جیهان.

### بەردەوامیی پشتیوانی لە کەبوودوەند

دوای ئەوەی کۆمەڵێک لە چالاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مەبەستی پشتیوانی لە سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە وڵاتانی جۆراوجۆرەوە مانیان لە خواردن گرت، ١٦ کەس لە ئەندامانی ئێستا و پێشووی یەکیتیی دیموکراتیکی خوێندکارانی کورد ڕایانگەیاند کە بۆ دەربڕینی پشتیوانی لەو هەنگاوە، بۆ ماوەی ڕۆژێک مان لە خواردن دەگرن.

گرووپی مانگرتووانی کەمپەینی پشتیوانی لە کەبوودوەند بە مەبەستی ڕێکخستنی ئەو هەنگاوانە، ئەو ئاگادارییەی بڵاو کردۆتەوە.

هەر وەک ئاگادارن هێندێک لە چالاکانی مەدەنی دەستپێشخەریی مانگرتنێکی سێ ڕۆژەیان بە مەبەستی پشتگیری لە بەرێز کەبوودوەند ڕاگەیاندوە، دوابەدوای ئەم هەوڵە هاوڕێیانێکی زۆر داخوازی چالاکیەکی بەم شێوەیان هەیە. هەر لەم چاوچێوەیەدا ئەم گرووپەی کە بە ڕێکخستنی کاروبارەکانی مانگرتنەوە سەرقاڵە داوا لەم کەسانە دەکات کە لە ڕێگای ئەم ئیمەیلەی خوارەوە زانیارییەکانی خۆیان کە بریتییە لە ناو، ناسناو، شوێن، تەمەن و ئیمەیلی خۆیان بەڕێ بکەن. پێویستە بوترێ کە ئەم بیرۆکەیە پەیوەندی بەو پێشنیارانەوە هەیە کە ئەمڕۆ لە لایەن دۆستانی ترەوە پێمان گەیشتووە و دەیانهەوێ لە مانگرتنەکاندا بەشدار بن و مانگرتنەکان پەرە بستێنێ. جێ ئاماژەیە کە ماوەی مانگرتنەکان بەشێوەی یەک ڕۆژە بەریوەدەچێت و لە ڕۆژێک زیاتر نابێت».

### پشتیوانیی خەڵکی مهاباد لە کەبوودوەند

خەڵکی شاری مهاباد پشتیوانیی خۆیان لە سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان دەربڕی

لە بەرەبەرەی دەسپێکی شەشەمین ساڵی زیندانی کرانی «محەممەد سدیق کەبوودوند» و دیاریکرانی ڕۆژی ١٠ی پووشپەڕ وەک ڕۆژی «پشتیوانیی خەڵکی کوردستان لە کەبوودوەند»، چالاکانی شاری مەهابادیش، بە چاپی وێنەی



کەبوودوەند و دروشم نووسین لە کۆڵان و دیوارەکانی شار، پشتیوانیی خۆیان بۆ ئەو چالاکە کوردە، نیشان داوە.

شایانی باسە کە «محەممەد سدیق کەبوودوند»، سەرۆک و دامەزرێنەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، بە هۆی دامەزراندنی ڕێکخراوەکە و چالاکیی ڕۆژنامەوانی، لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، ١١ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپاوە و هەر ئێستا بە کۆمەڵێک نەخۆشییەوە، ٣٦مین ڕۆژی مانگرتن لە خواردن تێپەڕ دەکات.


### پشتگیریی ئەنجومەنی ڕۆژنامە نووسانی ڕۆژهەڵات لە کەمپەینی پشتیوانی لە کەبوودوەند

ئەنجومەنی ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕاگەیاندراوێکدا پشتیوانیی خۆی لە سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، محەممەد سەدیق کەبوودوەند ڕاگەیاند.

لە ڕاگەیاندراوەکەی ئەنجومەنی ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هاتوە: ئێمە لە کاتێکدا پشتیوانیی خۆمان لە کەبوودوەند ڕادەگەیەنین کە ناوبراو چەندین نەخۆشیی وەکوو «پرۆستات» و «هەوکردنی سییە»کان و «نەخۆشیی دڵ و گورچیلە» بەرۆکی گرتوە و وەزارەتی ئیتلاعات و بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئامادە نین ئیزنی چارەسەر کردنی بدەن و لەدەرەوەی گرتووخانە نەشتەرگەریی بۆ بکرێت، هەمووی ئەوانە لەکاتێکدایە کە ڕۆژی چوارشەممە ٣١ـی جۆزەردان محەمەد سدیق کەبوودوەند لەدیدارێکی کورتتدا لەگەڵ بنەماڵەکەی ڕایگەیاندبوو کە ئەگەر گوێ لەداخوازییەکانی نەگیرێت، درێژە بەمانگرتنەکەی دەدات.

ئەم ئەنجومەنە لە کۆتایی دا ڕادەگەیەنێ: ئەنجومەنی ڕۆژنامەنوسانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک ڕاگەیەندراوە داوا دەکات ڕۆژی ١٠ی پووشپەر (٣٠ ژوئەن)، «ڕۆژی داکۆکیی گەلی کورد لە کەبوودوەند» بکرێتە ڕۆژی هاوپەیوەندی و پشتگیریی سەرتاسەری لە بەڕێز محەمەد سدیق کەبوودوەند.

### پشتیوانیی چەند پارلمانی هەرێمی باشووری کوردستان لە کەمپەینی ئازادیی کەبوودوەند



لە درێژەی پشتگیری لە کەمپەینی پشتیوانی لە سەرۆکی بەندکراوی مافی مرۆڤی کوردستان، پارلمانتارانی باشووری کوردستان پشتیوانیی خۆیان لەم کەمپەینە ڕاگەیاند.

پەرلەمانتار و سەرۆکی لیژنەی کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی لەباشووری کوردستان، دوکتور (دانا سەعید سۆفی) پشتیوانیی خۆی و لیژنەکەی لەپەرلەمانی کوردستان لە کەمپەینی پشتیوانی لە«محەمەد سدیق کەبوودوەند»و دیاری کردنی ڕۆژێک بەو ناوە دەربری.

دوکتور (دانا سەعید سۆفی) نیگەرانیی خۆی لەبارودۆخی تەندروستیی «کەبوودوەند» دەربڕی. ناوبراو وێڕای مەحکووم کردنی مامەڵەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕایگەیاند کە هیچ کەس نابێت لەسەر بیروڕای ئازاد و تەنانەت هەڵوێستی سیاسییش زیندانی بکرێت، ئەگەریش زیندانی کردنی بەسەردا سەپا دەبێ بەپێی جارنامەی مافی مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

### پشتیوانیی ڕۆژنامەنووسانی قەڵادزێ لە دیاریکردنی ڕۆژی خاوەنداریێتیی کۆمەڵگەی کوردستان لە کەبوودوەند

لە بەیاننامەیەکدا کە ڕۆژنامەنووسانی قەڵادزێ بڵاویان کردۆتەوە، هاتوە: ئێمە دەستەیەک لە ڕۆژنامەنووسانی نیشتەجێی شاری «قەڵادزێ»ی باشووری کوردستان پشتیوانیی خۆمان بۆ دیاری کردنی ڕۆژێک وەک ڕۆژی خاوەنداریێتیی کۆمەڵگەی کوردستان لە کەبوودوەند ڕادەگەیەنین و داواش لەسەرجەم چین و توێژە جیاجیاکانی کوردستان لە هەرچوار پارچەیکوردستان دەکەین کە پەیوەستی ئەو کەمپەینە ببن و پشتیوانیی لێ بکەن.

پشتیوانی لەو کەمپەینە تەنها پشتیوانی لە تاکەکەسێک نییە ، بەڵکوو دەربڕینی هەڵوێستێکی نەتەوەیی و نیشتیمانییە ، پشتیوانیکردنی ڕەمز و هێمای گەلێکە کە لەپێناوی ئازادی و سەربەستیدا نرخی داوە.

### گرووپێک لە چالاکانی مەدەنی بۆ پشتگیری لە محەممەد سەدیق کەبوودوەند مانیان گرت



گرووپێک لە چالاکانی مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕاگەیاندراوێکدا بۆ ڕای گشتی پشتیوانیی خۆیان لە سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان ڕاگەیاند.

لە بەشێک لەم ڕاگەیاندراوەدا هاتوە: هەروەک ئاگادارن بەڕێز محەمەد سدیق کەبوودوەند ماوەی ٣٣ ڕۆژە دەستی داوەتە مانگرتنێکی بێ سنوور و هەتا ئێستاش بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بەرپرسانی گرتوخانەی ئێوین، نە تەنیا هیچ جۆرە وڵامێکیان لەمەڕ خواستەکەی کەبوودوەند نەداوەتەوە، بەڵکوو بە شێوەیەکی زۆر نابەرپرسانە لە هەمبەر ژیانی کەبوودوەندا هەڵسوکەوت دەکەن. لەمڕووەوە کە بەڕێزیان کە وەک باوکی مافی مرۆڤی کوردستانیش ناسراوە بە هۆی مانگرتنەکەی لە ناو گرتوخانەی ئێوینی تاران گیانی لە خەتەر دایە. ئێمە ژمارەیەک چالاکڤانی مەدەنی لە ٢٩ ی ژوئەنەوە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ و هەر کەس لە ماڵی خۆی بە مەبەستی پشتیوانیکردن لە بەڕێزیان مان لە خواردن دەگرین و بە هەموو شێوەیەک داکۆکیی خۆمان لە بەڕێز کەبوودوەند بۆ بەدەست هێنانی خواستە ڕەواکانی دەردەبڕێن.

**درێژەی:**

## پەیامەکەی کەبوودوەند دەکەین بە ڕێنوێنی نارەزایەتیدەربڕینەکانی ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ

حیزبی دیموکراتی کوردستان پەیامەکەی ساڵێک لەمەوبەری بەڕێز کەبوودوەند دەکا بە هەوێن و ڕێنوێنی نارەزایەتیدەربڕینەکانی ئەمساڵ.

سەرۆکی ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە کوردستان، ساڵی ڕابردوو لە پەیامیکدا بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ پێشنیاری کرد ئەم ڕۆژە بەم هۆیەوە کە نموونەیەکی هەرە دیار لە تیرۆریزمی دەوڵەتیی تێدا ئەنجام دراوە، بە «ڕۆژی سەرکوتی تێرۆریزمی دەوڵەتی لە لایەن کۆمەڵگەی مەدەنییەوە« ناودێر بکرێ. هەر وەها مانگی پووشپەڕیش سەبارەت بە سەرکوتی نارەزایەتی دەربڕینی مەدەنیی سەرانسەریی پووشپەڕی ١٣٨٤ بە «مانگی بێزاری دەربڕینی گشتی لە سەرکوتە دەوڵەتیەکان» ناوی بنرێ. هەر وەک کەبوودوەند پێشنیاری کردوە، ٢٢ی پووشپەڕ و مانگی پووشپەڕ دەتوانن بۆنە و دەرفەتێکی گونجاو بن بۆ ئەوەی تێرۆریزمی دەوڵەتی و سەرکوتی نارەزایەتی دەربڕینی مەدەنی و هێمنانە لە لایەن دەولەتەوە، کە هەر دوویان زۆرترین و بە نرخترین قوربانییان لە گەلی کورد ئەستاندوە، مەحکووم بکرێن.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە کۆمەڵانی خەڵک بە گشتی و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و کۆڕ و کۆمەڵە و دامەزراوە مەدەنییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی داوا دەکا لە ٢٢ی پووشپەڕدا بیرەوەریی تێرۆری د.قاسملوو و هەموو قوربانیانی تێرۆریزمی دەولەتیی کۆماری ئیسلامی، تێکەڵی یادی تێکڕای شەهیدان و قوربانیانی سەرکوت و تاوانەکانی ئەو ڕێژیمە لە هەموو مەیدان و بوارەکاندا بکەن. با لە ڕێگای جێبەجێکردنی پەیامەکەی کەبوودوەندەوە خەباتی ڕابردوو و ئێستامان و تێکۆشانی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان لە نێو بەندیخانە و لە دوورەوڵاتی، لە دەرەوە و ژوورەوەی کوردستان، لە دژی ڕیژیمی کۆماری ئیسلامی لێک گرێ بدەین. بەم جۆرە هەم بە باشترین شێوە یادی د.قاسملووی نەمر بەرز ڕادەگرین، هەم لەو کاتوساتەدا، نمایشێکی نەتەوەیی و سەرانسەری بە پشتیوانی لە کەبوودوەند وەڕێ دەخەین.

بۆ پێشەوە بەرەو ٢٢ی پووشپەڕ و کەلکوەرگرتن لە هەموو فۆرم و شێوەکانی بێزاریی گشتی لە تێرۆریزم و سەرکوتی دەوڵەتی.

سڵاو لە شەهیدانی ڤییەن و هەموو شەهیدان و قوربانییانی تێرۆریزم و تاوانەکانی دیکەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی.

سڵاو لە بەندییە سیاسی و مەدەنیەکان و بە هیوای ڕزگاربوونیان لە سیاچاڵەکانی دیکتاتۆری و کۆنەپەرستی.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٥ی پووشپەڕی ١٣٩١**
**٥ی جولای ٢٠١٢**

# ڕوونکردنەوەیەک لە سەر ئیددیعای پەیوەستبوونی

# کۆمەڵێک کادرو پێشمەرگەی حدک بە ریزەکانی هاوڕێیانی پێشوومان

**بۆ ئاگاداریی بیروڕای گشتی و سەرجەم هۆگران ودۆستانی حیزبی دیموکرات کوردستان!**

لە راگەیەندراوێک دا کە دوا نیوەڕۆی ١ی پووشپەر(٢١ی ژوئەن ) بە ناوی دەفتەری سیاسیی حدکاوە بڵاو بۆتەوە، ئیددیعا کراوە کە کۆمەڵێک کادر وپێشمەرگە و ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان، وەک نارەزایەتی دەربڕین لە کار و کردەوەی رێبەریی حیزب، بە ریزەکانی ئەوان پەیوەست بوون. لە راگەیەندراوەکە دا جگە لەوەی هەوڵ دراوە شتەکە وەک پەیوەستبوونەوەی بە کۆمەڵی کادر و پێشمەرگەی حیزبی ئێمە بە ریزەکانیان نیشان بدرێ، سیناریۆک کە خۆیان رێکیان خستبوو، وەک هەنگاوێکی بەرپرسانە، یەکڕیزیخوازانە و لە خزمەت بەرژەوەندی گشتیی کورد لە کوردستانی ئێران دا ناوی براوە.

کۆمیسیۆنی سیاسی- نیزامیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم پێوەندییە دا ڕوونکردنەوەی چەند ڕاستییەک بۆ بیروڕای گشتی بە پێویست دەزانێ:

بێجگە لە یەک کەس کە ماوەیەک لەمەوبەر لە سەر بێنەزمی و لە ژێرپێنانی پێڕەوی نیوخۆی حیزب و دووپاتکردنەوەی کۆمەڵێک کردەوەی بە دوور لە شەئنی تێکۆشەرێکی دیموکرات لە ئەندامەتیی حیزب هەڵپەسێردرابوو، هیچ کادر و پێشمەرگەیەکی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە ژێر ناوی «گرووپی هەڵوێست» دا، نەچۆتە ریزەکانی حدکا. ئەو چەند کادر و پێشمەرگەیەش کە ناویان لە لیستی پشتیوانانی ئەو گرووپە دا هاتبوو، ئەوە لە ریزەکانی حیزب دا خەریکی خزمەتن و زۆریش لەوە کە کەلکی خراپ لە ناو و ئیمزای ئەوان وەرگیراوە، تووڕە و نارازین.

لە دوایین لیستی گرووپی ناوبراو دا ناوی کۆمەڵە خەڵکێکی دانیشتووی شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان هاتوە و وا نیشان دراوە کە ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستانن. ئەم لیستەیەش هەر وەک لیستی بە ناو پشتیوانانی ئورووپای گرووپەکە، یا ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان نین، یا ئەگەر ئەندامی حیزبیش بن، ناو و ئیمزاکەیان بۆ مەبەستیکی دوور لە چاوەڕوانی و ویستی خۆیان بە کار هێنراوە. دیارە لەماڵپەرەکان و تۆڕی فەیسبووکدا ژمارەیەکی زۆر لەو ڕوونکردنەوانە و وەدرۆخستنەوانە هەن. ئەم هاوڕێیانەمان لە گەڵ ئاگاداربوونەوەیان لەو ساتوسەودایەی بە لیستی ناوەکانیان کراوە، پیوەندیان بە ڕێبەری و کۆمیسیۆن و کۆمیتە حیزبییەکانەوە گرتوە و پشتیوانیی خۆیان لە حیزبەکەیان و نارەزایەتیان لە ساتوسەودا بە ناوەکانیان دەربڕیوە.

هاتنی کەس یا کەسانێک لەحدکاوە بۆ نێو حیزبی دیموکراتی کوردستان یان پێچەوانەکەی لە روانگەی ئێمەوە شتێکی ئاسایی

## بە تەبلیغاتی ناواقیعی و وەڕێخستنی هەرا وهوریا و شانۆسازی، تەنیا بۆ چەند ڕۆژێک دەکرێ ڕاستییەکان لە خەڵک بشاردرێنەوە

و بەشێکە لە سەرەتاییترین مافی بڕیاردانی هەر تاکێک. هەر بۆیە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو دا کە چەندین جار پێشمەرگە و ئەندامانی لایەنی بەرامبەر یەک یەک و دوو دوو و تەنانەت پۆل پۆل، هاتوونەوە نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئێمە بە هیچ جۆر تەبلیغاتمان پێوە نەکردوون. ئێستا هۆی چییە دەفتەری سیاسیی حدکا، لە بەرەبەری کۆنگرەکەیان و لە هەلومەرجێک دا کە لە نێو ریزەکانی خۆیان و لە کۆنفرانسەکانیاندا داوای دیالۆگ و لیکنزیکبوونەوەی دیموکراتەکان بۆتە داوایەکی جیددی،مەرج وسیناریۆ بۆ وەرگرتنەوەی سزادراوێکی ناو حیزبی دیموکراتی کوردستان، دادەنێ و لەو ئاستە دا تەبلیغاتی لە دژی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێوە دەکا؟

ڕاستیی مەسەلەکە ئەوەیە لە نیو حدکاش دا بە خۆشییەوە کەسانێک لە ئاستی جۆراوجۆر دا گەیشتوونە ئەو ئاکامە کە ناکرێ داوای خەڵکی کوردستان بۆ هەبوونی دیالۆگ و لێکنزیکبوونەوەی دوو حیزبی دیموکرات، بۆ هەتاهەتایە پشتگوێ بخرێ و زیان و ئاکامەکانی بە کەم بگیرێن. ئەو ڕاستییەشیان بۆ دەرکەوتوە کە هەڵوێست و وڵامی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەم داوایەی خەڵک،مەنتیقی و موسبەت بووە. هەر بۆیە ئیستا نۆرەی ئەوانە لەم کۆنگرەیەیاندا کۆسپەکانی بەردەم دیالۆگ و لێکنزیکبوونەوە، هەڵ بگرن. دەرکی ئەو پێویستییە و دروستکردنی جۆرێک چاوەڕوانی لەم بارەیەوە، بە لێدوان و وتوێژەکانی تەنانەت کەسی یەکەمی حدکاشەوە دیارە. جیددی بوونی هەوڵ و چاوەڕوانییەکان لەم پێوەندییەدا، بووە بە هۆی نیگەرانیی موخالیفانی لیک نزیکبوونەوە و یەکڕیزی لە نیو ریبەریی حدکا دا . هەر بۆیە کەوتنە هەوڵ تا بە وەڕێخستنی شانۆسازیی «پەیوەستبوونەوەی کۆمەڵێک کادر و پێشمەرگە بە ریزەکانیان» و ناودێرکردنی بە «شکستی پرۆژەی حیزبی دیموکراتی کوردستان» خۆ لە ئەسلی مەسەلەکە کە دیالۆگ و لێکنزیکبوونەوەی دیموکراتەکانە، بدزنەوە و کەشوهەوای کۆنفرانسەکان و کۆنگرەی داهاتوویان لە ژێر ئەم تەبلیغاتەدا بەرەو ئاقارێکی دیکە کە خۆیان پێیان خۆشە، بەرن.

ئێمە بە دەرفەتی دەزانین وەبیر هەموو هۆگران و دڵسۆزانی یەکڕیزیی دیموکراتەکان بە تایبەت لە نیو هاوڕێیانی پێشوومان دا بێنینەوە کە نەهێڵن بەم جۆرە هەوڵانە کۆسپ بێتە سەر رێی رەوتی خوازیاری تەبایی ولیکنزیکبوونەوە لە نێو دیموکراتەکاندا. بە تەبلیغاتی ناواقیعی و وەڕێخستنی هەرا وهوریا و شانۆسازی، تەنیا بۆ چەند ڕۆژێک دەکرێ ڕاستییەکان لە خەڵک بشاردرێنەوە. ئێستا دەفتەری سیاسیی حدکا لە هەموو کەس باشتر دەزانێ لە ڕێگای بەڕێوەبردنی شانۆسازیی «پەیوەستبوونەوەی گرووپی هەڵویست بە حیزبی دیموکرات» نە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هیز و توانای کەم بۆتەوە و نە ئەوان دەسکەوتێکی واقیعیان پێبراوە. دژایەتیکردن وتەبلیغاتی ناڕەوا لە دژی حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەر وەک لەم چەند ساڵەی دواییدا، نەبووە بە هۆی لاوازی و لە نیوچوونی ئەم حیزبە، بگرە هێز و ئیعتباریشی بردوەتە سەر، لەمەودواش، پێشی گەشە و هەلدانی ئەم حیزبەی پێ ناگیرێ. لەم جۆرە هەوڵانە تەنیا ڕەوتی ئاسایبوونەوەی پێوەندییەکان و لێک نزیکردنەوەی ریزەکانی ئەم دوو حیزبە، زیان دەبینێ. لە گەڵ هەمووی ئەوانە دا ئێمە چاوەڕوانین بێئاکامیی ئەم دوایین دژایەتییەیان لە گەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان، بۆ هاوڕێیانی پێشوومان ببێتە ئەزموون و بیر لەو ڕێگایانە بکەنەوە کە خەڵکی کوردستان، پێشوازییان لی دەکا.

حیزبی دیموکراتی
کوردستان
کۆمیسیۆنی سیاسی–
نیزامی
٢ی پووشپەڕی ١٣٩١
٢٢ی ژوئەنی ٢٠١٢

# پێکهاتنی کۆبوونەوەیەکی گشتی بۆ تیشک خستنە سەر هێرشی تەبلیغاتی وشانۆ سازی لە دژی حیزبی دیموکراتی کوردستان



پێشنیوەڕۆی یەکشەممە ١١ی پووشپەڕ، لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کۆبوونەوەیەکی گشتی بە بەشداریی تێکۆشەرانی حیزب و بەرپرسان و ئەندامانی ژمارەیەک لە کۆمیتە حیزبییەکان لە هەرێمی کوردستان بەڕێوە چوو. لەم کۆبوونەوەیە دا بەڕیز مستەفا مەولوودی ، جێگری سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، قسەی بۆ بەشداران کرد.

بەڕێز مەولوودی، دوای ئاماژە بە هێندێک لە بڕیارەکانی کۆنگرەی پازدەیەم و هەوڵ و هەنگاوەکانی ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو پێوەندییە دا، چووە سەر سیناریۆی ئەم دواییانەی دەفتەری سیاسی حدکا لە دژی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

جێگری سکرتێری گشتیی حیزب، باسی هێرشی تەبلیغاتیی ڕێبەریی حدکا بۆ سەر حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ماوەی ئەم دوو حەوتووەی دوایی دا کرد. ئەم شانۆسازییەشی بە کورتی شیکردەوە کە ڕێبەریی هاوڕێیانی پێشوو، لە ژێر ناوی «پەیوەستبوونەوە»، وەڕێیان خستوە. لەم بارەیەوە وتی ئێمە هەمیشە چوونی کەسێک لە حیزبێکەوە بۆ حیزبێکی دیکە بۆ وێنە لە حدکاوە بۆ نێو ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان یان بە پێچەوانەمان بە شتێکی ئاسایی و بە مافی هەر تاکێک زانیوە. لە ماوی چەند ساڵی رابردووشدا ئەگەر چی هاتن و پەیوەستبوونەکان، زیاتر لە حدکاوە بۆ نیو حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە، هیچ کات تەبلیغاتمان پیوە نەکردوە. بەڵام هۆی چییە ڕێبەریی لایەنی بەرامبەر کەوتۆتە هەوڵی بەڕێوەبردنی سیناریۆیەک لە دژی حیزبی دیموکراتی کوردستان و زۆرترین تەبلیغاتی پێوە دەکا؟

کاک مستەفا مەولوودی لە وەڵامی ئەو پرسیارە دا ئاماژەی بە نزیکبوونەوەی کۆنگرەی ١٥ حدکا کرد و وتی ڕێبەریی حدکا هەم لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە لە مێژە لە ژێر فشار دایە و هەم لە نێوخۆی حیزبەکەیاندا، رەوتێک دەستی پێکردوە کە داوا دەکا لەم کۆنگرەیەیان دا کۆسپەکانی بەردەم لێکنزیکبوونەوە لە گەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان، لاببەن. دیارە سکرتێر وهێندێک کەسی دیکەیان، لە چەند مانگ لەمەوبەرەوە، وایان دەنواند کە گۆڕان لە بۆچوونیان دا دروست بووە و دەیانەوێ کار بۆ لێکنزیکبوونەوە و یەکبوونەوە بکەن. بەڵام دەرکەوت سیناریۆی ڕاکێشانی چەند کەسێک لە حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ لای خۆیان بە دەستەوەیە و سەرئەنجام کە لەم هەوڵەیان دا کەمترین سەرکەوتنیان وەدەست هێنا، بە زەقکردنەوە و وەڕێخستنی هەراوهوریا بە ناوی «پەیوەستبوونەوەی کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی پێشوومان»، ویستیان خۆڵ لە چاوی خەڵک بکەن و بڵێن ئەوە دیموکراتەکانمان یەک خستەوە و خەڵکی کوردستان وڵامی ئێوەمان دایەوە! جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ڕوو لە بەشدارانی کۆبوونەوە گشتییەکە وتی: نەک ئێوە کە باش دەزانن، شتێک لە حیزبی دیموکراتی کوردستان کەم نەبووە، ئەو خەڵکەش کە لە بە ناو جێژن و مراسمی پەیوەستبوونەوەی لایەنی بەرامبەر دا بەشدار بوون، پێکەنینیان بەم شانۆسازی و بەو گوایە «دەسکەوت و سەرکەوتنەی دەفتەری سیاسیی» خۆیان هاتوە.

بەڕیز مستەفا مەولوودی پاش ئاماژە بەو ڕاستییە کە ئەکتەرانی شانۆسازییەکە هەوڵیان دا لە ناو و ئیمزای ئەندامانی حیزبی ئێمە کە داواکاری جێبەجێبوونی باشتر و خێراتری بڕیارەکانی کۆنگرەی پازدەیەم لە نیوخۆی حیزبەکەیان دابوون، بۆ قازانجی خۆیان کەلک وەربگرن و وەک تەبلیغات لە دژی حیزبی دیموکرات کوردستان بە کاریان بێنن، بەڵام تێکۆشەران و ئەندامانی حیزب،کاتێک زانیان بە ناوی ئەوانەوە ساتوسەودا لە دژی حیزبەکەیان دەکرێ، ئەم هەوڵەیان پووچەڵ کردەوە، هەر بۆیەش ڕێبەریی حدکا لە نمایشدانی ئەو کۆمەڵە خەڵکەی کە گۆیا بەوان پەیوەست بوونەوە، دەستەوەستان و ناهومێد بوون. جێگری سکرتێری گشتی، سوپاسی وشیاری و هەست بەبەرپرسایەتیی کردنی ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی کرد.

وەبیر ڕێبەریی حدکاشی هێنایەوە، ئەم جۆرە سیناریۆ و شانۆسازییانە، نەک هەر ئاواتەکانی خەڵکی کوردستان و دلسۆزان و خوازیارانی لێکنزیکبوونەوەی دێموکراتەکان وەدی ناهێنێت، بەڵکوو بە زیانی رەوتی ڕێزلێکگرتن و لێکنزیکبوونەوە و یەکگرتنە. هەر بۆیە لە سەر سیاسەتی دروست و هەمیشەیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کە پێویستیی دیالۆگ و دانیشتن و ڕێخۆشکردن بۆ پێکەوە کارکردنە، پێی داگرتەوە.

لە درێژەی ئەو باسە دا، بەڕیز مەولووودی بەرپەرچی هێندێک ئیددیعای ڕێبەریی حدکای لە بارەی حیزبی دیموکراتی کوردستان دایەوە و چووە سەر بەراوەردێک لە تێکۆشان وسەرکەوتنەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و لایەنی بەرامبەر. ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب، گەشەکردنی ئەم حیزبە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا ومەوقعییەتی لە نێو هێز و لایەنە کوردستانی ، ئێرانی و جیهانییەکان و حوزووری دیار و بەرچاوی لە هەموو مەیدانەکاندای بە باشترین وڵام بۆ ئەو ئیدیعایانە زانی.

بە دوای قسەکانی جێگری سکرتیری گشتیی حیزب دا، بەشداران لە هاوبەشییەکی چالاکانە و راشکاوانە دا، سەرنج و پێشنیار و تێبینیەکانی خۆیان، خستە ڕوو. ئەوان وێڕای پێداگرتنەوە لە سەر بێ ئاکام بوونی ئەو جۆرە سیناریۆ و شانۆسازییانە، داواکار بوون ڕێبەریی حیزب لە سەر هەڵوێستیی دروست و مەنتیقیی خۆی کە کارکردن بۆ تەبایی و یەکریزییە بەردەوام بێ. لە ناوخۆی حیزبیشدا کاری زیاتر بۆ جێبەجێکردنی بڕیار و ڕاسپاردەکانی هەر دووکۆنگرەی ١٤ و ١٥ بکا. هەر لەو کاتەشدا پشتگەرم بە پشتیوانیی تێکۆشەران و ئەندامانی حیزب، بە کار و تێکۆشانی زیاتر لە هەموو بوار و ئاستێک دا، بەرەوڕووی ئەم جۆرە شانۆسازییانە بێتەوە.

# فێرگەی سیاسی _ نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دووسەدەمین دەورەی خۆی کۆتایی پێ هێنا







سەرلە بەیانیی رۆژی شەممە، ٣ی پووشپەڕ ڕێوڕەسمێک بەبۆنەی بەڕێوەچوونی دووسەدەمین دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە لە یەکێک لە سالۆنەکانی سەر بە دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەڕێوە چوو.

ئەم ڕێوڕەسمە بە بەشداریی تێکۆشەرانی دێرین، ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکانی حیزب بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی رەقیب دەستی پێکرد. پاشان پێشمەرگەکانی بەشداری دەورە نمایشێکیان لە ڕێژە و شەڕی سەرەنەیزە پێشکەشی ئامادە بووانی ڕێوڕەسمەکە کرد.

لەم ڕێوڕەسمەدا بەڕیز عومەر باڵەکی ئەندامی دەفتەری سیاسی، وتاری دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی بەم بۆنەیەوە پێشکەش کرد.

لە وتاری دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتدا وێڕای پیرۆزبایی لە بەڕێوبەران، مامۆستایان، کادر و پێشمەرگەکانی فێرگە و بەشدارانی دەورەی ٢٠٠ ی سەرەتایی پێشمەرگە، هاتبوو کە فێرکردن و بارهێنان وەک بنچینەیەکی گرینگی کاری حیزبێکی سیاسی و شۆڕشگێڕ لە جووڵانەوەدا دەبێ بخرێتە بەرچاو و بایەخی خۆی بدرێتێ.

لە بەشێکی دیکەی وتارەکەی دەفتەری سیاسیدا هاتبوو کە، حیزبی دیموکرات هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە و بەدەرک کردنی ئەو ڕاستیە کە تەنیا ڕێگای رزگاری فێر بوون و خۆ پێگەیاندن لە بوارە جۆراوجۆرەکانی زانستی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی دایە، و بۆ ئەوەش هەر لە سەرەتاوە و لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە قۆڵی هیممەتی لێهەڵماڵیوە. لەو سەردەمەدا جگە لە دانانی قوتابخانە و ناردنی قوتابی بۆ دەرەوەی وڵات تەنانەت خوێندنی ئیجباری کردوە.

لە دێژەی ئەم وتارەدا بە بیرهێنانەوەی وتەیەکی شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو کە، ئەگەر پێشمەرگە بە دەستێک چەکی پێیە، دەبێ بە دەستی دیکەی کتێبی پێ بێ، هاتبوو کە خۆ تەیار کردنی پێشمەرگە بە زانست و وەکوو چەکدار بوون بە چەک و تەقەمەنی پێویستە، و حیزبی دیموکرات لەو بڕوایەدایە کە ئەگەر ڕۆژێک خەباتی چەکداری نەما، خەباتی ڕۆشنبیری و سیاسی هەر دەمێنێ.

لە کۆتایی وتارەکەدا وێڕای باس لە ئاڵۆگۆڕەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕووخانی یەک لەدوای یەکی دیکتاتۆرەکان، هاتبوو کە، دوور نیە کە ئەو گۆڕانانە سیستمی کۆماری ئیسلامییش تێکەوە پیچێ. هەر بۆیە لەم قۆناغەدا ئەرکی زیاترمان دەکەوێتە سەرشان و دەبێ لە بواری فێر بوون و خۆتەیار کردن بە زانستی سەردەم وەدوا نەکەوین.

لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا ڕاپورتێکی گشتی لە لایەن کاک برایم چووکەڵی، بەرپرسی فێرگەی سیاسی_ نیزامی حیزبەوە پێشکەش کرا کە باسی لە چۆنیەتیی دامەزرانی فێرگە و پێویستیی دامەزرانی فێرگە لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا و هەروەها ڕۆڵی فێرگە لە پەروەردە کردنی پێشمەرگەدا دەکرد.

لەم ڕێوڕەسمەدا پەیامی ئامووزشیی فێرگە لە لایەن تاهیر خانە پێشمەرگەی فێرگە و پەیامی بەشدار بووانی فێرگە لە لایەن ئەشکان دلایی میلانی، خوێندرایەوە و خەڵاتی پێشمەرگە سەرکەوتوەکانیش لە لایەن هاوڕێیان مەولوود عەزیزی و سۆران نووریەوە پێشکەش کران.

شایانی باسە کە نێو ئاخنی ڕێوڕەسمەکە بە شیعری پێشمەرگەی شاعیر ڕەسووڵ سوڵتانی و هەروەها گۆرانیی بەشداربووانی فێرگەوە رازاێندرایەوە و لە کۆتاییشدا ڕێوڕەسمەکە بە گۆرانی و شایی و هەڵپەڕکیی بەشدار بووان کۆتایی پێ هات.

# وتاری دەفتەری سیاسی بە بۆنەی کۆتایی هاتنی دووسەدەمین دەورەی سەرەتایی فێرگەی سیاسی _ نیزامی

## لەلایەن بەڕێز عومەر باڵەکی‌یەوە پێشکەش کراوە



**ئەندامانی بەڕێوەبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

**کادرو پێشمەرگە خۆشەویستەکان!**

**بەشداربووانی جێژنی کۆتایی هاتنی دەورەی ٢٠٠ی سەرەتایی پێشمەرگە!**

لێرە کۆ بووینەوە بۆ بەشداری لە جێژنی کۆتایی هاتنی دەورەی ٢٠٠ی فێرگەی سیاسی ـ نیزامی، بەم بۆنەیەوە ئیزن دەخوازم لەلایەن دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لە بەڕێوەبەران، مامۆستایان، کادرو پێشمەرگەکانی فێرگە بکەم کە بە هەوڵ و تێکۆشانی ئەوان فێرگەی سیاسی ـ نیزامی توانیویەتی هەتا ئێستا ٢٠٠ دەورەی سەرەتایی پێشمەرگایەتی تێپەڕێنێ. هەر لێرەدا جێی خۆیەتی پیرۆزباییەکی گەرم بکەم لە بەشدارانی دەورەی ٢٠٠ کە توانیویانە دەورەکە بە سەرکەوتوویی تێپەڕ بکەن و شانازیی ئەوە بە نەسیبی خۆیان بکەن بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی بپۆشن. بەو هیوایە کە فێرگە وەک ئۆرگانێکی ئامووزشی لە کارو تێکۆشانی خۆیدا هەروا بەردەوام و چالاک بێ و بەشدارانی دەورەی دووسەدیش لەش ساغ و تەندرووست و پێشمەرگەی دڵسۆزو غەمخۆری حیزب و خەڵکی کوردستان بن و ئەوەی لەو ماوەیەدا کە لە فێرگە فێری بوون لە مەیدانی عەمەل و کردەوەدا بە باشی بەڕێوەی بەرن٪

**خۆشەویستان!**

فێرکردن و بارهێنان وەک بنچینەیەکی گرینگی کاری حیزبێکی سیاسی و شۆڕشگێڕ لە جووڵانەوەدا، دەبێ بخرێتە بەرچاو و بایەخی خۆی پێ بدرێ و بە دائیم لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی لەسەر بکرێ بۆ ئەوەی ڕۆژ بە ڕۆژ گەشەی زیاتر بکاو لەگەڵ هەل و مەرج و نیازی سەردەم بگونجێ، باش لەو ڕاستیە بە ئاگاین کە فێر بوون و فێرکردن پێویستیی هەرە ئەساسیی ژیانی مرۆڤن. هەموو تاکێک لە هەموو قۆناغەکانی ژیان و پێشکەوتنی بەردەوامی کۆمەڵ پێویستی بە فێربوون هەیەو لە ڕێگای فێربوونەوەیە کە دەتوانێ بەسەر تەنگ و چەڵەمەکانی ژیاندا سەرکەوێ و لە هەمان حاڵدا بناخەی ژیانێکی باش بۆ داهاتوو دابڕێژرێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوەو بە دەرەک کردنی ئەو ڕاستیە کە تەنیا ڕێگای ڕزگاری فێربوون و خۆ پێ گەیاندن لە بوارە جۆراوجۆرەکانی زانستی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی دایە، قۆڵی هیممەتی هەڵماڵیوەو فێرکردن و بارهێنانی کردۆتە ئامانجێکی سەرەکی. بۆ وێنە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا قوتابخانەی دامەزراندوە و بە مەبەستی خوێندن و کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامیەوە لە نیزیک بە تەواوی ئەو ناوچانەی کە لە ژێر دەسەلاتی هێزی پێشمەرگەدابوون، قوتابخانە کراوە بوون و مامۆستای شۆڕش دەرسیان تێدا دەگوتەوەو تەنانەت حیزب کتێبی دەرسی بە زمانی کوردی بۆ منداڵان و گەورە ساڵان ئامادەء بڵاو کردەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو فێربوون و بارهێنانەی لەنێو کادرو پێشمەرگەش دا بەڕێوە بردوەو ڕێبەرایەتی حیزب بە چاوێکی پڕبایەخ روانیویەتە فێربوون و بارهێنان و گرینگیی خۆی پێ داوە.

د. قاسملووی شەهید لەو بارەوە دەڵێ:

«ئەگەر پێشمەرگە بە دەستێک چەکی پێیە، دەبێ بە دەستی دیکەی کتێبی پێ بێ.»

واتە خۆ تەیار کردنی پێشمەرگە بە زانست وەک چەکدار بوون بە چەک و تەقەمەنی بە پێویست دەزانێ و لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە ئەگەر ڕۆژێک خەباتی چەکداری نەما، خەباتی ڕۆشنبیری و سیاسی هەر دەمێنێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ئێمەی لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆ کردۆتەوە بۆ درێژەدانی سەرکەوتووانەی خەبات لە هەر قۆناغێک دا پێویستی بە پشتیوانی خەڵک هەیەو بۆ وەدەست هێنانی ئەو پشتیوانیە، پێویستی بە ئاڵقەی پێوەندی هەیە کە کادرکان، پێشمەرگەکان و ئەندامانی حیزب ئەو ئاڵقەی پێوەندییەی نێوان خەڵک و حیزبن. هەر بۆیە هەتا ئەو جێگایەی ئیمکانی هەیە کادر و پێشمەرگەو ئەندامانی حیزب دەبێ لە بردنە سەری ڕادەی زانیاریی خۆیان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا تێبکۆشن، بە هەر ڕادەیەک بتوانرێ زانیاریی خۆمان بەرینە سەرێ، بەو ڕادەیەش دەتوانین لە ڕاپەڕاندنی ئەرک و وەزیفەی حیزب دا چالاک و هەڵسووڕ بین.

جا بۆ باشتر بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکە، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گەرمەی شەڕی داسەپاوی کوردستاندا و لە کاتێک دا کە پۆل پۆل گەنج و لاوی کوردستان ڕوویان لە حیزب دەکردو چەکی دیفاع و بەربەرەکانیان بە دژی پاسدارانی کۆنەپەرستی لەشان دەکرد بە بریاری دەفتەری سیاسی لە ساڵی ١٣٦١ ئۆرگانێک بە ناوی کومیسیۆنی پێشمەرگەپێک هات کە ئەو کومیسیۆنە بەشێکی بۆ ئامووزش دانی پێشمەرگە لە ژێر ناوی زانکۆ دامەزراند کە لە ساڵی ١٣٦٢ دوای کۆنگرەی شەش ناوی ئەو ناوەندەی فێرکردن لە زانکۆڕا بووە فێرگەی سیاسی ـ نیزامی . لەو کاتەوە هەتا ئێستا فێرگەی سیاسی ـ نیزامی توانیویەتی ٢٠٠ دەورەی سەرەتایی فێربوون بۆ لاوانی تازەهاتوو بۆ ڕیزی پێشمەرگایەتی بەڕێوە بەرێ. لێرەدا پێویست بە وەبیر هێنانەوەیە کە فێرگە تەنیا ئەرکی بەڕێوەبردنی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگایەتی نەبووە، بەڵکە بە پێی قۆناغە جیاجیاکانی خەبات و پێویستیی حیزب، بە دەیان دەورەی جۆراوجۆری فەرماندەهی و مودیرییەتی و هونەریی بەڕێوەبردوە.

ئەو بەردەوامیە لە کارو تێکۆشاندا بە درێژایی نزیک بە ٣٠ ساڵ نیشانەی زیندوو بوون و چالاکیی فێرگەی سیاسی ـ نیزامی¬یە لە بەڕێوەبردن و ڕاپەڕاندنی ئەرک و وەزیفەی پێ ئەسپێردراوی کە لەلایەن ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە خستراوەتە سەر شانی کە جێگای ڕێزو تەقدیرو پێزانینە.

**بەڕێزان!**

**پێشمەرگە خۆشەویستەکان!**

**هاوڕێیانی بەڕێز!**

ناوچەیەک کە ئێمە تێیدا دەژین لە ماوەی یەک دوو ساڵی ڕابردوودا شاهیدی گۆڕانی بەربەرین بووە کە تێیدا چەندین دەسەڵاتدارو سیستمی حکوومەتی لەلایەن خەڵکەوە ڕووخێندراونء هەروەها ئێستاش ئەو شەپۆلە گۆڕانخوازیە هەر بەردەوامەو هیچ دوور نییە کە ئەو سیستمی دەسەڵاتداریتی ئێرانیش بگرێتەوەو تۆماری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تێکەوە پێچێ.

بە هەڵسەنگاندنی هەلومەرجەکەو هەستیاربوونی قۆناغەکە ئەرکی زیاترمان دەکەوێتە سەرشان بە تایبەت لە بواری فێربوون و خۆتەیار کردن بە زانستی سەردەم و ئەگەر وانەکەین زیانێکی قەرەبوو نەکراومان وێ دەکەوێ، چونکە هەروەکی لە پێشدا باس کرا ڕەوتی ڕووداوەکان و خێرایی پێشکەوتنی سەنعەت و تێکنۆلۆژی کە زۆرجاران شان بە شانی یەکتر دەچنە پێشێ کە ئەگەر ئێمە لەگەڵ ئەو خێراییە خۆ نەگونجێنین هیچ دوور نیە لە کاروانی زانست و پێشکەوتن دوانەکەوین.

لە کۆتاییدا ڕێگام بدەن لەلایەن دەفتەری سیاسی و سەرجەم ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، پێزانین و قەدرزانی و سوپاسی خۆم پێشکەشی ئەو بەڕێوەبەرو مامۆستاو فێرکارانە بکەم کە لە ماوەی زیاتر لە سێ دەیەو سەدان دەورەی جۆراوجۆردا، فێرگەی سیاسیی ـ نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان، بەردەوام ڕاگرتوە، بە تایبەتی ئەو بەشە لە هاوڕێیان کە لە ژیان دا نەماون و گیانیان لە ڕەوتی خەبات و تێکۆشان دا، لەدەست داوە.

هیوام وایە هەمووی ئێمە بە فێرگەی سیاسی ـ نیزامیشەوە بە زوویی خۆمان بۆ قۆناغێکی نوێی خەبات، قۆناغی ڕاماڵینی ستەم و دیکتاتۆری و پێگەیاندنی تێکۆشەران بۆ ئەم قۆناغە ئامادە بکەین.

جارێکی دیکە پیرۆزبایی تەواوبوونی دووسەدەمین دەورەی سەرەتایی پێشمەرگەتان لێ دەکەم.

# حەسرەتی ئاخێک لەسەر دڵی دوژمن بهێڵنەوە



ڕەحمان سەلیمی

و: مەسعوود ڕەواندوست

«ئێران لە گەمارۆدا گەشەی کردوە. چەندی گەمارۆکان لەسەر وڵاتەکەمان زیاتر بێ، یەکگرتوویی، یەکیەتی و گەشەی وڵاتەکەمان زیاتر دەبێ».

ئەمانە قسەکانی وتارخوێنی کاتیی هەینیی تاران لە ڕۆژی ٩ی پووشپەڕی ئەمساڵ بوون کە لە وتاری نوێژی هەینی‌دا هێنانیەگۆڕێ.

کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە لەگەڵ قەیرانی جۆراوجۆر بەرەوڕوو بووە. قەیرانگەلێک کە زیاتر بواری ژیان و گوزەران و ئەمنییەتی ئابووریی بەشێکی بەرچاو لە خەڵکیان کردۆتە ئامانج، بەجۆرێک کە هەنگاوەکانی چوونەدەر لەم قەیرانانە لە پێناو بەرژەوەندیی هاووڵاتیان نەبوون بەڵکوو بە پێچەوانەوە بە ئاراستەی پاراستنی سیستمی سیاسیی زاڵدا هەڵگیراون. بڕیاردان لەسەر چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم قەیرانانە لە دەستی تاقمێک لە چینی دەسەڵاتداردایە کە پێک هاتوون لە مەلا باوەڕمەندەکان بە ویلایەت، بوروکراتە مەکتەبییەکان، چینی نیزامی ئەمنییەتیی دەست ڕۆیشتوو و چەند چینێک لە سەرمایەدارییەک کە پێوەندییەکی لەمێژینەیان لەگەڵ مەلاکان هەیە.


لەوانەیە لە ماوەی سێ دەیە لە تەمەنی کۆماری ئیسلامی‌دا خەڵکی ئێران تا ئەم ڕادەیە لەژێر گوشاری ئابووری ـ ڕەوانی‌دا نەبووبن. هەژاری، بێکاری، گرانیی لەڕادەبەدەری شتومەکەکان، دابەزینی نرخی پووڵی میللی و ... لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی کۆمەڵگای ئێستای ئێرانن. هەموو ڕۆژێ ژمارەی حەشیمەتی چینی هەژار زیاد دەکا، توانای کڕینی خەڵک کەم دەبێتەوە، بەرهەمهێنانی نێوخۆیی گوشاری زیاتری دەکەوێتە سەر و بە گشتی خەڵک ئابووریی خۆیان لە هەموو ئابوورییەکانی جیهان لاوازتر دەبیننەوە.

زۆر هۆکار لە خراپیی باری ئابووریی ئەم دواییانەی ئێراندا دەور دەگێڕن کە هەمووی ئەم هۆکارانە بەجۆرێک دەگەڕێنەوە بۆ سیاسەتە نادروست و پڕگێچەڵەکانی ڕێژیمی ئیسلامی لە یەکەم ڕۆژەکانی دوای دەست داگرتن بەسەر شۆڕشی ٥٧دا. بەڵام بە گشتی دەکرێ ئاماژە بەم هۆکارانە بکەین:

١- گەمارۆ ئابوورییەکانی ئامریکا، یەکیەتیی ئورووپا و هێندێک لە وڵاتە ئاسیاییەکان چەندین ساڵە لە دژی ئێران بەڕێوەدەچن، بەڵام لەم ساڵانەی دوایی‌دا و بە تایبەت لەم دواییانەدا بە شێوەیەکی هاوئاهەنگتر و ڕێکخراوتر لە دژی بنیاتە هەستیارە ماڵی و ئابوورییەکان بەڕێوەدەچن. ئەم زنجیرە گەمارۆیانە کە گەمارۆی فرۆشتنی نەوتی ئێران لە لایەن وڵاتانی ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا، گەمارۆی بیمەی پاپۆرە نەوتهەڵگرە ئێرانییەکان لە ئاوە ئازادەکان، گەمارۆی سەرمایەدانان لە پیشەسازیی نەوت و گاز و ... لەخۆ دەگرێ، کاریگەریی ڕووخێنەریان لەسەر جەستەی ئابووریی ئێران هەبووە. بە تایبەت بەڕێوەبردنی گەمارۆ لەسەر کڕینی نەوتی ئێران لە لایەن یەکیەتیی ئورووپاوە کە لە چەند ڕۆژی ڕابردووەوە دەستی پێکردوە ئاستی فرۆشتنی نەوتی ئێرانیان کە بە یەکێک لە کۆڵەکەکانی بودجەی گشتی دێتە ئەژمار تا ڕادەیەکی بەرچاو کەم کردۆتەوە و داهاتە نەوتییەکانی ئێرانی بە ئاستێکی زۆر نزم گەیاندوە. یەکیەتیی ئورووپا کڕیاری نزیک بە ٢٠ لەسەدی نەوتی خاوی هەناردەی ئێرانە (واتە نزیک نە ٥٠٠هەزار بۆشکە لە ڕۆژدا) و یونان و ئیتالیاش سەرەکیترین کڕیارانی نەوتی خاوی ئێران لە ئورووپا بوون. ئێران هیوادارببوو بە دەست پێکردنی گەمارۆکانی یەکیەتیی ئورووپا و قەدەغەکردنی کڕینی نەوتی ئەم وڵاتە، نرخی نەوت بەرز بێتەوە، بەڵام بە پێچەوانەی پێشبینییەکانی ئێران، نەک نرخی نەوت زیادی نەکرد بەڵکوو ڕەوتی دابەزینی نرخی نەوت بەردەوامە و نەوتی ئۆپێک گەیشتۆتە سنووری ٩٠ دۆلار بۆ هەر بۆشکەیەک و ئەم وڵاتە داوای کۆبوونەوەی بە پەلەی لە ئۆپێک کردوە.

٢- گەندەڵیی بەربڵاوی ئیداری و ئیختلاسە میلیاردییەکانی بەرپرسانی بەرزی نیزام کە لەم ساڵانەی دوایی‌دا بۆتە باسی گەرمی ڕاگەیەنەکان و کەم بوونەوەی بێ متمانەیی خەڵک بە بانکەکان و بنیاتە ماڵییە حکوومەتییەکان و ئەسپاردنی پووڵی خەڵک بە بانکەکانی بە کەمترین ڕادەی خۆی لەم ساڵانەی دوایی‌دا گەیاندوە. بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی «شفافیت جهانی» ئێران یەکێک لە گەندەڵترین وڵاتانی جیهانە. بە پێی ئەم ڕاپۆرتە کە لە مانگەکانی کۆتایی ساڵی ٢٠١٠ی زایینی بڵاوبۆوە، ئێران لەباری بەرتیل و گەندەڵی یەکێک لە گەندەڵترین وڵاتەکانی دنیایە و لەباری گەندەڵیی ماڵییەوە لە نێوان ١٧٨ وڵاتی دنیا، لە پلەی ١٤٦مین وڵاتدایە. ئێران لەم پلەیەدا لەگەڵ چەند وڵاتی دیکە واتە کامێرۆن، ساحیلی عاج، لیبی، نێپاڵ، پاراگوئێ، هاییتی و یەمەن هاوبەشە.

٣- بە پێچەوانەی ناودێرکردنی ساڵی ٩١ بە ساڵی پشتیوانی لە بەرهەمی نەتەوەیی لە لایەن عەلی خامنەیی ڕێبەری ئایینیی نیزامەوە، ئێران بە یەکێک لە گەورەترین هاوردەکارانی خواردەمەنی دێتە ئەژمار. پێگەی ئینتێرنێتیی «قانون» ڕایگەیاندوە کە هەر ئێستا بەرهەمە کشتوکاڵییەکان گرنگترین بەشی هاوردەی ئێران پێک دێنن و ئێران بۆتە یەکێک لە گەورەترین هاوردەکارانی میوە و خواردەمەنی. بە پێی ئەم ڕاپۆرتە، ئامارەکانی گومرگی ئێران دەری دەخەن کە لە ماوەی دوو مانگی یەکەمی ساڵی ٩١دا بەرچاوترین شتومەکە هاوردەکراوەکانی ئێران بریتی بوون لە بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و خواردەمەنییەکان. ڕاپۆرتی سایتی «قانون» بایەخ نەدان بە کەرتی کشتوکاڵ و هەروەها هاوردەکردنی خواردەمەنیی لە دەرەوەڕا بە هۆکاری لەنێوچوونی کشتوکاڵی ئێران زانیوە. زۆربەی کارناسان دەوڵەت بەوە تاوانبار دەکەن کە بە هاوردەی لەڕادەبەدەری خواردەمەنی و شتومەکە مەسرەفییەکان زەبرێکی بەهێزی لە بەرهەمهێنانی نێوخۆیی داوە و بۆتە هۆی لەدەستچوونی هەزاران دەرفەتی کار.



٤- یەکێکی دیکە لە سیاسەتە ئابوورییەکانی دەوڵەت کە زەبری کاریگەر و قەرەبوونەکراوی لە بواری بژیوی چینی کەم داهاتی ئێران داوە قانوونی ئامانجدارکردنی یارانەکانە. ئەگەرچی بەڕێوەبردنی فازی دووەمی ئەم قانوونە هەڵپەساردراوە، بەڵام

ل ١٠



کوردستان و کورد
www.kurdistanukurd.com
ناوەندی هەواڵی کوردستان و کورد
بۆ گەیاندنی هەواڵەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## ڕاپۆرتی وەرزانەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان بە هۆی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە

### (کوژران، برینداربوون و گیران و خرانە بەندیخانەی ١٣٢ کەس لە ماوەی سێ مانگی بەهاری ئەو ساڵدا)



سەرکوت و کوشتوبڕی خەڵکی بێتاوانی کورد و، گرتن و ڕاوەدوونانی چالاکانی سیاسی و مەدەنی و کپکردنی دەنگی ئازاد و سەربەخۆ لە کوردستان بە هۆی دەزگا ئەمنییەتی و نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی هەروا درێژەی هەیە.

دەزگا ئەمنییەتی و هێزە نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بە هاوکاریی یەکتر و وێڕای دەزگای قەزایی ئەم ڕێژیمە لە سەرەتای ئەو ساڵەوە تا ئێستا بوونەتە هۆی گیان لە دەستدان و برینداربوونی ٣٥ کەس لە کوردستان و هەروەها خرانە زیندان و سزادانی ٩٥ کەس و؛ لە سەپاندن و جێبەجێ کردنی حوکمی ئێعدامی چالاکانی سیاسیی کورد لە کوردستان بەردەوام بوون.

لە ماوەی سێ مانگی بەهاری ئەم ساڵدا لانیکەم ٢٢ کەس لە کوردستان بە دەستی هێزە ئەمنییەتی و ئینتیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی کوژران کە ٩ کەسیان کۆڵبەران و کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بوون و بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی کوژراون. دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا دوو چالاکی سیاسیی کوردی لەژێر ناو و بە پاساوی قاچاغچی بوونی ئەو دوو کەسە لە دار داوە و شەش زیندانیی سیاسیش لە ماوەی سێ مانگی بەهاری ئەوساڵدا بەهۆی پێڕانەگەیشتنی پزیشکی و خراپبوونی باری سڵامەتی و تەندروستییان لە زیندانەکاندا گیانیان لە دەست داوە.

هەر لە ئاکامی کەمیندا نانەوە و تەقە کردن لە کاسبکاران و کۆڵبەرانی ناوچە سنورییەکانی کوردستان کە بە هۆی بێکاری و بێ دەرەتانی بە کاری کۆلکێشی نان و بژیوی ڕۆژانەی خۆیان پەیدا دەکەن، ١٣ کەس بریندار بوون. تەقینەوەی مین لە کوردستان دیسانەکەش ڕووداوی دڵتەزێنی لێ کەوتەوە و لە یەکەم مانگی بەهاردا دوو منداڵی ٧ ساڵە و ٨ ساڵە بە هۆی تەقینەوەی مین بە توندی بریندار بوون و دەست و لاقیان لە دەست دا.

ناوەندە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لە ماوەی ئەو سێ مانگەی سەرەتای ساڵدا لانیکەم ٥١ کەس لە خەڵکی مەدەنی و چالاکان و لاوانی هەڵسووڕی کوردیان بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی و ئەمنییەتی دژی کۆماری ئیسلامی قۆڵبەست کردوە. بەشێک لەو کەسانە دوای لێپێچینەوە و دادگایی کرانیان بە شێوەی کاتی و بە بارمتە ئازاد کراون و دەزگای قەزاییش لەو سێ مانگەدا لانیکەم ٤٤ کەس لە گیراوان و چالاکانی سیاسیی کوردی دادگایی کردوە و سزای لە ٥ مانگ و یەک ساڵ و دوو ساڵ را بگرە تا ٣٠ ساڵ زیندانی بە سەریاندا سەپاندوە و ٣ کەس لەوانی مەحکووم بە ئێعدام کردوە.

شایانی باسە کە ئەو ئامارە بەپێی ئەو هەواڵ و زانیارییانە بڵاو بوونەتەوە کە بە هەواڵدەریی کوردستان و کورد گەیشتوون یان لە میدیا و لەلایەن ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە بڵاو بوونەتەوەو؛ بەو پێیەش کە کۆماری ئیسلامی کەشی سەرکوت و بێدەنگە کردنی بە سەر کوردستاندا سەپاندوە، بە دڵنیاییەوە ئاماری پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان زۆر لەوە زیاترە کە لەو ڕاپۆرتەدا و لەو خشتەیەی خوارەوەدا هاتوە.

خشتەی وردەکاریی زیاتری لە بارەی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە ماوەی سێ مانگی بەهاردا لە سایتی کوردستان و کورددا:

http://www.kurdistanukurd.com/ku/hewal_dreja.php?id=1226



# پارادۆکسی دانوستانە ناوکییەکانی ئێران و ڕۆژئاوا

ئەیوب شەهابی راد

و: سیروان مووساپوور


کەشی تا ڕادەیەک ئارامی زاڵ بەسەر وتووێژەکانی ئەم دواییانەی گرووپی (١+٥) و ئێران لەسەر بەرنامە ناوکییەکانی ئەم وڵاتە و درێژبوونەوەی وتووێژەکان، لە ڕوانینی یەکەمدا دەربڕی جۆرێک لە ڕازیبوونی لایەنەکان و لانیکەم لە درێژەدانی ئەم وتووێژانەیە و لە ڕوانینێکی دیکەدا دەرخەری بنبەستێکی بڕاوەیە کە لە ڕواڵەتدا هیچ یەک لە لایەنەکان نە لە وەها دەرەنجامێک ڕازین و نە بەدواهاتە ئاڵۆز و گرژی خوڵقێنەکانی دڵخۆشن.

بە ڕواڵەت ئەمجارە ڕۆژئاوا و بە تایبەت وڵاتانی گرووپی (١+٥) بە ڕوانگە و ڕوانینێکی دروست و بەجێتر لە پێناو چارەسەری کۆتایی قەیرانی ناوکی کۆماری ئیسلامی ئامادەی خولی نوێی وتوێژەکان بوون. لە هەمان کاتدا ڕێژیمیش بە تێگەیشتن لە ڕوانگەی نوێی ڕۆژئاوا لە بەرامبەر بەرنامە ناوکییەکەی و هەروەها دنیایەک کێشە و گرفتی نێوخۆیی و دەرەکی کە بەشێکیان لە فشاری گەمارۆ نێونەتەوەییەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە، پێشوازیی لە وتووێژەکان کرد. لەم نێوەدا لە لایەک گەمارۆ ئابوورییەکان، گوشارە دیپلۆماتیکەکان و هەڕەشە سەربازییەکانی ڕۆژئاوا بە دژی ڕێژیمی ئێران و لە لایەکی دیکەشەوە گرووپی (١+٥) بە هاتنەخوار لە هەڵوێستەکانی پێشوویان لە بەرامبەر بەرنامە ناوکییەکانی کۆماری ئیسلامی، بەستێنێکی لەبار خوڵقا بۆ ئەوەی لە ڕێگەی گوشار یان هاندان ڕێژیم ناچار بە گۆڕینی ڕوانگەکانی پێشووی خۆی و هەروەها قبووڵکردنی پەسندکراوەکانی شووڕای حوککامی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی و پێشنیارەکانی ڕۆژئاوا بکەن.

هەرچەند لە ڕواڵەتدا بە هۆی بێمتمانەیی لایەنە وتووێژکارەکان و هەروەها بارستایی زۆری وردەکارییەکان و فرەیی لایەنە تەکنیکییەکانی وتووێژەکان، هەر دوو خولی وتووێژەکان لە ئیستانبوڵ و بەغدا بێئاکام بوون بەڵام بە شرۆڤەکردنی هەمەلایەنەی ڕەوتی دانوستانەکان هەتا ئێستا و ئامانج و کۆسپە واقعییەکانی لایەنەکانی بەشدار، دەبێ ئاماژە بە چەند بابەتێکی سەرەکی بکرێ.

ڕوانگەی یەکەم: بەرەوپێشبردنی وتووێژەکان لەهەر باروودۆخێکدا و هۆکارەکانی گرتنەپێشی وەها سیاسەتێک.

بێگومان ڕوانینی نوێ و هەڵسوکەوتی ڕۆژئاوا لە بەرامبەر بەرنامەی ناوکیی ئێران دەرکەوتەی کۆمەڵێک لە هۆکار و لەمپەڕەکانی بەردەم ئەمریکا و هاوپەیمانانییەتی کە بریتین لە: قەیرانی ئابووری جیهان کە زیاتر لە هەموان بەرۆکی ئەمریکا و ئورووپای گرتۆتەوە و هەروەها فشاری بیروڕای نێوخۆیی ئەم وڵاتانە کە لە بێتوانایی دەوڵەتەکانیان لە بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵی قەیرانە هەنوکەییەکان سەرچاوەی گرتوە. ناهاوئاهەنگی و ناکۆکی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لەگەڵ زلهێزەکانی دیکەی جیهان بۆ نموونە ڕووسیا و چین لەسەر جۆری هەڵسوکەوت و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشە ناوچەییەکان و مەسەلەی ناوکیی ئێران. گرژی و ئاڵۆزییە پەرەگرتووەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە هەم خاوەنی توانایییەکی شاراوەی زۆر لە بواری دروستکردنی شەڕ و ئاژاوە لە ناوچە دایە و هەم وەک کۆسپی سەرڕێی دەرکردنی هەر چەشنە بڕیاردانێکی لێبڕاوانە بۆ چارەسەرکردن یان ڕووبەڕووبوونەوەیەکی جیددی لەگەڵ بەرنامەی ناوکیی ئێران دێنە ئەژمار. ئێستا کۆی ئەم فاکتەرانە و هۆکارە لاوکییەکانی دیکە خۆی لە دوو ڕەهەند واتە نەرمی نواندنی هەرچی زیاتری ڕۆژئاوا لە بەرامبەر ئێران و درێژەدانی ڕەوتی وتووێژەکان یان بێتوانایی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە دیاریکردنی ستراتیژی ڕوون و کاریگەر بە تایبەت سەبارەت بە دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران، دەرخستووە.



ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەم وەک حکوومەتێک کە خاوەنی هیچ چەشنە مەشروعییەتێکی ئەوتۆی نێوخۆیی و دەرەکی نییە و هەم بە دنیایەک کێشە و گرفتی جۆراوجۆر کە بەرهەمی دەسەڵاتی سەرەڕۆیانە و نابەرپرسانەی خۆی و تا ڕادەیەک گوشار و گەمارۆ نێونەتەوەییەکانە، زیاتر لە هەموو لایەک خوازیاری دەسپێکردنەوە و درێژەدانی وتووێژەکانە.

ڕوانگەی دووەم: ئامانجە ڕاستەقینەکانی لایەنەکانی بەشدار لە وتووێژەکان

ئەگەر لە ڕەهەندی ستراتیژیکەوە لە ئامانج و سیاسەتەکانی ڕۆژئاوا بە تایبەت ئەمریکا لە بەرامبەر ناوچە و بە تایبەت ئێران بڕوانین، بێشک قبووڵکردنی سیستمێک کە بەردەوام مایەی گرژی و لاوازکردنی ئاسایشی بەرژەوەندییەکانی ئەوان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دایە، بە هیچ جۆرێک مەیسەر نابێ. ئێستا کە ئەو سیستمە دەسەڵاتدارێتییە لە هەوڵی ئەوەدایە کە دەستی بە چەکە ناوکییەکانیش ڕابگا، بە ئاڵۆزترکردنی کێشەکان هۆیەکانی پێکدادانی زیاتری بەرژەوەندییەکان و گرژیی نێوان وڵاتانی ناوچەکە و ڕۆژئاوا دابین دەکرێ. هەرچەند لە وەها هاوکێشەیەک دا هێزە ناوچەییەکانی وەک ڕووسیا، چین و تورکیا زۆرترین سوودیان وەرگرتوە. بەم حاڵەش ئاشکرایە کە ڕۆژئاوا لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕێژیمی ئێراندا، ئەگەر نەڵێین کە لە هەوڵی وەلانان و لەسەرکار لابردنی وەها ڕێژیمێک دایە بەڵام بێگومان ئەگەر کۆماری ئیسلامی سیاسەتەکانی لە ڕاستای بەرژەوەندییەکانی زلهێزەکانی جیهاندا هاوئاهەنگ نەکا، لەم حاڵەتەدا یەکێک لە ئەولەوییاتەکانی ئەم زلهێزانە، دەرکردنی ستراتژی ڕووخاندن دەبێ. کەوایە هەرچەند لە قۆناغی هەنووکەییدا بەرنامە ناوکییەکانی ئێران وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر بەرژەوەندییە ناوچەیی و جیهانییەکانی ڕۆژئاوا دێتە ئەژمار، بەڵام ناکۆکی و گرژیی نێوان ڕۆژئاوا و ڕێژیمی ئێران گەورەتر لەو بابەتانەیە و لەڕاستیدا بۆ پێکهاتە و بنەماکانی ئەم سیستەمە و سیاسەت و ئامانجەکانی دەگەڕێتەوە کە لە ماوەی سێ دەیەی دواییدا بەردەوام بە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەوان کاری کردووە. بەڵام نابێ ئەم خاڵە لەبیر بکرێ کە ماف و بەرژەوەندییەکانی نەتەوەکانی ئێران لەم هاوکێشانەدا نە تەنیا بەردەوام قوربانیی هەڵسوکەوتە بەرژەوەندیخوازانەکانی ئەم وڵاتانە بووە، بەڵکوو هیچکات لە ئەولەوییاتی سیاسەتەکانی ئەواندا جێی نەگرتووە.

لە لایەکەی دیکەی ئەم هاوکێشەیە، ڕەوشی قەیراناوی ڕێژیم لەوانەیە تا ڕادەیەک پاساودەری سیاسەتە چەند لایەنە و ناڕوونەکانی لە بەرامبەر بەرنامە ناوکییەکان دابێ. زۆربوونی گرفت و قەیرانە نێوخۆییەکان، پێویستی بە بزوێنەرێکی بەلاڕێدابەر لەم کێشە نێوخۆییانە و کورتکردنەوەی تەواوی ئەم کێشانە لە چوارچێوەی گرژییە دەرەکییەکان و وێناکردنیان لە چوارچێوەی «بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان»دا، تەنیا هیوای ڕێژیمە بۆ ڕزگاربوون و لانیکەم بەدەسهێنانی مەشروعییەتێکی ڕێژەیی لە نێوخۆدا و خاترجەم کردنی ڕۆژئاواییەکانە لە بەرنامەی ناوکی و سیاسەتە دەرەکییەکانی.

بێشک هەر چەشنە سازان و ڕێککەوتنێکی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لەگەڵ ڕێژیمێک کە سیاسەتی گرژی خوڵقێنی، ئاژاوەنانەوە و نهێنیکاری بۆتە بەشێک لە هەبوون و پێکهاتەکەی، نە تەنیا ریسک کردنێکی گەورەیە بەڵکوو هیچ پشتیوانییەکی لە لایەن نەتەوەکانی ئێرانەوە بەدواوە نابێ. کەوایە تەنیا بژێرەیەک کە هەم ڕەوایی و پشتیوانییەکی جیهانی لێ بکەوێتەوە و هەم تا ڕادەیەکی زۆر لە گرژی و نیگەرانییەکانی ناوچەکەش کەم دەکاتەوە، پشتیوانیی هەمەلایەنە لە بزووتنەوەی جەماوەری لەنێوخۆی ئێرانە کە کۆتایی بەخشی گشت بنبەستە هەنووکەییەکان دەبێ.

# دێموکڕاسی بە کورتی و پوختی

## (نامیلکەیەکی بەڕێوەبەریی زانیاریە نێونەتەوەییەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا)

وەرگێڕان لە فارسییەوە: عەلی بداغی

( بەشی دووهەم)

**مافە بنەڕەتییەکان**

پێوەندیی نێوان دەسەڵات و هاووڵاتی لە پێویستییەکانی حکوومەتێکی دێموکرات و خەڵک سەروەرە. بەپێی جارنامەی سەربەخۆیی ئەمریکا کە ساڵی ۱۷۷٦ و لە لایەن توماس جێفرسۆنەوە نووسرا، هاتوە:

(( ئێمە ئەو راستییانە بە سەرەتاییترین بابەت وەردەگرین کە هەموو مرۆڤەکان ئازاد و یەکسان لە دایک بوون و لەلایەن خوڵقێنەریانەوە کۆمەڵە مافێکی حاشاهەڵنەگریان پێ دراوە کە ژین، ئازادی و پێوشوێن کەوتنی بەختەوەرییان بەشێک لەو مافانەن. هەر بۆیە و بە مەبەستی پاراستنی ئەو مافانەیە کە حکوومەتەکان لە نێو خەڵکدا دروست دەبن و دەسەڵاتە یاساییەکانی خۆیان لەو خەڵکە وەردەگرن کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەواندا دەژین.))

ئەو مافە بنەڕەتییانە لە حکوومەتە خەڵک سەروەرەکاندا بە واتایەکی وردتر بریتین لە ئازادیی رادەربڕین، ئازادیی ئایین و ویژدان، ئازادیی کۆڕ و کۆبوونەوە، پێکهێنان و مافی داکۆکیی یەکسان لە بەرامبەر یاسادا. ئەوانەی باس کران هیچ بە مانای پانتایی بەرفراوانی ئەو مافانە نییە کە هاووڵاتیان لە حکوومەتێکی خەڵک سەروەردا ئەشێ هەیان بێ، بەڵام ئەو بەشە لە مافە بنەڕەتی و نەگۆڕانەی لە خۆ گرتوە کە هەر دەسەڵاتێکی گەلی و دێموکراتیک کە شایانی ئەوەیە بەو ناوە بناسرێ، دەبێ لەبەرچاویان بگرێ. جێفرسۆن لەو بارەوە دەڵێ بەهۆی ئەوەی ئەو مافانە سەربەخۆ لە پێکهاتەی دەسەڵات و حکوومەتن، کەواتە بە دانانی یاسا یان بە مەیلی زۆرینەی دەنگدەران ناکرێ ئاڵوگۆڕیان بە سەردابێ یان هەوڵی سڕینەوەیان بدرێ.

**ئازادیی رادەربڕین، کۆبوونەوە پێکهێنان و نارەزایەتی دەربڕین**

ئازادیی قسەکردن و رادەربڕین بە تایبەت لە سەر بابەت و پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان هۆی مانەوە و بەردەوامیی هەر حکوومەتێکی دێموکرات و خەڵک سەروەرە. دەسەڵاتە گەلییەکان نایەن دەقی نووسراوە و ئاخێوەکان بپشکنن و، هەر بەو هۆیەوە زۆربەی جار لە حکوومەتە خەڵک سەروەرەکاندا ئەو فرەدەنگییە دەبیندرێ کە تێیدا بۆچوون و روانگە جیاواز و تەنانەت دژ بە یەکەکانیش دێنە گۆڕێ و هەر لایەنە و بانگەشە بۆ بۆچوونی خۆی دەکا. حکوومەتە گەلییەکان ئینتیمایان بۆ لای فرەدەنگی و جۆراوجۆریی بۆچوونەکانە.

حکوومەتی لایەنگری خەڵک سەروەری پشت بە هاووڵاتی ژیر و تێگەیشتووی خۆی دەبەستێ کە دەسڕاگەیشتن بە زانیاریی ئازاد ئەو توانایەی پێ دەدا ئەوەندەی بۆی بکرێ لە ژیانی گشتیی کۆمەڵگاکەیدا بەشداریی تەواوی هەبێ و سیاسەتی چەوت و سەرکوتکەرانەی حکوومەت و کاربەدەستانی بداتە بەر رەخنە. هاووڵاتیان و نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ئەوان لە سەر ئەوە سوورن کە دێموکراسیی کۆمەڵگەکەیان پێوەندیی راستەوخۆی بە دەرەتانی دەستڕاگەیشتنی هەرچی سەربەستانەتر بە زانیاری، بۆچوون و روانگە سانسۆرنەکراوەکان هەیە. بۆ ئەوەی خەڵکانێکی ئازاد بتوانن بۆ خۆیان حوکمی خۆیان بکەن، دەبێ دەرەتانی ئەوەیان ببێ کە بە ئاشکرا بۆچوون و روانگەکانی خۆیان بە بەردەوامی بێننە بەر باس و چ بە شێوەی زارەکی یان نووسراو برەویان پێ بدەن و بڵاویان بکەنەوە.

داکۆکی لە ئازادیی رادەربڕین وەک بڵێی « مافی نگەتیڤ»ە کە بە ئاسانی حکوومەت ناچار بە خۆبواردن لە سنووردارکردنی رادەربڕین دەکا. لە دەسەڵاتێکی گەلیدا کاربەدستان خۆیان لە قەرەی کۆنووس و دارشتنی نێوەڕۆکی دەربڕینە زارەکی و نووسراوەکان نادەن.

نارەزایەتی دەربڕین لە مەحەک دانی جۆری حکوومەتە دێموکرات و خەڵک سەروەرەکانە. هەر بەپێی ئەوە مافی وەرێخستنی کۆبوونەوەی مەدەنییانە و ناتوندوتیژ لایەنی سەرەکیی دەرخستنی مافی ئازادیی رادەربڕینە. لە کۆمەڵگەیەکی مەدەنیدا ئەو کەسانەی لە سەر بابەتە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە را و بۆچوونی جیاوازیان هەیە، بۆیان هەیە لەو سەر ئەو بابەتانە کۆڕ و کۆبوونەوەی گەرموگوڕ پێک بێنن. ئێستا لە ئەمریکا تەنانەت زۆر باسی بنەڕەتیی وەک ئەمنیەتی نیشتمانی، شەڕ و ئاشتی بێ هیچ گرێ و گۆڵ و بەربەستێک لە لاپەڕەی رۆژنامە و لە شاشەی تێڤییەکاندا دەخرێنە بەر باسی گشتی و ئەوانەی دژی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتن، بە ئاسانی رەخنە لە سیاسەتەکانی دەسەڵات دەگرن و بۆچوونی خۆیان دێننە بەرباس. ئازادیی رادەربڕین مافێکی بنەڕەتی و بێ ئەملاو ئەولای تاکەکانە، بەڵام رەها و بێ شەرت و مەرج نییە و ناکرێ بۆ خستنەوەی بشێوی و توندو تیژی دەکار کرێ. ئەگەر ئەوە بسەلمێ کە ناوزڕاندن، سووکایەتی و بوختان هەڵبەستن بۆ کەس یان کەسان و لایەنێک لە ئارادا بووە، ئەوا لەلایەن دادگا و بەپێی یاسا بەدواداچوونی بۆ دەکرێ.

دەسەڵاتە گەلییەکان بۆ بەرگرتن لە وتاردان و ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانەی کە لەوانەیە توندوتیژیان لێ بکەوێتەوە و تێیاندا کەسایەتی یان مافی کەسێک بخرێتە ژێر پێ و یان ئەوەی رووخان و هەرەسهێنانی دەوڵەتی یاسایان بە دوادابێ، دەبێ زۆر هەڕەشە و مەترسییان لە سەر خۆیان تێپەڕاندبێ. زۆر لە دەسەڵاتە گەلی و دێموکڕاتەکان رێ بە گرتنی ئەو جۆرە کۆڕ و کۆبوونەوانە نادەن کە پەرە بە ناکۆکیی قەومی و رەگەزی دەدەن.

لەگەڵ هەموو ئەوانەدا راگرتنی باڵانس سەرەکیترین کێشەی بەردەم دەسەڵاتە گەلییەکانە، بۆ وێنە راگرتنی باڵانس لە نێوان بەرگری و داکۆکی لە مافی ئازادیی رادەربڕین و کۆڕ و کۆبوونەوە پێکهێنان و رێگەگرتن لە وتاردان و خوتبەگەلێک کە لەو سۆنگەیەوە توند و تیژی، تۆقاندن یان رووخاندنی رێکخراوەکانی لایەنگری خەڵک سەروەری لێ بکەوێتەوە. هەر کەسێک بۆی هەیە بە ئاشکرا و بە توندترین ئاخێو رەخنە لە کاربەدەستێکی حکوومەت بگرێ، بەڵام هاندان بۆ کوشتنی ئەو کاربەدەستە بە جینایەت دادەنرێ.

**ئازادیی ئایین**

سەربەستیی مرۆڤەکان بۆ کاروباری ئایینی و پێڕەوی کردن لە ویژدانیان مافی سروشتیی ئەوانە و دەبێ لەو بارەوە ئازاد بن. ئازادیی ئایینی بریتییە لە مافی بەجێ گەیاندنی تاعەت و عیبادەت چ بە شێوەی تاک یان بە گرووپ، بەبەرچاوی خەڵک یان خۆ بە تەنیا و لە خەڵوەتدا و، یان هەر لە جێدا مافی ئەوەی باوەڕت بە هیچ چەشنە پەرستنێک نەبێ و هەروەها مافی بەشداری لە ریوڕەسمە ئایینییەکان، بۆنە و کۆبوونەوە پەروەردەییە ئایینییەکان بێ ئەوەی هیچ ترس و دڵەڕاوکێیەکت لە لایەن حکوومەت یان گرووپەکانی دیکەی کۆمەڵگە لە سەر بێ. ئەوە مافی هەموو تاکێکی کۆمەڵگەیە کە عیبادت و پەرەستنی خۆیان هەبێ و بۆیان هەبێ کۆڕ و کۆبوونەوەی ئایینی خۆیان هەبێ و شوێنی تایبەت بۆ ئەو مەبەستانەش پێک بێنن.

ئازادیی ئایین هەر وەک مافە بنەڕەتییەکانی دیکەی هەر مرۆڤێک کە لەلایەن دەوڵەتەوە پێیان دراوە و نە رەواییەکەشی لە حکوومەت وەردەگرێ، بەڵکوو ئەوە حکوومەتە خەڵک سەروەرەکانن کە لە سەریانە داکۆکی لەو مافانە بکەن. دیارە ئەگەرچی لەوانەیە زۆرێک لە حکوومەتە خەڵک سەروەرەکان دان بە جیایی دین لە دەوڵەت دابنێن، بەو حاڵەش هەموو ئەو شتانەی لە روانگەی حکوومەت و ئایینەوە وەک بەها و بایەخەکان چاویان لێ دەکرێ، زۆر جار دژ و ناتەبا لەگەڵ یەکتری نین. ئەو حکوومەتانەی داکۆکی لە ئازادیی ئایین بۆ هەموو خەڵکی دەکەن، بێ و نەبێ داکۆکی لە ئازادیی رادەربڕین و کۆڕ و کۆبوونەوە پێکهێنان و هەموو ئەو ئازادییانە دەکەن کە ئازادیی ئایینییان تێدا دەستەبەر دەبێ. کۆچبەرانی دانیشتووی ئەمریکا بە تایبەت ئەو ویلایەتانەی لە سەدەکانی ۱۷ و ۱۸ دا و لە ژێر رکێفی دەسەڵاتی ئایینیی کلیسا دابوون، هاوکات کۆمەڵە بیرۆکەیەکیان لەبارەی پێویستیی خەڵک سەروەریی نائایینی و لەسەرخۆیی ئایینی هێنایە بەر باس؛ بەڵام هێندێ لە حکوومەتە پاوانخوازەکانی سەدەی بیستەم بە پێچەوانەی ئەو کات چونکی ئایینییان وەک وتاری سیاسی بە جۆرێ لە دەربڕینی ویژدانی تاکەکان دادەنا، کەوتنە هەوڵدان بۆ سڕینەوەی ئایین لە ژیانی خەڵکی. باوەڕی حکوومەتە خەڵک سەروەرەکان لەو بارەوە ئەوەیە کە دەبێ رێز لە هەموو جۆراوجۆری و ناکۆکیی ئایینی کۆمەڵگە بگیردرێ و پێیان وایە لەو نێوەدا ئەرکی سەرەکیی حکوومەت داکۆکی لە خەڵک بۆ هەڵبژاردنی ئایینە، تەنانەت ئەو کاتانەش کە حکوومەت بایکۆتی باوەڕێکی ئایینیی تایبەتی کردبێ. دیارە ئەوە ناکرێ بەو مانایە بێ کە ئایین خۆی لە خۆیدا دەتوانێ بیانوویەک بۆ نواندنی توند و تیژی لە دژی ئایینەکانی دیکە یان خەڵکی کۆمەڵگە بێ. ئایین لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەکی لایەنگری دێموکراسی و خەڵک سەروەریدا دەتوانێ رۆڵی خۆی هەبێ، بەڵام ناتوانێ ئەو کۆمەڵگایە بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە.

**ئەرک و بەرپرسیارەتیی هاووڵاتی**

لە حکوومەتێکی خەڵک سەروەردا هاووڵاتیبوون پێویستیی بە بەشداری لە پرسە گشتییەکان، رێزگرتن و لە سەرەخۆبوونە هەم لە وەرگرتنی مافەکان و هەم لە راپەڕاندنی ئەرک و بەرپرسیارەتییەکانە. هەر بەو جۆرەی کە بنیامین باربێر، زانای زانستە سیاسییەکان دەڵێ: « حکوومەت و دەسەڵاتی گەلی زۆر جار وەک دەسەڵاتی زۆرینە دەناسرێ و تێیدا مافە تاکەکەسییەکان وەک دارایی و سامانی کەسەکان چاویان لێ دەکرێ.... بەڵام ئەوە تێگەیشتنێکی هەڵە هەم لە ماف و هەم لە دیموکڕاسی و دەسەڵاتی خەڵک سەروەرییە«.

سەرکەوتن و گەشەی حکوومەتێکی خەڵک سەروەر بەوە بەسراوەتەوە کە هاووڵاتیان چالاک بن و لە پاسیڤبوون خۆ بە دوور بگرن، چونکی دەزانن کە سەرکەوتن یان کەوتن و هەرەسهێنانی حکوومەت تەنیا و تەنیا لە ئەستۆی خۆیانە.

ئەوە تەواو راستە کە تاکەکەکان خاوەنی هەموو مافە بنەڕەتییەکانیان وەک مافی ئازادیی رادەربڕین، ئازادیی ئایین و پێکهێنانی کۆڕ و کۆبوونەوەن، بەڵام بە بارێکی دیکەشدا مافەکانیش وەک تاکەکان بە تەنێ ناتوانن کاریگەر بن و ماف لە چوارچێوەی کۆمەڵگەدا دەچەسپێ و جێگیر دەبێ؛ هەر بۆیە ماف و بەرپرسیارەتیی پێوەندییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ یەکتر هەیە.

دەسەڵاتێکی گەلی و دێموکراتیک کە لەلایەن هاووڵاتییانەوە هەڵبژێردرابێ، لە بەرامبەر ئەوانیشدا وەڵامدەرە و داکۆکی لە لە مافی تاکەکان دەکا بۆ ئەوەی هاووڵاتیان بتوانن لە حکوومەتێکی خەڵک سەروەردا دەروەستبوون و بەرپرسیارەتییەکانیان بەجێ بگەیەنن و لەو رێگەیەوە کۆمەڵگەکەیان کۆک و یەکدەست و تەبا بێ. لانیکەمی ئەو بابەتە ئەوەیە کە هاووڵاتیان بۆ ئەوەی بە سەربەستی و بە وشیارییەوە دەنگ بدەن، دەبێ خۆیان لە بەرامبەر پرسە هەستیارەکانی کۆمەڵگەدا پەروەردە بکەن. لەوانەیە راپەڕاندن یان وەخۆگریی هێندێک ئەرکی وەک خزمەت کردن لە لێژنەکانی دەزگای داد و تاوان، یان لە سوپادا بەپێی قانوون زۆرەملی بێ، بەڵام لە زۆر حاڵەتیشدا بە دڵخواز وخۆبەخشانەیە.

نێوەڕۆکی سەرەکی و بنەڕەتیی هەوڵە دێموکڕاتیکەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە و وڵاتدا بەشداریی ئاشتیخوازانە، چالاک و سەربەستانەی هەڵبژێردراو لەلایەن خەڵکەوەیە. « دایان راویچ»، یەکێک لە توێژەرە زانستییەکانی ئەو بوارە دەڵێ کە « دێموکراسی پرۆسەیەکە کە جۆرێک لە ژیان و پێکەوە کارکردن دەگرێتەوە.



ئەو پرۆسەیە وەستانی نیە و بەردەوام رێ بۆ کاملبوونی دەپێوێ. ئەو پرۆسەیە دەبێ لە لایەن هەموو خەڵک و هاووڵاتیانەوە پێش بخرێ و پێویستی بە هاوکاری و وێکهەڵکردن و سەبر و لە سەرەخۆیی هاووڵاتیان لەگەڵ یەکترە. وەدیهێنان و بە جێخستنی ئەو پرۆسەیە نەک سانا نیە، بگرە دژواریشە. ئازادی نەک بە مانای خۆدزینەوە لە ئەرک و بەرپرسیارەتی، بەڵکوو راست بە مانای ئەرک وەخۆگرییە.» ئەو ئەرک وەخۆگرییە دەکرێ بەشداریی چالاکانەی رێکخراوەکان یان پێوشوێن کەوتنی ئامانجە روونەکانی کۆمەڵگەی بەدوادابێ. گرینگتر لە هەموو ئەوانەش بەدیهێنانی دێموکراسی پێویست بە جۆرە رەفتار و مامەڵەیەکی تایبەت و ئینتیما بۆ وەرگرتنی ئەو باوەڕەیە کە هەموو ئەو خەڵکەش کە لە چاو ئێوە جیاوازن، مافی یەکسان و وەک ئێوەیان هەیە.

**هەڵبژاردنە گەلییەکان**

لە حکوومەتە خەڵک سەروەرەکاندا و بۆ دەسخستنی رەزامەندیی ئەو خەڵکەی لە بازنەی بەڕێوەبەریی ئەو دەسەڵاتەدا دەژین و بە بنەما و بناخەی سیاسەتەکانی حکومەتێکی دیموکرات و خەڵک سەروەر دادەنرێن، بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی ئازاد پێویستە. هەڵبژاردن رێکاری سەرەکی بۆ دەسخستنی ئەو رەزامەندییە و کردنی بە دەسەڵاتەکانی حکوومەتە.

**توخمەکانی هەڵبژاردنێکی گەلی**

«جین کرێک پاتریک»، توێژەری کۆچکردوو و نوێنەری پێشووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەو جۆرە پێناسەی هەڵبژاردن دەکا: « هەڵبژاردنە گەلییەکان تەنیا بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنێکی هێمایی و سەمبولیک نین، ئەو هەڵبژاردنانە کە بە بوونی هێز و لایەنە رکەبەرەکان لەگەڵ یەکتری بەڕێوە دەچن، گشتگیر و هەر چەند ساڵ جارێکە و دەگەڕێ و یەکلایی کەرەوەیە و ئەوە خەڵکن کە لەو رێگەیەوە بڕیاربەدەستە سەرەکییەکانی حکوومەت هەڵدەبژێرن، هەر ئەو خەڵکەی کە سەربەستیی تەواویان بۆ رەخنەگرتن لە حکوومەت و بڵاوکردنەوەی رەخنە و بۆچوونەکانی خۆیان و خستنەبەر باسی پێشنیارە بەدیل و جێگرەوەکانیان هەیە«.

هەڵبژاردنە گەلییەکان رکەبەرین. حیزب و پاڵێوراوە دژبەرەکان دەبێ هەموو ئازادی و سەربەستییەکیان بۆ پێکهێنانی کۆڕ و کۆبوونەوە و وتاردان و گەیاندنی رەخنەکانیان لە دەوڵەت هەبێ و بۆیان هەبێ کە سیاسەتی نوێ و پاڵێوراوی دیکە بۆ جێگرەوەیی کاربەدەستان دبێنە بەر باس و بە خەڵکیان بناسێنن. تەنیا رێگەپێدان بە بەشداریی نەیاران لە هەڵبژاردنەکان و دەنگدانیان ناتوانێ بۆ ئەو مەبەستە تەواو بێ. لەوانەیە ئەو گرووپ و لایەنەی دەسەڵاتی بەدەستە خاوەنی زۆر ئیمتیاز و سەرەتی لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان بێ و بۆ دەنگهێنانەوەی خۆی زۆر شت دەکار بکا، بەڵام یاسا و رێساکان و رێوشوێنەکانی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان دەبێ دادپەروەرانە بن. دەبێ ئەوەش بزانین کە رێگەدان بە پێکهێنانی کۆڕ و کۆبوونەوە و رادەربڕینی ئازاد بۆ حیزبە نەیار و دژبەرەکان بۆ توند و تیژی و بەمانای زاڵبوونی کەشی زۆرەملی نییە، بەڵکوو مەبەست وتووێژ و لێکحاڵیبوونە.

**هەڵبژاردنە گەلییەکان گەڕیان و دەورەیین.** لە حکوومەتە خەڵک سەروەر و دێموکراتەکاندا دیکتاتۆر و سەرۆکە هەمیشەییەکان هەڵنابژێردرێن. ئەوانەی وەک سەرۆک کۆمار و کاربەدەست هەڵ دەبژێردرێن، لە بەرامبەر خەڵکدا وەڵامدەرن و دەبێ بەردەوام و ماوە ماوە و بە مەبەستی ئەو دەسەڵاتەی لە لایەن خەڵکەوە پێیان دراوە، بۆ دەنگی خەڵکی و بۆ لای خەڵکی بگەڕێنەوە، ئەگەر ئەوان بێتوو دوای هەڵبژێرانیان لا لە خەڵکی نەکەنەوە، ئەوا لە بەرپرسایەتییەکان دوور دەخرێنەوە.

**هەڵبژاردنە گەلییەکان گشتگیرن.** ئەو پێناسەیەی لە تاکی هاووڵاتی و کەسی دەنگدەر دەکرێ دەبێ ئەوندە بەربڵاو بێ کە هەموو خەڵکی پێگەیشتووی کۆمەڵگە بگرێتەوە. ئەو دەوڵەت و حکوومەتانە گەلی و خەڵکی نین کە لەلایەن کۆمەڵ و گرووپێکی بەرتەسکەوە هەڵبژێردرابن و ئەوەش گرینگییەکی ئەوتۆی نییە کە ئەو دەوڵەتەی بەو جۆرە هەڵبژێردرابێ چەندەی کار و پرۆژەی وای بووبێ کە گەلی دێنە بەر چاو. یەکێک لە تایبەتمەندی و ورووژان و کولوکۆی دەسەڵاتە خەڵک سەروەرەکان بە درێژایی مێژوو هەوڵ و تێکۆشانی گرووپە پەراوێزخراوەکان جا چ ئایینی یان ئێتنیکی و تەنانەت ژنان بۆ وەدەستهێنانی مافی تەواوی هاووڵاتیبوون و مافی گرتنەدەستی بەڕێوەبەریی دەوڵەت و کۆمەڵگە و بەشدارییان لە ژیانی کۆمەڵایەتی دایە.

هەڵبژاردنە گەلییەکان مسۆگەر و یەکلایی کەرەوەن. رێبەری و بەڕێوەبەریی وڵات و حکوومەت لەو هەڵبژاردنانەدا بۆ ماوە زەمەنییەکی تایبەت دەستنیشان دەکرێن. ئەو نوێنەرانەی لە رێگەی هەڵبژاردنی گەلییەوە دێنە سەرکار، بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات دەگرنە دەست و ئەوان بە هیچ کلوجێک سەرۆک یان رێبەرانی سەمبولیک نین.

دەسەڵاتە دێموکرات و خەڵک سەروەرەکان تەنیا لە ژێر تیشکی راستگۆیی و دەروەستبوونیان بە خەڵکە کە رمێنیان هەیە، تەنیا لە خاڵێکی دەگمەنی گرینگدا نەبێ و ئەویش چۆنیەتیی دەنگدانە. لە دەسەڵاتێکی گەلیدا و بە مەبەستی بە لانیکەم گەیاندنی هەڕەشە و تۆقاندن و ترس وەبەرنانەکان دەبێ دەنگدەران ئەو ئیزنەیان هەبێ کە دەنگەکانی خۆیان بەنهێنی بخەنە سندووقەکانی دەنگدانەوە. هەروەها تا ئەو جێیەی کە دەکرێ پاراستنی سندووقەکانی دەنگدان و بژاردنی دەنگەکان دەبێ بەبەرچاوی خەڵک و بەئاشکرا بێ، بۆ ئەوەی خەڵک لە راستیی ئاکامەکانی هەڵبژاردن دڵنیا بن و ئارخەیان بن لەوەی کە دەوڵەت رازی بە رەزای ئەوانە و پشتی بە ئیرادە و ویستی ئەوان بەستوە.

**کەمایەتیی بەئەمەگ و چاکەلەچاو**

«کەمایەتیی بەئەمەگ و چاکەلەچاو» یەکێک لەو چەمکانەیە کە سەلماندنەکەی و قبووڵکردنەکەی لەو وڵاتانە سەخت و ئەستەمە کە تێیاندا گواستنەوەی دەسەڵات بە زەبری زۆر و بە هێزی چەک دەکرێ. بەڵام لە هەر حاڵدا ئەوە خاڵێکی بنەڕەتی و گرینگە و لە راستیدا هەڵگری ئەو مانا و پێناسەیەیە کە هەموو گرووپ و لایەنەکان لە حکوومەتێکی گەلی و دێموکراتدا دەبێ لەهەمبەر بەها و بایەخ و پرەنسیپەکانی وڵاتدا هاوبەش بن. رکەبەرە سیاسییەکان پێویست ناکا هۆگرییان بە یەکتر بێ، بەڵام دەبێ لە بەرامبەر یەکدی دا لەسەرەخۆ و پشوودرێژ بن و ئەوە بسەلمێنن کە هەر کامیان خاوەنی رۆڵ و پێگەی قانوونیی خۆیانن و ئەرک و بەرپرسیارەتیی گرینگیان لە سەر شانە. جیا لەوەش قانوونەکانی وڵاتیش دەبێ لایەنەکان بۆ پاراستنی ئەدەب لە باسە گشتییەکان و رەچاوکردنی رووحی لێبووردەیی و دان بە خۆداگرتن هان بدەن. ئەو کاتەی هەڵبژاردنەکان تەواو دەبن، لایەنی دۆڕاو رێز لە ئیرادەی خەڵک و بەشدارانی هەڵبژاردنەکە دەگرێ و ئاکامەکە دەسەلمێنێ. ئەگەر لایەنی دۆڕاو لە هەڵبژاردن ئەو حیزبە بێ کە دەسەڵاتی وڵاتی لە دەستە، ئاوا بە هێمنی کار بۆ دەستاودەست کردنی دەسەڵات دەکا و بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە کێ دۆڕاو و کامە لایەن براوەی هەڵبژاردنەکانن، دوو لایەن لە سەر ئەوە رێک دەکەون کە هاوکاریی و یارمەتیی یەکتر بۆ چارەسەریی پرسە هاوبەشەکانی کۆمەڵگە بدەن.

لە دەسەڵاتی گەلیدا، چ براوەکان و چ دۆڕاوەکانی ململانێ لەگەڵ لایەنی کەمایەتی بەلەبەرچاوگرتنی رۆڵی ئەوان لە هەر چەشنە دەسەڵات و حکوومەتێکی گەلیدا رێ بۆ بەردەوامیی هاوبەشیی ژیانی و سیاسی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەوان و خۆیان خۆش دەکەن. ئەو کەمایەتییە نەک بە سیاسەتە روون و دیارەکانی دەوڵەت، بەڵکوو وەفادار بە رەوتی خەڵک سەروەری و رەوایی بنەرەتیی دەسەڵاتە کە لە سەر بنەمای دەنگی خەڵک بیچمی گرتوە. لە هەرحاڵدا هەڵبژاردنە گەلییەکان شەڕ بۆ مانەوەی ژیان و بەردەوامیی هێز نیە، بەڵکوو هەڤرکێیەک بۆ خزمەتکردن بە خەڵکە.

**کارگێڕی و بەڕێوەبەریی هەڵبژاردنەکان**

ئەو شێوازەی کە کاربەدەستان لە حکوومەتێکی گەلیدا بۆ گرتنە دەستی جڵەوی دەسەڵات و بەڕێوەبەریی وڵات هەڵ دەبژێردرێن جیاواز و فرە چەشنە. بۆ نموونە لە ئاستی گشتیی وڵاتدا لەوانەیەئەندامانی پارلمان و یاسادانەران بەشێوەی ناوچەیی و هەرێمی و هەر نوێنەرێک بۆ ناوچەیەک هەڵ بژێردرێن. ئەو هەڵبژاردنە بەو شێوازە پێناسە دەکرێ کە تێیدا « براوە هەموو شتێک دەباتەوە. لە شێوازێکی دیکەدا کە تێدا ژمارەی نوێنەران بەپێی حەشیمەتی هەر کام لە ناوچە جیاجیاکانی وڵاتە، هەر کام لە حیزبەکان بەپێی ئەو رێژە دەنگەی کە لە هەموو وڵاتدا هێناویانەتەوە نوێنەریان لە پارلماندا دەبێ. هەڵبژاردنەکانی ناوچە و پارێزگاکان دەتوانێ نوێنگەی چەشنی هەڵبژاردنە نیشتمانییەکان بێ.

پرۆسەی هەڵبژاردنەکان سەرەڕای جیاوازیی شێواز و جۆری هەڵبژاردنەکان بۆ ئەوەی ئەنجامی قانوونییان لێ بکەوێتەوە، دەبێ بەئاشکرا و دادپەروەرانە بەڕێوە بچن. کاربەدەستانی حکوومەت دەبێ بە تەواوی ئازادی و سەربەستیی دەنگدەران و پاڵێوراوانی هەڵبژاردنەکان دەستەبەر بکەن؛ شێوازی بێ لایەنانە بۆ گرەنتیی بە نهێنی دەنگدان و بە ئاشکرا بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان بگرنە بەر و رێ بە ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکاندا نەدەن و لە کاتی پێویستدا شێوازگەلێکی تایبەت بۆ بژاردنەوەی دەنگەکان و چارەسەریی ناکۆکییەکانی پەراوێزی هەڵبژاردنەکان دەکار بکەن.

درێژەی هەیە

# ئێعتیادی ژنان و جیاوازییە جنسییەتییەکان



کوێستان فتووحی

تەمەنی تووشبوون بە مادده هۆشبەرەکان لە ئێران لە ٢٣ ساڵەوە بۆتە ١٥ ساڵ. ٦٠٪ی تاکی خێزاندار تووشی ئەم خەسارە کۆمەڵایەتییە بووە.

گیرۆدەبوون بە مادده هۆشبەرەکان لەنێو ژناندا لە٥٪ لەسەدەوە بۆتە ٨٪ لەسەد.

ئامارە نارەسمییەکان دەڵێن چوار میلیۆن کەس لە ئێران موعتادن و هەزاران کەسیش هەر بۆ پێخۆشبوون ئەو ماددانە بە کار دێنن.

ئێعتیاد و گیرۆدەبوون بە مادده هۆشبەرەکان وەک خەسارێکی کۆمەڵایەتی، تێچووی زۆر قورسی بۆ کۆمەڵگە بەدواوەیە بەشێوەیەک کە تەواوی لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی تاکەکانی نێو ئەو کۆمەڵگەیە، دەخاتە ژێر کاریگەرییەوە.

گیرۆدەبوون بە مادده هۆشبەرەکان یەکێکە لە سەرەکیترین خەسارەکانی نێو هەر کۆمەڵگەیەک. پەرەسەندنی تووشبوون بە مادده هۆشبەرەکان لە دنیای ئەمڕۆدا بە جۆرێکە کە یەکێک لە شارەزایانی ژەهر ناسیی دنیا بە ناوی لودوینگ دەڵێ: «جگە لە خواردنی خۆراک، هیچ ماددەیەک لە سەر زەویی نیە بە ڕێژەی مەواددی موخەدیر ئەوندە ئاسان بێتە نێو ژیانی میللەتەکانەوە».

**ئێعتیادی ژنان لە ئێران جێگای نیگەرانییە**


ڕێژەی ژنانی موعتاد لە ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەدەستێنێ، ئەمەش بەو هۆیەوە کە ڕێژەی پیاوانی موعتاد زۆر دەبێ. بە پێی ئامارە رەسمی و نارەسمییەکان ئێعتیادی ژنان لە ئێران بە بەراورد لەگەڵ زۆر لە وڵاتانی جیهاندا شیاوی لێوردبوونەوەیە و ئامارەکە یەکجار زۆرلە سەرێیە و ناکرێ چاوپۆشیی لێبکرێ. ئەوەش لە کاتێک دایە کە لە لایەن دەسەڵاتی ئەو وڵاتەوە کەمکاریی زۆر هەیە لە پێوەندی لەگەڵ دەرمانی ژنانی گیرۆدەبوو. هەرچەند ئەو ئامارانە لەگەڵ ئاماری ڕاست و دروست مەودایەکی زۆریان هەیە و بە هۆی ئەوەی زۆربەی ئەوانەی گیرۆدەی مادده هۆشبەرەکان دەبن بە شاراوەیی ماونەتەوە و لە ئامارەکاندا نەگونجاون.

گیرۆدەبوون بە مادده هۆشبەرەکان ئەگەرچی پێناسەیەکی پیاوانەی هەبووە و تەنانەت سەرەڕای ئەوەی ڕێژەی ژنانی موعتاد لە ئێراندا ڕوو لە زیاد بوونە، بەڵام دیسانیش لە بیر و زەینی خەڵکدا ئێستاش زۆرتر پێناسەیەکی پیاوانەی هەیە. دیارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارەی کە لە رابردوودا وا باو بووە و هەر پیاوان بۆ سەرگەرمی و رابواردنەکانیان بەلایدا چوون و گیرۆدەی ئەو ماددەیە بوون. لە کۆمەڵگەی نەریتیدا تەنانەت لە پێوەندی لە گەڵ سیگار کێشانی ژنانیشدا لەجیاتی ئەوەی باس لە زیانەکانی بۆ سڵامەتیی ئەو بکرێ، لە لایەنی کلتوورییەوە بۆ ژنان بە شتێکی دزیو و نەگونجاو دەزانرێ. لە پێوەندی لەگەڵ مادده هۆشبەرەکانیش دا هەر بەم شێوەیە چاوی لێکراوە. ئێستا کە هاوسەنگییەکە لە بارەی ئێعتیادی ژنان و پیاوان لە ئێراندا خەریکە دەگۆڕێ و بەداخەوە ژنانێکی زۆریش بەو دەردە گرفتار بوون، دیسانیش ئەو بیرکردنەوەیە برا یا باوک. بە پێی ئامارە رەسمییەکان نیوەی ئەو ژنانەی گیرۆدەی مادده هۆشبەرەکان بوون مێردیان هەیە و لە لایەن مێردەکانیانەوە تووش بوون. لە لایەنێکی دیکەشەوە. هەموو کەس دەتوانێ زۆر بە ئاسانی لە ئێران دەستی بە مادده هۆشبەرەکان را بگا. هۆکارێکی دیکەی تووشبوونی ژنان بەو ماددانەوە ئەوەیە کە لە نێو بنەماڵەکاندا کەس یان کەسانێک هەن کە مەواد مەسرەف دەکەن و کاتێکیش لە بنەماڵەیەک دا یەک یان چەند کەس مادە هۆشبەرەکان بە کار بێنن، بوار بۆ ئەندامەکانی دیکەش خۆش دەبێ و بەئاسانی وەدەستیان دەکەوێ. جەستەییەکانیان و تووشبوونیان بە نەخۆشییە جۆراوجۆرەکان لە ماوەی ژیانیاندا تووشی مەسرەفی تریاک دەبن و ئەمەش یەکێکی دیکە لەو هۆکارانەیە کە ژنانیان گیرۆدە کردوە.

کۆمەڵگەی ئێران بە هۆی سیاسەتی کۆنەپەرستانەی کۆماری ئیسلامییەوە ئەمڕۆ پڕیەتی لە کێشە و خەساری کۆمەڵایەتی. ئامارەکان باس لەوە دەکەن کێشە کۆمەڵایەتییەکان گەیشتوونە ئاستێکی بەرز و ترسناک. تەڵاق پەرەی سەندوە، بێکاری و سەرگەردانیی لاوان و نەبوونی ئیمکاناتی تەفریحیی سوودبەخش و... دەسەڵاتیش کە خۆی کۆمەڵگەیەکی نەریتیدا هەمیشە بە پیرۆز پێناسە کراوە، ئەمەش نەگونجاوییەکی هەیە بە نیسبەت ژنێک کە بۆ وەدەست هێنانی مادەیەک کە مەسرەفی دەکا ئامادەیە مل بۆ هەر کارێکی ناشایستیش بدا.

دایکی موعتاد ناتوانێ منداڵی سالم تەحویلی کۆمەڵگە بدا. دایک بۆ منداڵ هەمیشە وەک ئولگوو چاو لێدەکرێ بە تایبەتی بۆ منداڵی کچ. بۆیە دایکێک کە موعتاد بوو، ئەندامانی ئەو بنەماڵە لە هەموو بارێکەوە سڵامەتییان دەکەوێتە مەترسییەوە.

دیارە ئەگەر هەموو لایەنەکانی





**لە کۆمەڵگەی نەریتیدا ژنی تووشبوو لەلایەن بنەماڵە و کۆمەڵگەوە زیاتر لە پیاوێکی تووشبوو تەرد دەکرێ، ئەگەر ڕۆژێکیش بیهەوێ بگەڕێتەوە و سڵامەتیی خۆی بەدەست بێنێتەوە زۆر زەحمەتە بنەماڵە و دواتریش کۆمەڵگە وەک مرۆڤێکی شایستە وەخۆی بکەنەوە**

لە کۆمەڵگەدا زاڵە. کە ئەمەش لە باری دەرمان و پێراگەیشتنی ژنانی تووشبوو بە زیان تەواو دەبێ. چونکە دەبینین هەر بۆ نموونە کەمپەکانی تەرکی ئێعتیاد زۆربەیان بۆ پیاوان تەرخان کراون. دیارە ئەمە لە شارە گەورەکانە ئەگەر هەبێ، ئەگینا لە شارە چووکەکان هیچ خەمێک لە لایەن دەسەڵاتەوەلەم خەسارە کۆمەڵایەتییە نەخوراوە. پاشان ژنانی تووشبوو بە هۆی ئەوەی پێیان نەزانن خۆیان بەو ناوەندە دەرمانییانە ناناسێنن. هەروەها لە لایەن بنەماڵەشەوە لە جیاتی هاوکاری و پشتیوانیکردن بۆ دوورکەوتنەوە لەو بەڵایە، لە کۆڵ خۆ دەکرینەوە وتەرد دەکرێن.

**هۆکارەکانی تووشبوون بە مادده هۆشبەرەکان و پەرەسەندنی ئەم خەسارە لە نێو ژناندا**

لەگیرۆدەبوونی هەر ژنێک بە ماددەی هۆشبەر بە دڵنیاییەوە شوێن پێی پیاوێک دیارە کە هاوسەرەکەیەتی یان ژنان و کچان هەم لەچوارچێوەی ماڵ و هەم لەدەرەوەی ماڵ زۆر بەئاسانی لەنێو مەجلیس و پارتییەکانیاندا بۆ سەرگەرمییش بێ کەڵکی لێوەردەگرن. کچانی خوێندکار کە لە زانکۆن و لە بنەماڵە دوورن، بۆ رابواردن و سەرگەرمییش بێ لەگەڵ هاوڕێ کوڕەکانیان جاروبار مەواد مەسرەف دەکەن کە بەداخەوە دواتر دەبێتە هۆی گیرۆدەبوونیان بەو ماددەهۆشبەرانەوە. یان بیستوومانە زۆرجار لەلایەن کەسانێکەوە پاساوی پزیشکی بۆ دێننەوە. لە نێو هێندێک لە ژناندا باوە کە بەشێک لەو مادده هۆشبەرانە بەناوی ئەوەی ئەو فڵانە ماددەیە چەوری لە بەین دەبا و بەناوی ئەوەی خۆیانی پێ لاواز دەکەن و هێنانەوەی پاساوی دیکە کەڵکی لێوەردەگرن کە دواتر دەکەونە داوی ئەو ئەم ماددانە و گیرۆدەی دەبن. بۆ نموونە لە ئێران ئێستاش تریاک مەسرەفێکی دەرمانی هەیە کە بە سەرنجدان بە هەلومەرجی ژیانی ژنان و تایبەتمەندییە لە هەموو ئەو کێشانەی خەڵک تووشیان بووە، بێساحەب کردوە. ئەمانە هەموو لە پەرەسەندنی ئێعتیاد لە نێو توێژە جۆراوجۆرەکاندا کاریگەرییان هەیە.

**ئاکامەکانی تووشبوونی ژنان بە مادده هۆشبەرەکان و جیاوازییە ڕەگەزییەکان:**

ئێعتیاد بۆ هەر دوو ڕەگەز زیانی هەیە و دەکرێ زیانەکەش بە دوو دەستە دابەش بکەین: یەکەم ئەوە کە خودی تاکەکە زیان دەبینێ، دووهەم کەسی موعتاد کاریگەریی نەرێنیی لەسەر کۆمەڵگە و دەوروبەر دەبێ. ئەمە بۆ ژن و پیاو دەکرێ وەک یەک چاو لێ بکرێ. بەڵام بەهۆی کەلتووری کۆمەڵگەوە ژنان لەو نێوەدا زیاتر زیان دەبینن و لەم بارەیەوە زیانیش بە کۆمەڵگە دەگەیەنن، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ڕۆڵی ژنان لە بنەماڵەدا ڕۆڵێکی سەرەکی و هەستیارە و ڕەنگە بڵێم لە هی پیاو گرنگتریشە. بە هۆی ئەوەی نەخشی ژن وەک دایک لە زیانەکان باس بکرێ و شی بکرێنەوە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد هەیە کە ئەوەیان لە توانای ئەم وتارەدا نییە. بەڵام دەکرێ زۆر بە کورتی و وەک نموونە ئیشارە بە هێندێکیان بکەین. تەواوی ئەو ژنانەی بە مادده هۆشبەرەکان گیرۆدەن زۆر بە ئاسانی دەکەونەبەر ئازار و ئەزییەتی دەوروبەر و لەلایەن پیاوانەوە کەڵکی خراپیان لێوەردەگیرێ و دەکەونەبەر دەستدرێژی و سووکایەتی. تەنانەت زۆرجار بیستوومانە ژنی گیرۆدەبوو بە مەوادی موخەدیر، بۆ وەدەست هێنانی مەواد لەشی خۆی فرۆشتوە. کە ئەمەش جگە لە تووشبوونیان بە جۆرەها نەخۆشیی جەستەیی، ئایدز، حامیلەیی نەخوازراو و... کۆمەڵێک کێشەی کۆمەڵایەتیی دیکەیان لێ دەبێتەوە کە نەک هەر بۆخۆیان زیانیان پێدەگا بۆ کۆمەڵگەش کاریگەریی خراپیان دەبێ. لە کۆمەڵگەی نەریتیدا ژنی تووشبوو لەلایەن بنەماڵە و کۆمەڵگەوە زیاتر لە پیاوێکی تووشبوو تەرد دەکرێ، ئەگەر ڕۆژێکیش بیهەوێ بگەڕێتەوە و سڵامەتیی خۆی بەدەست بێنێتەوە زۆر زەحمەتە بنەماڵە و دواتریش کۆمەڵگە وەک مرۆڤێکی شایستە وەخۆی بکەنەوە. کاتێک پیاوێکی موعتاد دەیهەوێ ئێعتیاد تەرک بکا لەپێش هەمووکەسدا لەلایەن هاوسەر و دایکیەوە پشتی دەگیرێ و هاوکاریی دەکرێ، بەڵام بۆ ژنان ئەو هەلە کەمە یان هەر نیە. لە ئاکامدا ئەو ژنە نەک ناتوانێ ببێتەوە کەسێکی سالم، بەڵکوو تووشی نەخۆشیی دەروونی و ئازاری رووحی دەبێتەوە و لەو کۆمەڵگەدا دەیان گیرو گرفتی دیکە چاوەڕوانیی دەکا.

**دوا سەرنج**

سەرەڕای هەموو هەراو هوریاکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەناوی «خەبات دژی مادده هۆشبەرەکان» کەچی دەبینین ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ئەم بەڵامالوێرانکەرە پتر پەرەدەستێنێ. بۆیە چاوەڕوانیی باشتر بوون لەم دەسەڵاتە بێ سوودە. لێرە دایە کە بنەماڵەکان دەبێ زۆر زیاتر چاوەدێریی منداڵەکانیان و لاوەکانیان بکەن. بە تایبەتی ژنان لەم بوارەشەوە ئەرکێکی زۆر گرنگیان لەسەر شانە و لەم پێناوەدا دەبێ هەوڵەکانیان بۆ خەبات دژی ئەم خەسارە کۆمەڵایەتییە وەگەڕ بخەن. پێویستە دایک و باب لە نێو بنەماڵەدا هەلومەرجێکی وا بخوڵقێنن کە لاوەکانیان ئەگەر کێشەیەکیان بۆ دروست بوو، بتوانن کێشەکانیان بە ئاسانی لەگەڵ بنەماڵەکەیان باس بکەن. یان ئەگەر کەسێک لە ئەندامانی بنەماڵە کەوتە داوی مادده هۆشبەرەکانەوە هەرچی زووتر هاوکارییان بکەن تا نەکەونە نێو زەلکاوێکەوە کە دەربازبوونیان دژوار بێ.

پاشان زۆر پێویستە خەڵک هاوکاریی ئەو ئەنجومەن و ڕێکخراو و کەسانە بکەن و دڵگەرمیان بکەن کە لەم پێناوەدا کاردەکەن و خەمخۆری راستەقینەی کۆمەڵگەن. لاوان دەبێ وشیار بن و بزانن ئەو سەرگەرمی و رابواردنە کاتییانە، لە داهاتوویەکی نزیکدا تووشی چ بەڵایەکیان دەکا.

چاوەڕوانییەکان لە راگەیەنە حیزبی و سەربەخۆ فارسی و کوردییەکانی دەرەوەی وڵاتیش ئەوەیە کە باسکردن لە خەسارەکانی ئەم بەڵاماڵوێرانکەرە بکەنە بابەتی بەرنامەکانیان و زانیاریی زۆرتر لەسەر ماددەهۆشبەرەکان بڵاو بکەنەوە و وشیاریی زیاتر بە خەڵک بدەن. سەرنجدان بەم مەسەلەیە و کار کردن لە پێناو کەمکردنەوەی ئەم خەسارە کۆمەڵایەتییە، ئەرکێکی گرنگی ئینسانی و نەتەوەییە.

**سەرچاوەی ئامارەکان:**

«وضع اعتیاد زنان در ایران» لە وتوویژ لەگەڵ دوکتور پوونە کیمیا قلم دەروونناس

سایتی «مهر خانه» راپۆرتی بیست و حەوتەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی خێرخوازانی کۆمەڵایەتیی ئێران

---

# کۆبوونەوەی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنالی ژنان لە ئیستانبوڵ بۆ باس لە سەر ژنی کورد

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٤ی مانگی ژوئەن لە ئیستانبوڵ کۆبوونەوەی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنالی ژنان بە مەبەستی تاوتوێ کردنی وەزعی ژنی کورد و بە میوانداری بدپ بەڕێوەچوو.

کاتژمێر ٩ی بەیانی کۆبوونەوە بە قسەکانی پیا لۆکاتێللی سەرۆکی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنالی ژنان لە سەر وەزعی ژنان لە تورکیا و ئەو پاشەکشانەی حکوومەتی ئاکەپە لە مەر مافەکانی ژنان لە تورکیا دەستی پێکرد. لە ئاماژە بە خەباتی ژنی کورد و خەباتی ڕەوای کوردان پێداگری لە سەر شێوەی خەباتی ئاشتیخوازانە بۆ دەستەبەر کردنی مافە ڕەواکانی کوردی کرد و تیشکە خستە سەر ئەو هەنگاوانە لەو بوارەدا هەڵگیراون کە جێگای دەستخۆشین.

پاشان گوڵتەن کەشەنەک، هاوسەرۆکی بەدەپە و نوێنەری پارڵمانی تورکیە بەخێرهێنانی بەشدارانی کرد و گوتی دەستەبەر کردنی مافی ژنان و مافی کوردان زۆر وەک یەکدەچن و هەردووک وەک یەک بێ بەشن. ناوبراو گوتی گرتنی ئەو کۆبوونەوە لە ئیستانبوڵ دەتوانێ کاریگەری زۆری هەبێ لە سەر خوشکایەتی ژنانی کورد و ژنانی تورک لە تورکیا لە گەڵ ژنانی وڵاتانی دیکە.

گوڵتەن گوتی دەوڵەتی ئاکەپە لە ڕووی موحافیزەکاری خەریکە مافی ژنان فیدای ئیدۆئۆلۆژی دەکا و لە پێناو گەیشتن بە گەشەی ئابووری، حازرە هەر قیمەتێک بدا کە لە ئاکامدا مەسەلەی خوێندن و دامەزرانی ژنان لەو بەینەدا فیدا دەبێ. باسی ڕادەی بەشداری ژنان لە ژیانی سیاسی تورکیە و ئەو مافانەی ژنان لە تورکیا لێی بێ بەرین کرد و هەروەها لە سەر کارتێکەری تەسوییی ئەو بەندەی کە ئێستا بۆ قەدەغەی منال لەبار بردن لە لایەن دەوڵەت پشتیوانی لێکراوە لە سەر وەزعی ژنان و پاشەکشە لە مافەکانی ژنان دوا.

ئەوجار گوتی مەسەلەیەکی دیکە لە تورکیا مەسەلەی کوردانە کە ساڵەهایە خەریکی خەباتن و حاشا لە پێناسەیان دەکرێ. ئەو مەسەلەیە نەک تەنیا لە تورکیا و وڵاتانی دراوسێ گرفتێکە بەڵکوو کارتێکەری لە سەر ڕۆژهەلاتی ناوەراستیش هەبووە. لە میلیتارزە کردنی کوردستان، سوتاندنی زیاتر لە ٤٠٠٠ دێهات و ڕاگواستنی سەدان هەزار بنەماڵە، ژنانی کورد ڕاستەوخۆ بەهای ئەو شەڕەیان داوە.

گوڵتەن سێ داوای خستە ڕوو، یەکەم: دەوڵەتی تورکیا دان بە چەند کلتوری و چەند نەتەوەیی ئەو وڵاتە دابنێ. دووهەم: ئێحترام بۆ زمانی کوردی وەک زمانێکی ڕەسمی و مافی خوێندن و فێربوون بە زمانی کوردی بە ڕەسمی بناسرێ . سێهەم:مافی دیاری کردنی چارەنووس بۆ کوردان لە تورکیا بە ڕەسمی بناسرێ.

دواترداوای پشتگیری و یەکگرتوویی هەموو ژنانی دونیای کرد و پشتگیری لە دیالۆگ و دیتنەوەی چارەسەری ئاشتیخوازانە کرد.

ئەوجار خاتوو دەنیز پینار سەرۆکی ژنانی جەهەپە باسی ڕادەی بەشداری ژنان لە حیزبەکەی دا کرد کە ئەندامی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنالی ژنانە و ئەو حەولانەی بۆ بردنە سەری ئەو ڕادەیە دراون. ناوبراو لە سەر بارهێنانی ژنان دوا کە لە مەسەلەی ڕێفۆرمدا بۆ باشتر کردنی باری کۆمەڵایەتی زۆر گرینگە و حیزبەکەی ئەو هەمیشە لەو بوارەدا پێداگر بووە و هەوەها لە سەر کارتێکەری بەشداری ژنان لە مەسەلەی دەستەبەر کردنی ئاشتی دوا و گوتی دەبێ ئامادەکاری بکرێ بۆ ئەوەی ژنان بتوانن ئەو دەورەی خۆیان بگێڕن.

بەدوای ئەودا مارلێن هاس سکرتێری سۆسیال ئەنتێرناسیۆنال گوتی زۆر جێگای خۆشحالییە کە هەیئەتی ٢٦ وڵاتی دونیا لەوێدا بەشدارن هەروەها گوتی کە دوو تەجرەبەی لە ژنانی کورد هەیە یەکەم بەشداری لە کۆنفرانسێک لە ستۆکهۆڵم بۆ ٨ی مارسی ئەوساڵ کە میوای ژنانی دێمۆکراتی کوردستان بووە و ئەو جاریش کە میوانی ژنانی بەدەپەیە لە ئیستانبوڵ و لە هەردوو تەجرەبەدا لە نێزیکەوە شاهیدی توانایی و سور بوونی ژنی کورد بووە لە سەر هەر دوو مەسەلەی مافی ژنان و مافی نەتەوەیی کە جێگای سرنجە.

دواتر سەباحەت تونجەل بەرپرسی ژنانی بەدەپە و نوێنەری پارلمانی تورکیە گوتی ژنانی کورد وەک هەموو ژنانی دونیا دوچاری هەڵاواردن دەبن بەڵام وەک ژنی کورد غەدری نەتەوەییشی لە سەر زیاد دەبێ لە کوردستانێکدا کە بە سەر چوار دەوڵەت دابەش کراوە کە حاشا لە پێناسەی کورد دەکەن. ناوبراو گوتی پێش شەرتی چارەسەری گرفتەکە، دان پێ هێنانی گرفتەکەیە کە ئەویش ئەوەیە کە تورکیا دەبێ دان بە هەبوونی کورد دا بنێ جا ئەوجار دەتوانێ چارەسەری بۆ مەسەلەی کورد بدۆزرێتەوە.

پاشان گوتی ئێوە ژنانی دونیا هیچ زانیارییەکتان لە سەر ژنی کورد نیە چونکە تەنیا لە دوورەوە بیستووتانە بەڵام لە نێزیکەوە ئێمەتان نەدیتووە. ئەگەر مەسەلەی مەراکێش و فەلەستین مەسەلەی هەموومانە دەبێ مەسەلەی کوردیش مەسەلەی هەموومان بێ.

ئەنتیگۆن کارالی دیمیتریادی وەک بەرپرسی مەنتەقەیی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنال کە بۆخۆی نوێنەری پاسۆک لە یونانە لە بەشێک لە قسەکانیدا گوتی ئێمە ژنانی لایەنگری ئاشتی هەر شەش مانگ جارێک وەک ژنانی تورک و ژنانی یونانی سەری یەکتر دەدەین جارێک لە ئاتێن و جارێک لێرە لە ئیستانبوڵ و بە یەکەوە بەشداری هێندێک دیالۆگ و کۆر دەبین. بەم جۆرە توانیومانە ئەو ژنانە لێک نێزیک بکەینەوە. ئۆتریش و ئاڵمان لەو بوارەدا هاوکارییان کردووین.

ئەوجار نەزان ئەستوندەگ وەک کۆمەڵناس لە دانیشگای بوغازجی لە سەر توندوتیژی و ئەو زولمەی لە ژنی کورد دەکرێ دوا و گوتی دەبێ ڕێگا چارەسەری ئاشتیخوازانە بۆ مەسەلەی کورد بدۆزرێتەوە. هۆکانی بێ بەشیی ژنی کوردی هێنایە بەر باس و تیشکی خستە سەر جۆرەکانی توند و تیژی دەرحەق بە ژنی کوردی لە ڕاگواستن و زیندانی کران و کوژران و دەستدرێژی هەتا لە دەستدانی ئازیزانیان.

پاشان پەروانە حەیدەری بە نوێنەرایەتی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە سەر خەباتی ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوا. باسی زەخت لە سەر ژنانی کوردی کرد کە بە هۆی چالاک بوونی ئەحزابی کوردی ئەو پارچەیە هەر جۆرە چالاکییەکی ژنانی کورد ڕووبەڕووی سەرکوتی سەخت دەبێتەوە.

لە بەشێ دوانیوەڕۆدا گوڵاڵە شەرەفکەندی وەک نوێنەری ژنانی دێمۆکراتی کوردستان لە سەر گرینگیی دیالۆگ و وتوویژ دوا و دووپاتی کردوە هەموو جۆرە موزاکیرەیەک ڕاستەقینە نییە و گرینگە ئاماجی دیالۆگ و ڕێککەوتن ڕەچاو بکرێ. ژنانی کورد لە چەند بەرەدا خەبات دەکەن و حازرن پشتی ژنانی دیکەی ئێرانی وەک ژنانی تورک، عەرەب، بەلوچ و تورکمان بگرن بۆ دەستەبەر کردنی مافی خۆیان چ وەک نەتەوە چ وەک ژن بۆیە ئێمە دەبێ هەموو لە کردەوەدا بە ڕاستەقینە پشتگری دیتنەوەی چارەسەری بۆ مەسەلەی کورد بکەین وەک ژنانی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنال.




لە دوا بەشی کۆبوونەکەدا قەتعنامەیەک لە سەر ژنی کورد پەسەند کرا کە پشتگیریی داواکانی ژنی کورد وەک ژنانی سەر بە نەتەوەی حاشا لێکراوی تێدا هاتبوو. کۆبوونەوەکە کاتژمێر ٥ی دوانیوەڕۆ بە بەرنامەڕێژی بۆ کۆنگرەی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنالی ژنان کە لە کۆتایی مانگی ئاگۆستی لە کەیپتاون لە ئافریقای باشوور دەگیرێ کۆتایی پێهات.

پێویستە بگوترێ بەڕێزان خەجیجە مەعزوری، شۆعلە قادری و گوڵاڵە شەرەفکەندی وەک هەیئەتی نوێنەرایەتی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان بەشداری ئەو کۆبوونەوەیە بوون.

# سەردەشت و غەدرێکی هەمیشەیی



سیروان مووساپوور

٧ی پووشپەڕی ئەمساڵ ٢٥ ساڵ بەسەر کارەساتی دڵتەزێنی بۆمبارانکردنی شیمیایی شاری سەردەشتدا تێپەڕ دەبێ. کارەساتێک کە بە هۆیەوە بە دەیان کەس گیانیان لەدەست دا و بە هەزاران کەسیش تووشی برینداربوون و ئاسەواری جەستەیی و دەروونی بوون. قسەکردن لەسەر هۆکار یان هۆکارەکانی بۆردومانکردنی ئەو شارە و دواهات و ئاسەوارە زیانبارەکانی لەسەر دانیشتووانی شارەکە و تەنانەت کات و سات و جۆری ماددەی بەکارهاتوو و دوای ئەوەش بەسەرهات و گێڕانەوەکانی بەرکەوتووانی ئەم ڕووداوە دژەمرۆییە بابەتگەلێکن کە ئەگەر نەڵێم تا رادەیەک لەم ساڵانەی دواییدا زۆریان قسە لەسەر کراوە، لانیکەم گەلێک لە لایەنە دیار و شاراوەکانی بۆ خەڵکی کوردستان ئاشکرا بوون و بە هەوڵ و هیممەتی کەسانی دڵسۆز و چەند ڕێکخراوێکی بە هەڵوێست و تا رادەیەکی زۆریش بە هۆی وەدواکەوتن و ژیاندنەوەی پرسەکە لە لایەن بنەماڵە و کەسوکاری بەرکەوتووان لە ئاستی نێوخۆیی و نێونەتەوەییدا خراوەتە بەرباس. هەر بۆیە لێرەدا مەبەست دووپاتکردنەوەی دووپاتکراوەکان نییە و پێم باشە زیاتر سەردێڕی وتارەکە شی بکەمەوە.

لەوانەیە سەیر نەبێ ئەگەر بڵێم لە ماوەی ئەم ٢٥ ساڵەدا شاری سەردەشت لە زۆر لایەن و لە زۆر لاوە بەردەوام لەبەردەم غەدرێکی هەمیشەییدا بووە. کۆماری ئیسلامی چ وەک ڕێژیمی دەسەڵاتدار بەسەر ئێراندا و چ وەک لایەنێک لە دوو لایەنی شەڕی ئێران و عێراق لە کاتی بۆمبارانکردنی ئەم شارەدا بەرپرسی گشت کەموکوڕی و نەهامەتی و پاشکەوتوویەکانی شارەکەیە. لەماوەی ئەم ٢٥ ساڵەدا کە بەحەق دەبووایە وەک شارێکی خەساردیتووی چەکی شیمیایی گرینگییەگی تایبەتی پێدرابا، بەڵام دەبینین کە لە گشت لایەنە سیاسی و ئابووری و فەرهەنگییەکانەوە لە داوکەوتووییدا ڕاگیراوە و بە ئاشکرا دەتوانین ئەم ڕستەیە دووپات بکەینەوە کە ئەگەر کوردستان ناوچەیەکی دواکەوتوو لەنێو وڵاتێکی دواکەوتوو دایە، بێگومان دەبێ دان بەو ڕاستییەش دابنرێ کە سەردەشت وەک شارێکی کوردنشینی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەنێو ناوچەیەکی دواکەوتووی وڵاتێکی دواکەوتوو دایە.

لە لایەنی سیاسییەوە لەگەڵ ئەوەیکە لە ماوەی دەسەڵاتدارێتیی کۆماری ئیسلامیدا بەردەوام لە ڕوانگەیەکی ئەمنییەتییەوە سەیری کوردستان کراوە، ئەوا ئەم شارەش بە شێوەیەکی بەرچاو بۆتە قوربانیی ئەم چەشنە ڕوانینە و خەسارێکی مرۆیی زۆری وێکەوتوە. بە هۆی هەڵکەوتنی ئەم شارە لەسەر سنووری نێوان دوو وڵات و هاتوچۆ و مانەوەی زۆربەی هێزە بەرهەڵستکارەکانی ڕێژیم لەو ناوچەیەدا، لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا کەسانێکی زۆر بە بیانووی ئەندامبوون یان لایەنگری کردن لە حیزبە کوردییەکان تووشی گیران و ئەشکەنجە و تەنانەت ئێعدام بوونەتەوە و کەسانێکی زۆریش دەربەدەر و پەرتەوازە کراون. زۆرجار کەس یان کەسانێک بێئەوەی ڕۆژێک کاریان بۆ حیزبێکی سیاسی کردبێ بەڵام بە بیانووی هاوکاریکردنیان ژیانیان لێ تاڵ کراوە. لە لایەکی دیکەوە دەبێ ئەوە باس بکەین کە خەڵکی سەردەشت ڕۆژ نییە بە هۆی تەقینەوەی مین تووشی خەساری مرۆیی نەبن. چ ئەو مینانەی کە لەسەردەمی شەڕی نێوان ئێران و عێراقدا چێندراون و چ ئەو مینانەی کە بەبیانووی شەڕ لەگەڵ هێزە کوردییەکان لە ناوچەکەدا بڵاو کراونەتەوە، ڕۆژانە ژیان لە خەڵک دەستێنن یان تووشی کەمئەندامی و نەقوستانییان دەکەن. ئەوە لەحاڵێکدایە کە لە ماوەی ئەم ٢٥ ساڵەدا زۆر بە ئاسانی دەکرا ناوچەکە بە تەواوەتی لە مین پاک بکرێتەوە، بەڵام وادیارە تا ئێستاش شەڕی ئەو ڕێژیمە دژی خەڵکی کوردستان کۆتایی پێنەهاتوە. دواهات و دەرەنجامەکانی ئەم جۆرە ڕوانینە و هەموو ئەو خەسارە سروشتی و مرۆییانەی کە بە هۆی هێرش و بۆمبارانکردن و ڕەشەکوژی و.. بەکرێگیراوانی ڕێژیم کراون بە جۆرێک لە جۆرەکان کاریگەرییان لەسەر دواکەوتوویی و پێڕانەگەیشتنی شارەکە داناوە.

ئەگەر لە لایەنی ئابوورییەوە باسی دواکەوتوویی شارەکە بکەین، مەسەلەکە گەلێک تراژیدی و خەمهێنەرە. وەک دەزانین سەردەشت شارێکی سنوورییە و بژیوی بەشێکی زۆر لە خەڵکی شار و گوندەکانی لە کار و کاسبی سەر سنوورەکان دابین دەبێ. چونکە بێگومان ئەوانەی کە بە شێوەی ڕاستەوخۆش کاری سەر سنوور ناکەن، بە جۆرێک لە جۆرەکان کار و ژیانیان بە کار و هاتوچۆی سەر سنوورەکان بەستراوەتەوە. بەڵام



ڕۆژانە دەبینین و دەبیستین کە ئەم خەتە سنوورییانە بوونەتە هێڵی مەرگی دەیان کاسبکاری سەردەشتی. کەم نین ئەو کەسانەی کە بە بیانووی کاری قاچاغچێتی لە لایەن بەکرێگیراوانی ڕێژیمەوە ڕاستەوخۆ دەدرێنە بەر دەستڕێژی چەکەکان و گیانیان لێ دەستێنرێ. زۆرن ئەو کەسانەی کە خۆیان و ئاژەڵە بارهەڵگرەکانیان کە تەنیا ئامرازی پەیداکردنی بژیوی ژیانن، دەکەونە سەر مین و لە نێو دەچن یان تووشی کەم ئەندامی دەبن. خاڵی جێگەی سەرسوڕمان ئەوەیە کە هەر ئەو کاڵا و شتومەکانەی کە لە سەر سنوورەکانی سەردەشت و تەنانەت لەنێو شارەکەش خەڵکیان لەسەر دەکوژرێ، لە یەک دوو شار ئەولاتر بە ئازادی لە بازاڕەکان دەفرۆشرێ و سوودێکی زۆریش دەست فرۆشیارەکانیان دەکەوێ.

هەر لەسەر لایەنی ئابووری، پێم خۆشە سەرنج بدەمە خاڵێکی گرینگ و ئەویش ئەوەیە کە سەردەشت لە بواری کارگە و کارخانە و یەکە بەرهەمهێنەرەکانەوە یەکێک لە دواکەوتووترین شارەکانی کوردستان و ئێرانە. تۆ بڵێی ئەگەر لەم شارەدا چەند کارگە و گارخانەیەکی گەورە هەبووایەن و چەندین پرۆژەی بەرهەمهێنان دامەزرێندرابان و هەر کامێکیان چەندین کەسیان بەخۆیانەوە خەریک کردبووایە، خەڵکی هەژار و بێدەرەتانی ئەم شارە ئامادە بن بۆ پەیداکردنی بژیوی ژیان، گیانی خۆیان، بکەنە قوربانی چەک و مینی سەر سنوورەکان!؟ یان بە سەدان خێزانی هەژار بە ورد و درشتەوە ڕوو بکەنە کورەخانەکانی شارە دوورەکان و دەست و پەنجە لەگەڵ قوڕ و قوڕەکاری نەرم بکەن و تەنانەت شەو و ڕۆژیان لێ تێکەڵ بن و تووشی دەیان بەسەرهاتی ناخۆشی کۆمەڵایەتی و .. ببنەوە؟ دیمەنی هاتوچۆ و چوونەسەرکاری ژن و منداڵی شار و گوندەکانی ئەو شارە هەر ویژدانێکی زیندوو دەبزوێنێ کاتێک کە بە سەدان کیژ و کوڕ و تەنانەت منداڵی ژێر تەمەنی کارکردنیش بە سواری مینی بووس و بە پشتی تویوتا و تراکتۆرەکان دەچنە شارە دوورەکان بۆ ئەوەی لە ڕێگەی کۆکردنەوەی چەوەندەر و یارەماسی و سێو ڕنین و.. حەقدەستێکی کەم وەربگرن!! ئەوانە و دەیان شتی دیکە کە ژیانی ئابووری ئەم خەڵکە هەژارەیان لێ دابین دەکرێ. هەمووی ئەوانە لە حاڵێکدایە کە ئەم شارە لە باری کانگای سروشتی و شوێنی توریستی و هێزی مرۆیی لە دۆخێکی زۆر دەوڵەمەند و باش دایە بەڵام تا ئێستاش گرینگییەکی ئەوتۆیان پێنەدراوە.

لە لایەنی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییشەوە ئەگەر لە بارودۆخی شارەکە بڕوانین، دەتوانین بە دڵنیاییەوە باس لەوە بکەین کە ئەگەر لە لایەنی فەرهەنگییەوە بە شێوازی جۆراوجۆر و لە ڕەهەندی جیاجیاوە وەک زۆر لە شارەکانی کوردستان لە دواکەوتووییدا ڕاگیراوە، ئەوا لە لایەنی کۆمەڵایەتییشەوە تووشی گەلێک کێشە و خەساری کۆمەڵایەتیی قورس بۆتەوە کە بێگومان گیرۆدەبوونی کەسانێکی بەرچاو لە خەڵکی ئەم شارە و تەنانەت گوندە دووردەستەکانیشی بە ماددەهۆشبەرەکان تەنیا نموونەیەکی زەق و دیاری ئەم دیاردە دزێوانەیە کە هەموویان دیاری کۆماری ئیسلامی بۆ خەڵکی ئەو شارە و شارەکانی دیکەی کوردستان و ئێرانن.

بەڵام با بێجگە لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی پێشنەکەوتنی شارەکە، لە چەند دێڕێکدا باسی ئەوەش بکەین کە بە ڕاستی لە هەموو ئەم بابەتانەی کە خرانەڕوو تەنیا ڕێژیمی دەسەڵاتدار تاوانبارە و بەس؟ ئەگەر واز لەوە بێنین کە لە ڕێژیمێکی دژ بە کوردی وەک کۆماری ئیسلامی ئەوە نەبێ چاوەڕوان ناکرێ، دەبێ پێ لەسەر خاڵێکی جێگەی سەرنج دابگرین ئەویش ئەوەیە کە بەداخەوە ئەم شارە لە لایەن زۆربەی هەرە زۆری کەسانی دەسرۆیشتوو و خاوەن پارە و دەوڵەمەندی شارەکەوە لانیکەم لە باری ئابوورییەوە فەرامۆش کراوە و هیچ گرینگییەکی پێنەدراوە. بەری ڕەنج و ئارەقە و خوێنی هەموو ئەو کەسانەی کە لە سنوورەکان کار دەکەن و هەموو ئەو پارە و پووڵەی کە لە بازرگانی و مامەڵەی سەر سنوورەکان کۆ دەکرێتەوە، نابێتە هۆی سەرمایەگوزاری و وەگەڕخستنی بۆ ئاوەدانی شارەکە و لە شوێنی دیکە و لە ڕێگەی دیکەوە کەڵکی لێوەردەگیرێ. بە دەیان و بە سەدان کەس هەیە کە توانای ئەوەیان هەیە بە وەڕێخستن و دامەزراندنی کارگە و کۆمپانیای گەورە سەدان و هەزاران خەڵکی بێکار و کەم دەرامەتی شارەکە لە هەژاری ڕزگار بکەن و تووشی ئەملاوئەولاشیان نەکەن. بەڵام ساڵانە سەرمایەیەکی زۆر لە لایەن حکوومەتەوە دەستی بەسەردا دەگیرێ و زەوت دەکرێ یان لە ڕێگەی دیکەی جیاواز لە خزمەتکردن و ئاوەدانکردنەوەی شارەکە سوودی لێ وەردەگیرێ و لە دەستی چەند دەڵالێکی دەرەکی دەکرێ.

کەوایە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەگەر ڕێژیمی دەسەڵاتدار تاوانباری سەرەکی لەدواکەوتوویدا مانەوەی شارەکەیە، ئەوا بێگومان خەڵکی دەسرۆیشتوو و خاوەن نفووزی ماددی و مەعنەویی شارەکەش لە ئاست زۆر مەسەلەی گشتیدا کەمتەرخەم و خەمساردن و پێویستە وێڕای خستنەڕووی داواکاری و ویستەکانیان بۆ کاربەدەستانی حکوومەتی، خۆشیان پێشەنگ و هەنگاوهەڵگری ئاوەدانی و خزمەتکردنی شارەکەیان بن.

# لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان
# یادی ٢٥ ساڵەی کارەساتی شیمیایی بارانی شاری سەردەشت زیندوو ڕاگیرا









پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ چوارشەممە، ڕێکەوتی ٧ی پووشپەڕ بە پێک هێنانی سمینارێک، حیزبی دێموکراتی کوردستان یادی ٢٥ ساڵەی شیمیایی بارانی سەردەشتی کردەوە.

لە سەرەتای ئەم سمینارەدا کە بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە تێکۆشەرانی دێموکرات لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب بەرێوەچوو، دوای ساتێک بێ دەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادو بیرەوەری شەهیدانی کوردستان، بەڕێز قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب قسەی بۆ بەشداران کرد. وریا لە سەرەتای قسەکانی دا وێڕای وەبیر هێنانەوەی چۆنیەتی ڕوودانی ئەم کارەساتە لە لایەن ڕێژیمی بەعسی عێراقییەوە، ئاماژەی بە شەڕی نێوان هەردوو دەسەڵاتی بەعس و کۆماری ئیسلامی کرد کە هەردوو لا ئاوریان بە سەر خەڵکی کوردستان دا دەباراند.

ناوبراو لەم پێوەندییەدا وتی: هەرچەند خەڵکی کوردستان بەشێک نەبوون لە شەڕی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە و خاوەنی بزووتنەوەی مافخوازانەی خۆیان بوون، بەڵام هەردوو لا کوردیان قەلاچوو دەکرد، لەم پێوەندییەدا ئاماژەی بە کارەساتی شیمیایی بارانی سەردەشت و هەڵەبجە لە لە هەردوو بەشی کوردستان دا کرد.

لە بەشی کۆتایی قسەکانی دا، قادر وریا، بە نوێنەرایەتی لە دەفتەری سیاسیی حیزبەوە وێڕای بەرزراگرتنی یادی قوربانیانی ئەم کارەساتە و دووپات کردنەوەی هاودەردی لە گەڵ بنەماڵەکانیان وتی: ئێمە وەزیفەمانە کە ئەو یادە زیندوو ڕابگرین و لە کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان دا بە کراوەیی بهێڵینەوە.

لە بەشێکی دیکەی سمیناری زیندوو ڕاگرتنی یادی ٢٥ساڵەی شیمیایی بارانی سەردەشت دا، دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە، مافناس و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان باسێکی لە ژێرناوی «ڕێوشوێنە نێونەتەوەییەکان لە دژی بەکارهێنانی چەکە کۆمەڵکوژییەکان»، پێشکەش بە بەشداران کرد.

دوکتور حەسەنزادە لە قسەکانی دا باسی لەو مەنشوورو یاسا نێودەوڵەتیانە کرد کە پێوەندییان بە قەدەغە کردنی بەکارهێنانی چەکە کۆمەڵکووژییەکانەوە هەیەو پاشان پەرژایە سەر ئەو پرۆتۆکۆل و پەیماننامانەی لەم پێوەندییەداو لە قۆناغە جیاجیاکاندا لە ئاستی نێونەتەوەییدا تەسویب کراون.

ناوبراو لە بەشی کۆتایی قسەکانی دا باسی لە چۆنیەتی بە نێونەتەوەیی کردنی کارەساتی شیمیایی بارانی سەدەشت کرد و لەم پێوەندییەدا پێی وابوو کە دەکرێ هەوڵ بدرێ ئەم کەیسە کاری لە سەر بکرێ و لە ئاستی نێونەتەوەیی دا لە ڕووی یاساییەو مەترەح بکرێ.

کۆڕگێڕێکی دیکەی ئەم سمینارە بەڕێز عەلی مەحموود، بەرپرسی ڕێکخراوی کوردۆساید، بە ڕەخنە گرتن لە لایەنە سیاسییەکان کە کەمیان هەوڵ داوە ئەم کارەساتە بناسێندرێ، باسی لە مەترەح کردنی پەروەندەی ئەم کارەساتە لە دادگایەکی وڵاتی هۆلەند دا کرد.

بەڕێزیان لە پێوەندی لە گەڵ ئەم دادگایەدا کە کاتی خۆی لە وڵاتی هۆلەند بەرێوەچووەو چەندین شاهید و قوربانیی ئەم کارەساتەش تێدا بەشداربوون، وتی: ئەم دادگایە توانی کاریگەریی باشی لە ناساندنی ئەم کارەساتەدا هەبێ.

عەلی مەحموود لە بەشێکی قسەکانی دا باسی لە پیلانگێڕییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە دادگای ناوبراودا کردو وتی: کۆماری ئیسلامی زۆری هەوڵ دا کاری دادگای هۆلەند بە لارێدا بەرێ. بۆ نموونە باسی لەو شاهیدانە کرد کە بە سفارشی کۆماری ئیسلامی دزەیان دەکردە نێو دادگاکەوەو بە جۆرێک دەیانهەویست تاوانە کە بخەنە پاڵ هێزە کوردییەکان.

هەر لەم سمینارەدا بەرپرسی ڕێکخراوی کوردۆساید چیرۆکی یەکێک لە قوربانیانی کارەساتەکەی گێڕایەوە کە شوێنەواری تایبەتی لە سەر ئامادەبووان دانا.

دوایین کۆڕگێڕی ئەم سمینارە، بەڕێز ڕێبوار مەعرف زادە، ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی «کوردستان» بوو، کە لە ڕوانگەی کۆمەڵناسانەوە باسی لە کارەساتی شیمیایی بارانی سەدەشت کرد. بەڕێزیان لە باسەکەیدا باسی لە بارودۆخی ٢٥ ساڵ لەمەوبەری کۆمەڵگای کوردستان کرد کە وەها کارەساتێکی بەسەر هاتبوو.

باسی لە بارودۆخی زیان لێکەوتوانی ئەو کارەساتەی کرد کە لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە بە تەواوەتی پشتگوێ خراون.

مەعرف زادە لە کۆتایی باسەکەی دا چەند پێشنیارو ڕاسپاردەی باس کردن بۆ ئەوەی زیاتر بکرێ گرینگی بە ژیانی زیان لێکەوتوانی ئەو کارەساتە بدرێ و هەروەها لەو کەیسەبە مەبەستی هەرچی زیاتر ڕیسواکردنی ڕێژیمە داپلۆسێنەرەکان کەڵک وربگیردرێ.

لە بەشی کۆتایی ئەم سمینارەدا کورتە فیلمێکی دێکۆمێنتی نیشان دراو دواتر بەشداربووان سمینارەکە بۆ سەدانی پێشانگای وێنەی بەشێک لە قوربانیانی کارەساتەکە سەردانی یەکێک لە ساڵۆنەکانی حیزبیان کرد.

# مافی چارەی خۆنووسین بۆ کوردەکان و هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئێران یەکێک لە پێویستییەکانی دەستەبەر بوونی دێموکراسی لە نێو ئێراندایە

**دیمانە: مەحموود شەریفی**

**و: ڕێبوار مەعروف زادە**



**سوهراب کەریمی کارناسی باڵای زانستە سیاسییەکان و یەکێک لە چالاکە خوێندکارییەکانی پێشووی کوردە کە بە هۆی چالاکییەکانی ئاخافتن و قسەکردن لە ڕێوڕەسمی ڕۆژی خوێندکار لە سەرماوەزی ٨٦ دا گیراوە و نزیک بە ٣ مانگ لە ژووری تاکەکەسی ئێڤین پەستێوترا. ناوبراو پاش ئازادبوونی لەسەر چالاکییە خوێندکارییەکانی خۆی بەردەوام بوو تا ئەوەی لە ئاکامدا لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا بەهۆی گوشاری هێزە ئەمنییەتییەکانەوە ناچار تەرکە وەتەن بوو.**

**لە بەرەبەری ساڵڕۆژی ڕووداوی سامناکی ١٨ پووشپەڕدا ڕۆژنامەی کوردستان وتوویژێکی لەگەڵ بەڕێزیان پێکهێناوە، کە وێکڕا دەیخوێنینەوە:**

**پ: ڕۆڵی خوێندکارانی کورد لە نێو بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستاندا چون هەڵدەسەنگێنن؟ خوێندکاران لەگەڵ حیزبە کوردییەکان چ جۆرە پێوەندییەکیان هەیە؟**

و: لە نێو سەدەی پێشوودا زانکۆکان ناوەندی چالاکی جۆراوجۆر بووە و ڕەهەندە جیاوازەکانی پرسی کورد، چ لە نێوخۆی ئێراندا و چ لە ناوچە، لە لایەن خوێندکارانی کورد لە نێو زانکۆکاندا بەدواداچوونی بۆ کراوە. لە نێو ئێرانیشدا پێش لە شۆڕش بە هۆی کەمی ڕادەی خوێندکارانی کورد و تێچووی زۆری چالاکی کردن، چالاکییەکانی خوێندکارانی کورد بەرتەسک بوو یان لە چوارچێوەی ڕێکخراوە خوێندکارییەکانی چەپ چالاکیان ئەنجام دەدا. ئێمە دەبینین کە ئەو ڕەوتە چەپانە کە لە واقیعدا تەنیا ڕەوتی ناوەند بوون داکۆکیان لە کوردەکان دەکرد کە دەکرێ بڵێین بوونی کوردەکان لە نێو ئەو ڕێکخراوانەدا بێ کاریگەر نەبووە. بەڵام هێندێک لەوان توانیان بە پێی گوتاری زاڵی ئەو سەردەم، کە گوتاری خەباتی چەکدارانە بوو، بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی خەبات بکەن. نموونەی بەرچاوی ئەو خەباتە «سمایلی شەریفزادە» و هاوڕێیانی بوون. ئەو ڕووداوە ئەوەندە کاریگەر بوو کە بوو بە خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە دوای شۆڕش و کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران و عێراق خوێندکارانی کورد بە هۆی هەستیاری دۆخەکە، بە چالاکی کلتووری وەک دامەزراندنی ئەنجومەنی ئەدەبی هونەری و بەڕێوەبردنی کۆمەڵێک ڕێوڕەسم وەک یادکردنەوەی کارەساتی هەڵەبجە و دەرکردنی گۆڤاری خوێندکاری دەستیان بە چالاکی کرد. دیارە خوێندکارە کوردەکان لە نێو ڕێکخراوە سەرانسەرییەکاندا بە شێوەیەکی چالاک بەشدار بوون و لە سەردەمی ڕیفۆرمدا ئەوانیش پەرەیان بە چالاکی خویان دا کە دەکرێ ئاماژە بە دامەزراندنی یەکیەتی دێموکراتیکی خوێندکارانی کورد و دەرچوونی کۆمەڵێک گۆڤاری خوێندکاریی هەرە باش وەک «ڕۆژەڤ»، «ڕاڤە«، «ئاشتی» و ... بکەین. خوێندکارانی کورد لە لایەک بە بەشداری لە نارەزایەتییەکانی سەرانسەری وەک ١٦ی سەرماوەز و لە لایەکی دیکە بە بەڕێوەچوونی ڕۆژی زمانی زگماکی توانیان خۆیان وەک ڕەوتێکی سەربەخۆ پێناسە بکەن. بەو پێیە دەکرێ بڵێین کە بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی شوناسێکی جیاواز لە هەر ڕەوتێکی دیکەی هەبووە و هەیەتی، بەڵام کۆماری ئیسلامی بۆ پاساودانی سەرکوتەکانی خۆی، هەر ڕەوتێکی کە لە نێوخۆدا دروست دەبێ بە دروستکراو و بەستراو بە دەرەوەی دەزانێ. هەرچەند کە حیزبە کوردییەکان ڕۆڵێکی گەورەیان لە جێگیرکردنی گوتاری ئازادیخوازانەی کورد هەیە و زۆرێک لە مێتافۆرەکانی حیزبە کوردییەکان لەگەڵ ڕەوتە مەدەنییەکانی کورد یەک لەوان بزووتنەوەی خوێندکاری هاوبەشە، بەڵام ئەو بابەتە سەربەخۆیی بزووتنەوەی خوێندکاری ناخاتە ژێر پرسیارەوە. دیارە حیزبە کوردییەکانیش هیچ کات کارێکی لەم چەشنە ئەنجام نادەن چونکە بۆ ئەوانیش تێچووی ئەمنییەتی زیاتری هەیە و زۆربەی چالاکانی خوێندکاری سەربەخۆن. هەر بۆیە چ حیزبەکان و چ خوێندکاران ئەو بیانوویە بە هێزە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی نادەن هەرچەند کە دەبێ خوێندکاران بەشێک لە هێزی مرۆیی حیزبەکان دابین بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەی خوێندکارێکی کوردی پڕ ئەژمار هەیە و تەنانەت ڕوانگەی حیزبەکان و بەشێکی گەورە لە خوێندکاران لێکنزیکە، حیزبە کوردییەکان نەیانتوانیوە هێزی مرۆیی خۆیان لە خوێندکاران دابین بکەن.

**پ: خواستەکانی خوێندکارانی کورد چۆن کاناڵیزە دەبێ و لەگەڵ چ بەهاگەلێک دێتەوە؟**

و: خوێندکارانی کورد ڕەخنەگر و دژی حکوومەت و سیاسەتە سەرەڕۆیی و نادێموکراتیکەکانی ڕێژیمن. هەروەها بەها نوێیەکانی مافی مرۆڤیان قبووڵە و خوازیاری لابردنی هەڵاواردن لەسەر نەتەوەکان و کەمایەتی یە ئایینییەکان، ژنان و کرێکارن. بەگشتی خوێندکارانی کورد خوازیاری دەستەبەر بوونی مافی گرووپی و تاکەکەسی خەڵکی ئێرانن. لەلایەک لە ئێراندا بەهۆی ئەوەی سەرچاوەکانی نەوت دەوڵەتی لە خەڵک سەربەخۆ کردوەو دەوڵەت سەربەخۆیی ئابووری هەیە و خەڵک بەستراوەی دەوڵەتن، لەلایەکی دیکە کۆمەڵگەی مەدەنی لاوازە، بەم هۆیە سیستمی سیاسی بەرەو سەرەڕۆیی دەچێ و بەو پێیە تەنیا سیستمێکی دیسانتراڵ دەتوانێ جگە لە دابینکردنی مافی نەتەوەکانی ئێران وەک زۆرینەی خەڵکی ئێران دەتوانێ ببێتە هۆی سەقامگیری دێموکراسیش. دیارە بە پێی سرووشتی ڕادیکاڵی بزووتنەوەی خوێندکاری، زۆرێک لە خوێندکاران سەرەڕای جەختکردن لەسەر مافە مرۆیی و دیموکراتیکەکان دواجار سەربەخۆیی کوردستان بەتەنیا ڕێگەی دابینکردنی سەرجەم مەفەکانی کورد دەزانن و تەنانەت ڕەخنەش لە حیزبەکان دەگرن کە بۆ سەربەخۆیی کوردستان کار ناکەن.

**پ: پێوەندیی خوێندکارانی کورد لەگەڵ خوێندکارانی دیکە چۆنە، خاڵە هاوبەش و جیاکەرەوەکانی ئەوان چییە؟**

و: بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی لە هێندێک خاڵدا وەک، ڕەخنەگرتن و دژایەتی لەگەڵ دەسەڵات، قبووڵی بەها مۆدێرن و دێنوکراتیکەکان، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و مافی یەکسانی ژن و پیاو، لەگەڵ خوێندکارانی ناوەند هاوبەشن، بەڵام لە واقیعدا گوتاری ئەوان بە تەواوەتی لێک جیایە. کوردەکان جگە لەو خاڵانە خوازیاری ئەوەن کە هەڵاواردن بە دژی کورد لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری و... کە بەرهەمی سیستمێکی ناوەندگەرایە لا ببردرێ. کوردەکان لەو بڕوایەدان کە مافی چارەی خۆنووسین بۆ کوردەکان و هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئێران یەکێک لە پێویستییەکانی دەستەبەر بوونی دێموکراسی لە نێو ئێراندایە.

کوردەکان جگە لە مافی تاکەکەسی خوازیاری مافی گرووپیشن، بەڵام ڕێکخراوە خوێندکارییەکانی دیکە زۆرتر لە ئاراستەی گوتاری ڕیفۆرمخوازیدا هەنگاو هەڵدەگرن. ئەوان خوازیاری کرانەوەی کەشی سیاسی و دواجار گەیشتن بە سیستمێکی دێموکراتیک و ناوەندگەران. خوێندکارانی ناوەند دابین بوونی مافی هاووڵاتی بۆ نەتەوەکانی ئێران بە تەواو دەزانن و بڕوایان بە دەستەبەر بوونی مافی تاکەکەسی هەیە. دیارە هەبوونی بابەتی هاوبەش و پێوەندییەکی هێمن لە نێو خوێندکاراندا دەبێتە هۆی ئەوەی کە لەنێوان بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی و بزووتنەوەی خوێندکاری ناوەند دیالۆگێکی باش بێتە ئاراوە ئەو بابەتەش دەبێتە هۆی هاوکاری نێوانیان.

**پ: بەڕێز کەریمی!**

**ئێوە ئاماژەتان بە کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش لەنێوان خوێندکارانی کورد و خوێندکارانی دیکە کرد و تەنانەت ئەو خاڵانەتان بەسەر کۆمەڵگەی کوردستان و ئێرانیشدا گشتاند. بەو پێیە بە بڕوای ئێوە بە چ هۆیەک خەڵکی کوردستان لە بزووتنەوەی سەوزدا بە شێوەی پێویست بەشداری نەکرد؟**

و: دیارە من ئاماژەم بە خاڵە جیاواز و جیاکەرەوەکانیش کرد، بەڵام وڵامی ئەو پرسیارە لە بوونی سیستمێکی دیکتاتۆریی و هەبوونی سەرکوتێکی هەمە لایەنە دایە. ڕاستە کە سەرکوتەکانی ساڵی ١٣٨٨ لە دوای سەرکوتەکانی ساڵی ٧٨ دڕندانەترین سەرکوت بووە، بەڵام ئەو بابەتە زۆرتر بە نیسبەت تاران و ناوچەکانی ناوەند ڕاستە چونکە ئێمە شاهیدی هەبوونی سەرکوتی توندتر لە پێش ساڵی ٨٨ بووینە. لە ٣ی ڕەشەمەی ٧٧ دەیان کەس لە کوردستان کوژران و هەروەها بە هاتنە سەرکاری توندڕەوەکانی مەزهەبی لە ساڵی ٨٤دا ڕووداوی دڵتەزێنی شوانەی سەید قادر ڕوویدا کە خۆپێشاندانی بەرینی خەڵکی کوردستان و کوژرانی دەیان و گیرانی سەدان کەسی لێکەوتەوە. لە ساڵی ٨٥یشدا شەپۆلێک لە داخستنی ڕۆژنامەکان وەک ڕۆژنامەی ئاشتی، ئاسۆ، ڕۆژهەڵات و گیرانی ڕۆژنامەنووسان دەستپێکرد. جگە لەمانە کوردستان لە باری ڕێژەی ئیعدامیش هەمیشە زۆرترین بەشی بەرکەوتووە. بە دوو هۆ لە قوربانی کردنی زیندانیانی سیاسی کەڵکی وەرگرت، یەکەم دروستکردنی فەزای ترس و دڵەڕاوکێ لە تاران و دووهەم پێشگرتن بە پەیوەستبوونی خەڵکی کوردستان بە بزووتنەوەی سەوز. ئەگەر خوێندکارانی کوردیش لە بزووتنەوەی سەوزدا بەشدارییان کرد، دەگەڕێتەوە بۆ کراوەیی زیاتری زانکۆکان و هەبوونی دەرفەتی دیالۆگ و هاوکاری کردن لەنێو زانکۆکاندا. ئێمە دەزانین کە ترسی دژایەتی کردن لەگەڵ ڕێژیم لەلایەن خوێندکارانەوە لە نێو چوو کاتێک کە لە ساڵی ٧٨ بۆ یەکەمجار خوێندکاران توانیان ڕێژیم تووشی قەیران بکەن زۆرێک لە درووشمەکانی بزووتنەوەی ساڵی ٨٨ لە واقیعدا لەنێو زانکۆکاندا هاتە نێو سەقام.

**پ: پاش هەڵبژاردنی ٨٨ و داخرانی هەرچی زیاتری فەزای سیاسی داهاتووی بزووتنەوەی خوێندکاری و ڕێکخراوەکانی دەفتەری تەحکیمی وەحدەت و یەکیەتی دێموکراتیکی خوێندکارانی کورد چۆن دەبینن؟**

و: پاش هەڵبژاردنی ساڵی ٨٨، حکوومەت تووشی قەیران لە پێکهاتەی دەسەڵاتداریتی بۆوە، واتە قۆناخێک سەرتر لە قەیرانی ڕەوایی کە حکوومەت لە دەیەی ٦٠ بەملاوە لەگەڵی ڕووبەڕوو بۆوە. دیارە ئەو قەیرانە خۆی دانی باج بە خەڵک لە ڕێگەی دانی قەرزی بێبەرنامە و یارانەدا دەبینێتەوە. دەفتەری تەحکیمی وەحدەت کە پێشتر لقێکی بەڕێوەبەری خوێندکارانی ڕیفۆرمیست بوو ئێستا کە پێوەندییەکانی لەگەڵ دەسەڵاتداران گرژ بووە و لەدوای ساڵی ٨٨ زۆربەی کات ئەندامەکانیان قۆڵبەست کردووە و تەنانەت حوکمی زیندانی درێژخایەنیشیان بەسەردا سەپاندوە. یەکیەتی دێموکراتیکی خوێندکارانی کورد کە سەرەڕای سەرکوتی توند و تێچوویەکی زۆر توانیبووی خۆی بپارێزێ لەو ترسە زۆرەی ڕێژیم دەرباز نەبوو هەرچەند وەخت جارێک ئەندامەکانیان بانگهێشت دەکرێن و بە سەرکوتی ئەندامەکانی دەیانهەوی ڕێکخراوەکە دابخەن. ڕێژیم زۆری هەوڵ دا تا یەکیەتی دێموکراتیکی خوێندکاران سەر بە گرووپەکانی دەرەوەی وڵات لە قەڵەم دا. دیارە ڕێژیم لەم هەوڵەی دا سەرنەکەوت چونکە یەکیەتی دێموکراتیکی خوێندکارانی کورد هەمیشە سەربەخۆیی خۆی پاراستوە. بە نیسبەت داهاتووی بزووتنەوە دەبێ بڵێم کە ڕێژیم ناتوانێ بۆ ماوەیەکی درێژخایەن خەڵک سەرکوت بکا. بەو پێیە کۆمەڵگەی خوێندکاریش ئەو دۆخە قبووڵ ناکا هەرچەند کە لە کورتخایەندا تووشی نوشست دەبێ.

**پ: گرینگی ١٨ی پووشپەڕ لە چ دایە؟ بە چ هۆیەک هەم ڕێژیم و هەم ئۆپۆزیسیۆن هەریەک بە شێوەی جیاواز جەخت لەسەر گرینگی ١٨ی پووشپەڕ دەکەن؟**

و: لەدوای کۆتایی هاتنی شەڕی نێوان عێراق_ ئێران، ڕێژیم گەیشتە قۆناخی سەقامگیری خۆی، چونکە بەهۆی شەڕ هەموو دژبەرانی لە مەیدان بەدەر کردبوو و هەروەها گرفتە سیاسی و ئابوورییەکان و لە هەمووی گرینگتر قەیرانی ڕەوایی پەردەپۆش کرد. ڕێژیم جەختی لەسەر چەند خاڵ دەکرد:

١) یەکیەتی و یەکپارچەیی ڕەوتەکانی نێو دەسەڵات

٢) دەسەڵات و نفووزی ڕێژیم کە کەس توانای بەرەنگار کردنی نییە.

٣) ڕەوایی ڕێژیم و دەسەڵاتدارانی ڕێژیم.

نارەزایەتی خوێندکاران سەرەتایەک بوو کە ناڕاست بوونی ئەو خاڵانەی نیشاندا و سەلماندی کە نەتەنیا دەسەڵاتدارانی ڕێژیم یەکگرتوو نین، بەڵکوو ململانێ و ناکۆکی قووڵیشیان هەیە. هەروەها دژایەتیان لەگەڵ خامنەیی کە وەک ڕێبەتی ڕۆحی نیزام لە قەڵەم دەدرا، کرد. جگە لەمە جیهان زانی کە ڕێژیم نەتەنیا خاوەنی ڕەوایی و پشتگیری خەڵکی نییە، بەڵکوو خەڵک و گەنجەکان هەموو بەدبەختییەکانی خۆیان لە چاوی ئیدئۆلۆژی و سیاسەتە هەڵەکانی ڕێژیمدا دەبیننەوە. لە لایەکی دیکە خەڵک و ئۆپۆزیسیۆنیش کە لە دوای سەرکوتی دڕندانەی ڕێژیم هەر خۆی نەگرتبۆوە، ئومێدێکی تازەی پەیدا کرد. لە هەمووی گرینگتر ١٨ی پووشپەڕ ئومێدی خۆڕاگری و سەرهەڵدانی دوژمنی سەرەکی دیکتاتۆرەکان واتە ئومێدی سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی مەدەنی دروست کرد.

**هەرچەند کە حیزبە کوردییەکان ڕۆڵێکی گەورەیان لە جێگیرکردنی گوتاری ئازادیخوازانەی کورد هەیە و زۆرێک لە مێتافۆرەکانی حیزبە کوردییەکان لەگەڵ ڕەوتە مەدەنییەکانی کورد یەک لەوان بزووتنەوەی خوێندکاری هاوبەشە، بەڵام ئەو بابەتە سەربەخۆیی بزووتنەوەی خوێندکاری ناخاتە ژێر پرسیارەوە**

درێژەی:

## حەسرەتی ئاخێک لەسەر دڵی دوژمن بهێڵنەوە

ئاکامەکانی ئەم قانوونە بۆتە هۆی گرانیی لەڕادەبەدەر. بەجۆرێک کە زۆربەی بەرپرسانی بەرزی ڕێژیم، ئەم قانوونە بە هۆکاری سەرەکیی گرفتە ئابوورییەکان دەزانن. سەرۆکی مەجلیس، عەلی لاریجانی لە دانیشتنی ئاشکرای ڕۆژی چوارشەممە ٧ی پووشپەڕدا سیاسەتە ئابوورییەکانی دەوڵەتی بە یەکێک لە هۆکارەکانی گرانی لە وڵاتدا ناوبرد. بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی «مهر» لاریجانی گوتی «کێشەی گرانی کە ئەم ڕۆژانە پێداویستییە سەرەکییەکانی خەڵک وەک نان، شیر، گۆشت و خانووبەرەی گرتۆتەوە جگە لە دوژمنایەتیی دوژمنانی دەرەکی، لە نەبوونی بەڕێوەبەریی نێوخۆیی سەرچاوە دەگرێ». لاریجانی گوێ نەدانی دەوڵەت بە بەڕێوەبردنی وردی قانوونی ناسراو بە ئامانجدارکردنی یارانەکان بە یەکێک لە هۆکارەکانی بێ سەرەوبەرەیی بارودۆخی ئابووریی وڵات دەزانێ: «کاتێک مەجلیس لە باسی ئامانجدارکردنی یارانەکاندا پێی لەسەر ئەوە دادەگرتەوە کە ٣٠ لەسەدی داهاتەکەی بۆ بەرهەمهێنانی وڵات تەرخان بکرێ، یان بە هێوری ئەم ڕەوتە بپێوین، ئەمە سەلیقەیەکی تاکتیکی نەبوو.» ناوبراو دەڵێ، ئەم بڕیارە بۆیە درا کە بەرهەمهێنەرانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و پیشەسازی تووشی بارودۆخی ئێستا نەبن. هێندێک لە کارناسان پێیان وایە هەر بەو هۆیە بەڕێوەبردنی قۆناغی دووەمی گەڵاڵەی وەلانانی سوبسیدەکانی ڕاگرتوە کە نیگەرانی چوونە سەری نرخەکان و لەدەستدانی کۆنترۆڵی بازاڕە.

بە وەبەرچاوگرتنی ئەم شتانەی باسکران دەتوانین بڵێین کۆمەڵە فاکتەرێکی وەک تەریک کەوتنەوەی کۆماری ئیسلامی لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەییدا لە باری سیاسی، ئابووری و دیپلۆماسی و هەروەها کەلێنە ڕوو لە زیادبوونەکانی نێو نیزام لەسەر داگیرکردنی زیاتری دەسەڵات، گەشەی دێموکراسیخوازی لە نێو کۆمەڵگای ئێراندا و بێ توانایی بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵگا لە دەستڕاگەیشتن بە خۆشگوزەرانی و پەرەسەندنی ڕاگەیەنەکان و لە هەمووان گرنگتر وڵامدەر نەبوونی حکوومەت لە بەرامبەر بژیوی هاووڵاتییاندا و هتد...، دووره دیمەنی حکوومەتی ویلایەتی فەقیهی ڕۆژبەڕۆژ تاریکتر دەکا.

تێکدانی ژێرخانە ئابوورییەکانی وڵات لەژێر ناوی ئابووریی سەربەخۆ و ئیسلامی وێڕای دژایەتی لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی و بە تایبەت بەردەوامیی بەرنامەی ئەتۆمی و پەرەپێدانی قەیران لەگەڵ ئەنجومەنی ئاسایش، هەمووی ئەمانە نیشانەدەری سووربوونی ئێران لەسەر بەردەوامیی قەیران و گوێ نەدان بە گرانی و، بە فیڕۆدانی سەرمایە نەتەوەییەکان لەپێناو پاراستنی نیزامی ئۆلیگارشیی دەسەڵاتدار و درێژکردنەوەی تەمەنیدایە.

بە پێی ڕاپۆرتی سندوقی نێونەتەوەیی دراو، ئێران بە ئاوسانی ئابووریی زیاتر لە ٢٦ لەسەد لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا زیاترین ئاوسانی ئابووریی هەیە. لە حاڵێکدا کە نێونجی ئاوسان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ٣،٣ لەسەدە.

سندوقی نێونەتەوەیی دراو لە نوێترین ڕاپۆرتی خۆیدا لەسەر بارودۆخی پێوەرە ئابوورییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئاوسانی ئابووریی ئەمساڵی ئێرانی بە ڕادەی ٢٦،٢ لەسەد پێشبینی کرد کە بە پێی ئاماری ئەم بنیاتە نێونەتەوەییە، بەرزترین ڕادەی ئاوسانی ئێران لەم ساڵانەی دواییدا بووە و هەتا کۆتایی ساڵی ١٣٩٢ش وەک بەرزترین نرخی ئاوسان دەمێنێتەوە.

ئەحمەد خاتەمی کە ئێوارەی چوارشەممە ٢٠١٢/٦/٢٧ لە ڕێوڕەسمی سیو یەکەمین ساڵوەگەڕی تەقینەوەی بنکەی حیزبی کۆماری ئیسلامیدا قسەی دەکرد، وێڕای ئاماژە بە ئاوسانی ئەم دواییانەی ئێران وتی: «گرانییە ڕوو لە زیادبوونەکان هۆی ئێش و ئازاری ئێمەن بەڵام ئەگەر ئێوە ئاخ بکێشن دوژمنان دەڵێن بە ئامانجی خۆمان گەیشتووین، کەوابوو حەسرەتی ئاخێک لەسەر دڵی دوژمن بهێڵنەوە و سەبرتان هەبێ.»

# زمان .. ئەدەبیات.. وەرگێڕان




وریا رەحمانی

ئەدەبیات، یەکێک لەو چەمکە مەعریفییە گرینگانەیە کە دەتوانێ نموداریێکی شایستە لە بوون و شوناس و کەڵکەڵە دەروونی و هزرییەکانی تاک و کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکان بە دەستەوە بدا. لە ڕێی ئەدەبیاتەوە دەتوانین لەگەڵ ڕاستەقینەکانی ژیان و ئەندیشە و باوەڕەکانی مرۆڤ ئاشنا بین و خۆزگە و خولیاکانی بناسین.

ئەدەبیات بەستێنێکی سادقانەیە کە مرۆڤ لە نێو جیهانی دەوروبەریدا دەنرخێنێ و جیهانی مرۆڤی تێدا دەدرەوشێتەوە. بەتایبەت بۆ ناسین و پەی بردن بە قووڵاییەکانی دەروون و حەقیقەتی مرۆڤە جۆراوجۆرەکان و کۆمەڵ و نەتەوە جیاوازەکانیش، هونەر و ئەدەبیات دەتوانن سەرەکیترین و گونجاوترین ئامرازی یارمەتیدەر بن و دەوری ئاوێنەیەکی باڵا نوێنی لەم بەستێنەدا هەبێ.

بەم پێیەی هونەر توانایی مانەوەی هەیە و لە باوەشی مێژوو دا دەمێنێتەوە،مرۆڤ بەردەوام هەوڵی داوە کەڵکی شایانی لێ وەرگرێ و بۆ هێشتنەوە و ماندگاری خۆی، چ وەک تاک و چ کۆمەڵ، لە بەستێنی مێژوودا بەکاری بێنی و پێناسەیەکی بەردەوام و هەرمانی تر لە خود و باوەڕەکانی بۆ ئایندەی جیهان و مرۆڤایەتی بیڵێتەوە. هونەر، ئەدەبیات، بەتایبەت شێعر غینایی ترین و لەهەمان کاتیشدا سادەقانەترین بەستێنێکن کە مرۆڤ دەتوانێ خۆی تێدا ببینێتەوە و حەقیقەتی فەلسەفەی



وجودی تێدا بنوێنی. هەر بۆیەش بە درێژایی مێژوو مرۆڤەکان وەک خولیا و نەتەوەکان وەک پرۆژە گرینگییەکی زێدەیان بە بواری هونەر و ئەدەبیات داوە و هەوڵیان داوە کە بە باشترین شێوەکانی مومکین لە پێناوی دەرکەوتن و ماندگاری خۆیانەوە کەڵکی شایانی لێ وەرگرن.


لەو نێوەدا کاتێک کە پانتایی ژیان و کارکردی کاریگەرییەکان چوارچێوەی خود و بازنە خۆماڵییەکان تێدەپەڕێنێ و فەزایەکی گشتگیرانەتری جیهانیانە بە خۆیەوە دەگرێ، گرینگی چەمکی وەرگێران و گواستنەوەی ئەدەبی هەرچی زیاتر دەردەکەوێ و وەک زەروورەتێکی حاشا هەڵنەگرانەی گرینگ خۆی دەردەخا.

لە ڕاستیدا شێعر و ئەدەبیات لە جۆری ئەم چەشنە هونەرانە نین کە زمانێکی جیهانیانەی هەبێ و شێوەی لێدوانی لەگەڵ گشت مرۆڤایەتی وەک یەک بێ. ئەدەبیات و شێعر بە پێی پێوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ زمان بە گوێرەی کەسی داهێنەر و ئەو زمانەی کەڵکی لێ وەرگرتوە، لە سەرەتاوە شوناسێکی لۆکاڵیانەی تایبەتی ناوچەیی بە خۆوە دەگرێ. کەچی کاتێک کە بیهەوێ سنوورەکانی زەمانی و مەکانی تێپەڕێنێ و لە ئاستە باڵاکانی نێونەتەوەیی جیهانی دەرکەوێ، پێویستیی بە چەمکی وەرگێڕان بە لانی کەمەوە بە چەندێک لە زمانە زیندووەکانی دنیا دەبێ. ئینجا وەرگێڕان



دوو بواری گرینگی سەرەکی لە خۆ دەگرێ. وەرگێڕان لە زمانی دیکەوە بۆ زمانی خود،وەرگێڕان لە زمانی خودەوە بۆ زمانی دیکە. لە ڕاستیدا هەر دووی ئەم بوارانە گرینگییەکی زێدەیان هەیەو لە بواری گەشەی فەرهەنگی و مەعریفیدا دەورێکی سەرەکی دەگێڕن.

بەتایبەت لە دنیای گلۆبالی ئێستادا نەتەوە جۆراوجۆرەکان بە مەبەستی ئاشنایی زیاتر لەگەڵ فەرهەنگ و زانستی جیهانی، گەشەی فەرهەنگ و بردنەبانی ئاستی تێگەیشتنی کۆمەڵگە و قەرەبووکردنەوەی بەشێکی زۆر لە دەستکورتیی کتێبخانەکانی خۆیان لە وەرگێڕان کەڵکێکی زێدە وەردەگرن و تەنانەت بوار و کەرتی تایبەتیشی بۆ دەستەبەر دەکەن. هەروەها بە مەبەستی دەرکەوتنی شایستە و وێنای نموداریێکی ئەرێنی لە خۆیان لە ئاستی نێونەتەوەییدا، هەوڵ دەدەن لە گشت ئامراز و کاناڵە جۆراوجۆرەکانی وەرگێران و گواستنەوەی هونەر و ئەدەبیاتی خۆیان بەرووی دنیای دەرەوە کەڵک وەرگرن و لەم ڕێیەوە خۆدێکی شایان و ڕازاوە بەرامبەر بە کۆمەڵگەی جیهانی نیشان بدەن. بەدڵنیاییەوە وەرگێڕانی دەقە جۆراوجۆرەکان بەتایبەت شێعر و ئەدەبیات دەتوانێ پردێکی پێوەندی و لێک تێگەیشتنێکی قووڵتر لە بەستێنی تەبایی و هاوژیانیی نێوان نەتەوە و کۆمەڵگە زمانییە جیاوازەکان لە ئاستی جیهانیدا پێک بێنێ. بەتایبەت بەنیسبەت ئێستای کورد و کۆمەڵگەی کوردستانەوە، وەرگێڕان دەتوانێ دەورێکی گرینگ و یارمەتیدەری لە بواری تێگەیشتنی باشتری ئێمە لە مرۆڤایەتی و جیهانی



نێونەتەوەیی و هەروەها دەرک و ناسینی گونجاوتری جیهانی لە ئێمە، هەبێ. هەر ئێستا وەرگێڕان بەشێکی تایبەت و گرینگی ئەدەبیاتی هەر نەتەوەیەکی زمانی لە جیهاندا پێک دێنێ و لایەکی شایانی لێ دەکرێتەوە.

# غەزەلی نەتوانین

لە دەستە گەرمەکانی تۆ
کە منداڵی ئاوەڵدوانەی نێو باوەشمن
چیها قسەم پێیە بیکەم
ئەگەر غەمی نان لێم گەڕێ

لە میهرەبانیی بێدریغی گیانی تۆ
مەسیحی دایک، ئەی خۆرەتاو!
بەسازێکی بێکۆتایی کە هەر تۆ بی
ئەمن نەغمە لەسەر نەغمە سروود ئەڵێم
ئەگەر غەمی نان لێم گەڕێ

لە کۆلکەزێڕینەی مانگی گوڵانی تۆ
کە لەم باخی خەزانەدا سەراپەردەی خۆی هەڵداوە
چەندین و چەند نەقش ونیگار دەکێشمەوە
کەهەر ڕەنگەی لە ڕەنگێکی تر گەڕابێ
ئەگەر غەمی نان لێم گەڕێ

کانیاوێک لە نێو دڵدا و
ئاوهەڵدێرێک لە نێو دەستدا
خۆرەتاوێک لە نیگادا و
فریشتەیەک لە کراسدا،
لە ئینسانێک کە هەر خۆتی
هەزار چیرۆک دەگێڕمەوە
ئەگەر غەمی نان لێم گەڕێ.

شێعری ئەحمەد شاملوو و: ناسر حێسامی

# زەردەشتەکەی نیچە وای کوت

ئەمن ناڵێم لەوەی کە هەم گەورەترم. هەر ئەوەندەی ئەوەندەی بوونم بفامن، کەم گەورە نیم.

هیچ شتێکتان پێ نافرۆشم، وەک ئەوەی بیکەن بە خۆتان. من هاتووم بتانکڕمەوە، لە خۆتان ڕزگارتان بکەم.

بێ کەڵکە لەومەودا دەژین. ڕێبواری هیچ ڕێبازێک نین، وەک ئەوەی هەنگاوەکانتان لە دەروونتاندا مەیبین. دەنا باڵای هیچ ئاسۆیەک لە تیشکی هیچ خۆرەتاوێک بەرزتر نییە.

لە بەهار هێندەی نیگاتان شک نابەن. لە کۆشتان شەونم ناکەوێ و دەستتان کۆلارەی ئەوین نییە. لەو هێڵە کەمرە گرتووەی بەراییتانە بێزارم.

بێ هیچ دەلیلێکی زیندوو دەژین، بێ ئەوەی لە مردن خەنی بن. بە پاساوی بوون دەفەوتێن، کەچی هەرگیز زیندوو نەبوون. ئەی من لە نێو ئێوەدا چی دەکەم؟ نا، من هەرگیز وەک ئێوە نیم.

زۆر دەترسم لەوەی ڕۆژێک وەک پیرۆز باسم لێ بکەن! هیچ گومانم لە گەورەیی خۆم نییە بەڵام ئێوەی ڕێبواری ئەم ڕێیە زۆر بچووکن.

«یارسان»

# پەنجەرەیەکی کراوە



من ماسییەکی چکۆلەم
لە دەریای خەم و خەفەت و دا ناژیم،
ڕۆژێک دادێ لە ئێوارەیەکی غەمگینی ئارگۆنی دا دەمرم و
شەپۆلەکانی ئازار
بەرەو کەناری تەنیاییم دەبەن
ڕەنگە ببم بە خۆراکی
سیسالکە کە چەڵێکی باڵ شکاو
یا خۆراکی نەوڕەسێکی ماندوویی ڕێی دوور.
من پەپولەیەکی تەنیای پاییزم و
بەسەر گوڵ و گەڵای وەریودا گوزەر دەکەم
بۆ ماچی دوا پەڕەی گوڵی وەریوی سەرگەردانم
من دەنکە گەنمێکی پەڕیوی
دەستی وەرزێکی پشت گۆماوم
نە چۆلەیەکی برسی دەمخوات و
نە بارانێ سەوزم دەکات !
من شوشە عەترێکی ڕژاوم
ڕەشەبای مەرگ وردە وردە
دەمخوات و لە ناوم دەبات
من کلۆ بەفرێکی باریوم و
بەسەر گەڵایەکی هەڵوەریودا
دەتوایمەوە،
ڕۆحی من پەڕەسێلکەیە کۆچەریە و
ساڵە هایە کوێستان و گەرمیان
لە نێو ئازار و غوربەت دا دەکات،
ڕۆحی من ماسییەکی ریشاڵ شکاوە و
شەپۆلی سۆز دەیهێنێ و دەیبات
ڕۆحی من کەشتییەکی چکۆلەی
سەوڵ شکاوی
نێو دەریایەکی بەرینە
چاوەکانم دوو کردۆلکەی قاوەیی و زەرباوی
قاقڕ و بیابانێکی غووربەتن
چاوەکانم ئاخ ! چاوەکانم
چاوەکانم تێر نەبوون لە دیتنی جوانی،
لێوەکانم ئاخ ! لێوەکانم،
لێوەکانم تێر نەبوون لە خوناوی گەردن و لە شیللەی لێو،
دەستەکانم ! ئاخ دەستەکانم،
دەستەکانم تێر نەبوون لە گرتنی قۆڵی نەرم و
لە شانە کردنی قژی خاو و
لە هەڵکوشینی سینگ و
لە هەڵگلۆفینی ران و دەست و بازو و،
گوێچکەکانم ! ئاخ گوێچکەکانم
گوێچکەکانم حەیران نەبوون
بە ئاوازی بۆنی خۆشت،
هەستی بۆن کردنم ! ئاخ هەستی بۆن کردنم
هەستی بۆن کردنم تێر نەبوون لە مۆسیقای قژی خاوی
وەک ڕیحانت،
لە حەناسە و نرکەی دڵەی پڕ گوڵاوت
هەمووجەستەم ئاخ ! هەموو جەستەم،
جەستەم نەحەسایەوە لەسەر سیسەمێکی
نەرم و پڕ مووحیبەتت،
ڕۆحم ئاخ ڕۆحم،
ڕۆحم ئاسوودە نەبوو
بە دیدەنی ئەو پاریانەی خۆشم دەوێن.

شێعری : هاوژین صلیوە _ کۆیە

# هەڵە چێنی

## شانازیکردن بە ڕووناکبیرییەوە



مستەفا شێخە

هەر من بە تەنیا خەریکی هەڵەچێنی نیم. بە خۆشیەوە هەموو لایەکمان لەمێژە دەستمان بە هەرەوەزی هەڵەچێنی کردوە و هەتا زەمەن تێدەپەڕێت و دەسکەوتی نوێ و پێشکەوتن هەراوتر دەبن، ئێمەش لە هەڵەچێنیدا فراژووتر و پوختەتر دەبین.

لە بواری هەڵەچێنیدا ئەگەر ئاوڕێک لە چەمکی ڕووناکبیری بدەینەوە، بۆمان ئاشکرا دەبێت لەم بوارەشدا دەستی ئەو نەتەوە و وڵاتانەمان لە پشتەوەڕا بەستووە کە دەڵێن وشەی ڕووناکبیری لە سەرەتاوە لای ئەوان سەری هەڵداوە و ئەوان چەند سەدە لەمەوبەر و بەر لە ئێمە هەستیان بە چەمکی ڕووناکبیری کردوە و گەشەیان پێداوە. کاتێک دەبینم ڕووناکبیر و ڕووناکبیری لای ئێمە ئەوا بەلەز و خێرا گەشە دەکات و پەل بۆ هەموو کەلێن و قوژبن و ئاقارەکانی ژیانی ڕوولەگەشەماندا دەهاوێت، پێکەنینم بەو وڵاتانەشەوە دێت.

وایە لەڕادەبەدەر دەچمە ناو پەراوێزەوە و ڕەنگە ناوەرۆک و کاکڵی بابەتەکەم لێ هین بێت.دیسان دەگەڕێمەوە سەر ڕووناکبیری خۆمان و ئەگەر بۆم بکرێت سەرێک لەم چەمکە ئاڵۆزوفرەرەهەندە دەر بکەم کە ڕووناکبیر لای ئێمە هەیەتی و خەڵکی وڵاتانی دیکە هەر بەخەونیش بیریان لێی‌نەکردووەتەوە، سەرکەوتووی ئەم مەیدانەم.

منیش وەک ئێوە کەم کتێب و متێب دەخوێنمەوە و ئەگەر بشخوێنمەوە، هەڕەی لە بڕەی ناکەمەوە و چونکە باش تێی ناگەم، هەر چاو بە دێڕەکانیدا دەخشێنم و وەک ئەوەی لێی تێگەیشتبێتم، سەری بۆ دەلەقێنم. بەڵام لەملاو لەولا بیستوومە ڕووناکبیری وڵاتانی دیکە، وەک هی ئێمە نین و لە بواری پڕاکتیکدا زۆر دەستەوەستاون و تەنیا بە دەرکردنی تیۆری و ڕەخنە و مەخنە و شتی لەمجۆرەوە خەریکن.

لەلای ئێمە چونکە ڕووناکبیر بوون، پیاوی بە شان و باهۆ و بەکاری دەوێت، ژن وەک مرۆڤێک کە توانای جەستەیی ناگاتە توانای پیاو، بۆ بوون بە ڕووناکبیریش، لە پلەی دواوەیە.

تەنیا کێشەی ئێمە لە پێناسەی ڕووناکبیر جیاوازی لە ناوەکەیدایە و لە بواری ئەرکەکانی ڕووناکبیر و ئاقارەکانی پڕاکتیزەکردنی چەمکی ڕووناکبیریداهیچ کێشەمان نییە. بە هۆی ئەوەی وڵاتەکەمان پارچە پارچەیە، ئەم وشەیەش بە مەرەدی وشەکانی دیکە چووە و لە پارچەیەکی وڵاتە قاش قاش و کووزکووزکراوەکەماندا بووە بە ڕەوشەنبیر و جار هەیە ڕەوشەنبیرەکەش بە ڕۆشنبیر و ڕەوشنبیر دەنووسرێت و دەخوێندرێتەوە.

شوکر بۆ هەوڵ و تێکۆشانی ڕووناکبیران، لە پارچەی ڕزگارکراوی وڵاتەکەماندا ڕووناکبیر ئەوەندە زۆرە لە هیچ شوێنێک بۆی ماتڵ نابی و هەر بۆیەشە ناچار بوونە شارێکی گەورە بکەن بە پایتەختی ڕۆشنبیری و وەزارەتێکی گەورە و گرانی لۆ دابنێن و بە ملیۆنان دۆلاری بۆ تەرخان بکەن. لەم بەشەدا لە وێنەگری تەلەفزیۆن و هەڵەچنی ڕۆژنامە و تەمبوورژەنەوە بگرە تا دەگاتە چایەچی هەندێک لە ئیدارەکان و شۆفیر ماشێنی ئەو ئیدارانە، بە ڕووناکبیر حیسابن.

هەر لەو پارچەیە پایتەختیشمان بۆ ڕووناکبیران لەبەرچاو گرتوە، ئێستا شاری هەڵمەت و قوربانیی جاران ئەم ناوە کۆن و سواوەی لەکۆڵ بووەتەوە و بووە بە پایتەختی ڕۆشنبیری و خەڵکەکەی لە دەست چیرۆکی ئیبراهیم و ئیسماعیل و مەڕەکە ڕزگار بوونە لە جیاتی قوربانیدان، ڕووناکبیرن.

ئەم پارچەیەمان ئەوەندە ڕووناکبیری هەیە حیزبە زۆر و زەبەندەکانیش لە دەستیان وەزاڵە هاتوون و ناچار وەزارەت و پایەتختیشیان بۆ دابین کردن.

بەڵام بە هەزار ماشەڵڵاوە، پارچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەوەندە ڕووناکبیری هەیە و ئێمەش تەنیا بە بۆچوونی من وەک ڕووناکبیرێکی هەڵەچێن، زۆر زۆر زۆر پێشکەوتووین و خاوەنی لەشکری هەراوی ڕووناکبیرانین. لەبەر ئەوەی پارچەی ڕۆژهەڵات لەژێر دەستەڵاتی نەیارانی کورد دایە، ڕۆشەنبیرانی ناوخۆ کپ کراون و ناچار ئەوانەی دەرەوە بەلێشاو زیاد دەکەن و ئەگەر ڕۆژگارێک ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک باشوور ئازاد بێت، ڕووناکبیران ئەوەندە زۆر دەبن کە چینێکی سەربەخۆ و هەراویان لێدەکەوێتەوە و چەند پایتەخت و وەزارەتیان پێویستە.

زۆری و هەراویی ڕووناکبیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەم دواییانە گوشارێکی توندی خستووەتە سەر حیزب و ڕێکخراوەکانی تاراوگە و بە هۆی جیاوازیی بیروبۆچوونی ڕووناکبیرانەی ئەم ڕووناکبیرانەوە چەند ساڵێکە لە ناوەوە فشار کەوتووەتە حیزبەکانیش و پارچە پارچەی کردوون. چۆن ڕووناکبیرەکانمان لە زیادبوون دان، ئەواش حیزبەکان دابەش دەبن و پاژەکانیان گەشە دەکەن و گەورە دەبن.

لەبەر ئەوەی حیزبەکان زۆرن، جارێ بەشی جیاوازییەکانی ڕووناکبیرانیش دەکەن، بەڵام ئەو ڕەوتە ڕوولەگەشەیەی ڕووناکبیران ڕەنگە چەندین لەتبوونی دیکەشی لێبکەوێتەوە.

وێڕای ئەمەش لەشکری ڕووناکبیران لە پشت ستۆدیۆی تەلەفزیۆنی حیزبەکان بە ڕیز ڕاوەستاون و بەپەلەن بچنە ژوورەوە و لە شاشەکانەوە خەڵک بۆ دابەش بوون و زیادکردنی ڕێژەی حیزبەکان هان بدەن و فرەحیزبی و فرەدەنگی بە چەشنێک زیاد بکەن.

ئەمانە گشتی با بخەینە پاش گوێ، ئەوەی ڕاستی بێت، من هەروا لە نێوان وشەی ڕووناکبیر و ڕۆشنبیر و ڕەوشەنبیردا دەخولێمەوە و خەون بەچەند وەزارەت و پایەتختی دیکەی ڕەوشەنبیریەوە دەبینم.

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party

NO: 586 5 July 2012



ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، رۆژنامەی «کوردستان»، رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 MHz 11200
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com


## رۆژنامەنووسێکی کورد خەڵاتی ساڵی «هێلمەن هێمت»ی پێ بەخشرا




رۆژنامەنووسێکی کورد لە هەرێمی باشووری کوردستان لەنێو ٤٧ کەسایەتیی جیهاندا خەڵاتی (هێلمەن هێمت)ی رێکخراوی نێودەوڵەتیی چاوەدێریی مافی مرۆڤی وەدەست هینا.

گۆران دووکانی رۆژنامەنووسی کوردی هەرێمی باشووری کوردستان توانی لە نێو ٤٧ کەسایەتیی جیهانیدا خەڵاتی ئەمساڵی «هێلمەن هێمت»ی سەر بە رێکخراوی نێودەوڵەتیی داکۆکی لە مافی مرۆڤ بۆ خۆی تەرخان بکا.

گۆران دووکانی لە لیدوانێکدا بۆ رۆژنامەی «هاووڵاتی» وتوویەتی: زیاتر لە پازدە رێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ وەرگرتنی خەڵاتی «هێڵمەن هێمت» پشتگیرییان کردوە کە بەرچاوترینیان بریتین لە: رێکخراوەکانی «ئەمنێستی ئەنتێرناسیۆناڵ، هەواڵنێرانی بێ سنوور، کۆمیتەی بەرگری لە رۆژنامەنووسان، پەیمانگای نێودەوڵەتیی رۆژنامەوانان» و چەند رێکخراوێکی دیکە.

## فیلتێر کرانی ماڵپەڕەکانی باشووری کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە


ماڵپەری «رووداو» کە تایبەتە بە باشووری کوردستان بڵاوی کردەوە، لە کافی نێتەکانی ئێران، چەند ماڵپەرێکی کوردی و لەوانە (رووداو، ئاوێنە، کوردیو، پەیامنێر، بەشی کوردی دەنگی ئەمریکا) فیلتریان خراوەتە سەر و ناکرێنەوە، ئەویش بە پشت بەستن بە یاسای تاوانە ئینتەرنێتییەکانی ئەو وڵاتەیە کە گوایە ئەو ماڵپەرانە دژی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کار دەکەن.

کاتێک لە ئێران دەچیتە سەر ئینترنێت و ناونیشانی هەندێ لە ماڵپەڕە کوردییەکان دەنووسی ماڵپەڕەکە ناکرێتەوە و لە بەشی سەرەوەی لاپەڕەکە بە زمانی فارسی بە هێڵێکی سوور نووسراوە: «بە پشتبەستن بە یاسای تاوانە ئینترنێتییەکان، دەستڕاگەیشتن بەو ماڵپەڕەی داواتان کردوە، بەربەست کراوە». لە خوارەوەی لاپەڕەکەش ژمارەیەک لینکی ئایینی و خێزانی و سەرگەرمیی ئێران دانراون و دەڵێت تۆ دەتوانی سەردانی ئەو ماڵپەڕانە بکەیت.

ماڵپەڕی رووداو گرینگی بە پارچەکانی دیکەی کوردستان، بە تایبەتی رەوشی مافی مرۆڤ و زیندانیانی سیاسیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران دەدا. ماڵپەڕی (رووداو) رۆژانە هەواڵ لەسەر پارچەکانی دیکەی کوردستان (رۆژهەڵات، رۆژئاوا و باکوور) بڵاودەکاتەوە.



## لە قەزاقستان رۆژنامەنووسێکی کورد وەک ئەندامی ئەنجومەنی نووسەرانی ئەم وڵاتە دیاری کرا



رۆژی ١٤ی مای ٢٠١٢ لە دانیشتنێکی پلنۆمی ئەنجومەنی نووسەرانی قەزاقستاندا بابەتی وەرگرتنی ئەندامی نوێ بۆ بەڕێوەبردنی ئەم ئەنجومەنە تاوتوێ کراو و دواتر لە نێو سەد کاندیددا ٩ کەس وەک بەڕێوەبەری نوێ وەرگیران کە یەکیان حەسەن حاجی سلێمان، نووسەرێکی کوردی ئەم وڵاتە بوو.

بەم شێوەیە بۆ یەکەم جار، شاعیرێکی کورد لە مێژووی ٧٠ ساڵەی کوردەکانی قەزاقستاندا بوو بە ئەندامی ئەنجومەنی نووسەرانی ئەم وڵاتە.

حەسەنی حاجی سلێمان لە نێو نووسەرانی کورددا ناوێکی دیاری ئەدەبیی هەیە و پێگەیەکی قایمی لە نێو شاعیرانی نوێی قەزاقستاندا هەیە. ناوبراو درێژەدەری نەریتەکانی ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردییە.

## خاتوونێکی وشۆکاری کرماشانی سەرکەوتنی جیهانی وەدەست هێنا



فریشتە نیکان، کچە وشۆکاری کرماشانی توانی ریکۆردی جیهانی بۆ خۆی تۆمار بکات.

ئەو کچە وشۆکارە کوردە دوای تێپەڕاندنی چەندین خولی راهێنانی قورس و تاقەت پڕووکێن لە ژێر چاودێریی راهێنەرانی خۆیدا، توانی لە ماوی پێنج سەعات و چوار دەقیقەدا، پەنجا هەزار مستی بەردەوام تۆمار بکات.

ئەم ریکۆرد وەرگرتنە لە ساڵۆنی لەشجوانیی زانکۆی «رازی»ی کرماشان و بە ئامادەبوونی بەرپرسانی وەرزشیی ئێران تۆمار کرا.

کەبوودوەند لە بیر نەکەین




بەر لە ماڵئاوایی

# «رووناکبیر» وەک ئامراز!

ن: ئاژوان ـ سنە

یەکێک لە سەرەکی ترین ئەرکەکانی رووناکبیر بەرگری کردنە لە حەقیقەت. واتە لە کێشەو ململانێیەکانی کۆمەڵگادا، رووناکبیر دەبێ بێ لایەن بێ و ئەوەی راستییە نەیشارێتەوە. هەر تاکێکی رووناکبیر توانی لە ئاست ئەم ئەرکەدا دەر بکەوێ، ئەوا دەتوانین بڵێین رەسالەتی مێژوویی و زەمەنی خۆی بەجێ هێناوە. بە پێچەوانەش ئەوا دوور کەوتنەوەیە لە ناوەرۆک و رەسالەتی رووناکبیرو چەمکی رۆشنگەریی. بە پێی رەسالەتی رووناکبیر و ناوەرۆکی حەقیقەت، رووناکبیر چ وەک تاک و چ وەک توێژ جێگە و پێگەی تایبەتی خۆی لە کۆمەڵگادا هەیە. «ئیدوارد سەعید»، لە کتێبی «رۆڵی رووناکبیر»دا بۆ پێناسە کردنی «رووناکبیر» ئاماژە بە دوو پێناسەی گرنگی سەدەی بیستم دەدا کە یەکەمیان پێناسەکەی «ئانتۆنیۆ گرامشی»یە کە رووناکبیر بە توێژێکی بەربڵاوی کۆمەڵگا دەزانێ و دووهەمیان پێناسەکەی «جولیێن بێندا»یە کە روناکبیران بە کەمایەتییەکی تایبەتی لە فەیلەسووف و دەسەڵاتداران دەزانێ. لە روانگەی جولیێنەوە، ئەم توێژەش بەپێی وشیاری و کۆمەڵێک ئیمتیازی ئەخلاقی، ویژدانی مرۆڤایەتین.

لە سەردەمی ئێستادا دەربارەی چەمکی رووناکبیرو ئەرکەکانی راو و بۆچوونی جیاواز لە ئارادان. بە تایبەتی ئەمڕۆ لە کوردستان هەر کەس بەرژەوەندییەکەی چۆنی بخوازێ وا پێناسەی دەکا. زۆر راحەت خۆمان بە خۆمان دەڵێین «رووناکبیر» بە بێ ئەوەی «کارکرد»ی روناکبیرمان هەبێ و رەسالەتی مێژوویی تاکی رووناکبیر لە بەرچاو بگرین. بێگومان یەکێک لە هۆکارەکانی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ هەرەس هێنانی ئەخلاق لە ناوبەشێک لەم جۆرە کەسانەدا. بۆیە لە هەر لایەکەوە بۆیان بلوێ رۆژانە بە ناوی رووناکبیر بوونەوە نان دەخۆن، بەناوی رووناکبیرەوە رۆژێک لەگەڵ ئەم لان و رۆژێک لەگەڵ ئەولان، رۆژێک ئەم لا دەبەنە ئاسمان و ئەو لا «زەربی سیفر» دەکەن، رۆژێک سەربەخۆن و رۆژێک حیزبین، رۆژێک بێ لایەن و رۆژێک لایەنگرن، رۆژێک شاعیرن و رۆژێک سیاسەتوان و بازرگان، رۆژێک بەرگریکاری ناتوندوتیژی و مەدەنیەتن و رۆژێکیش گێرەیان لە قەندیل دەگەڕێ و شەش شەش و حەوت حەوت دەکوژن، رۆژێک ریفۆرمیست و گۆڕانخوازن و رۆژێک بەرگریکاری دۆخی ئارایین، رۆژێک نوێژ دەکەن و رۆژێکیش کفر، رۆژێک راستن و رۆژێکیش چەپ، رۆژێک خەباتی چینایەتی دەکەن و رۆژێکیش خەباتی نەتەوایەتی، رۆژێک بێدەنگن و رۆژێکیش دەنگدار، رۆژێک تیۆریسیەنن و رۆژێکیش پراگماتیست، رۆژێک حیزب دادەنێن و رۆژێک هەڵیدەوەشێننەوە، بە وتەی خۆیان رۆژێک تیۆریسیەنی لەتبوون و جیابوونەوەکانن و رۆژێکیش ئاڵا هەڵگری یەکگرتنەوە، رۆژێک دەڵێن خۆری ئازادی لە رۆژهەڵاتەوە هەڵدێ و رۆژێکیش دەڵێن نا، لە رۆژئاواوە هەڵدێ. بە ناوی رووناکبیرەوە خۆ بەسەر کۆمەڵگادا دەسەپێنن و دەیانەوێ ئەوەی دەیڵێن بە ئاوی زێڕ بنووسرێتەوەو کەس پێیان نەڵێ پشتی چاوتان برۆیە. هاوکات لە هەموو بوارێکیشدا خاوەن سەرنج و پسپۆڕن!لە کرداریشدا ئەوەی نایبینی رووناکبیری و ئەخلاقی رووناکبیرانەیە. پێیانوایە هەر راو سەرنجێکیان هەبوو دەبێ وەک «موتلق» وەربگیرێ و هیچ شەک و گومانی لێ نەکرێ. هاوکات بەجێی تایبەتمەندییەکانی تاکێکی رووناکبیر، پڕاوپڕن لە ئۆپۆرتۆنیسم و هەلپەرستی و بۆ ئەمەش لە بەکارهێنانی هیچ ئامرازێک سڵ ناکەنەوە.

ئەوە کە ئاماژەم پێدا بەداخەوە چەند تایبەتمەندییەکی کۆمەڵێک کەسە کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا خۆیان بە رووناکبیر دەزانن و فەخر بە سەر کۆمەڵگا دەفرۆشن و خەڵک بە گەمژە و نەزان لەقەڵەم دەدەن. دیارە لێرە مەبەست ئەوە نییە کە لە روانگەیەکی رەشبینانەوە سەیری ئەم بابەتە بکەم، بە خۆشییەوە ئەمڕۆ لە کۆمەڵگای کوردستاندا زۆر کەسی گەورەشمان هەن، سەرەڕای ئەو هەمووە تەنگ و چەڵەمەیە توانیویانە رەسالەتی خۆیان بەجێ بگەیەنن کە پێڵاوەکانیان لە سەری ئەو زڕە رووناکبیرانە بەرزترە.

هەوێنی نووسینی ئەم وتارە، رووداوەکانی ئەم دواییەی نێوان هەر دوو حیزبی دێموکراتە کە لە چوارچێوەی سیناریۆیەکدا ژمارەیەک بە ناوی رووناکبیرەوە هێنرانە مەیدان. ئەم رووناکبیرانە! کە زۆربەیان تا ئێستا هەموو حیزبێکیان تاقی کردۆتەوە(لە چەپی چەپەوە تا راستی راست)، ئەزموونێکی زۆریان لە ئەم شاخ و ئەو شاخ کردندا هەیە و لایان زۆر ئاسانە لە رۆژێکدا دەیان هەڵوێست بگۆڕن. بە هەر حاڵ بە گوێرەی بەرژەوەندی شەخسی و هەل پەرەست بوون هەزاران قسە دەگۆڕن و خاوەنی هیچیشی نین. تا نیوەڕۆ بەم لادا هەڵدەڵێن بانگ خەڵک دەکەن کە ئەو لایە چاکە، دوای نیوەڕۆش لە «کن فیکون»ێکدا هەموو شتێک دەگۆڕدرێ و لا چاکەکە شەیتان رەجم دەکرێت.

لە راستیدا ئەو هەڵمەتەی کە لەم دواییەدا دژی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەستی پێکرد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە میدیاکانی خۆیەوە پرۆپاگەندەی پێوە کرد، سیناریۆیەکی لە پێشدا دارێژراو بووە. بە جۆرێک کە کاک «مستەفا هیجری» لە رێوەرەسمی پێشوازی کردن لە ئەندامە سزادراوەکەی «حدک»دا، دانی بەوەدا ناو وتی کە سپاسی ئەو رووناکبیرانە دەکەین بۆ ئەوەی ئەو ماوەیە بە مەسەلەکەوە ماندوو بوون و هاوکارییان کردوین. هەروەها چەند ئەندامێکی رێبەری حدکا چەند مانگ پێش ئێستا بە نهێنی ئەو ئەندامە سزادراوەی «حدک»یان بینیوەو ئەم سیناریۆەیان لەگەڵ دارشتووە. لە لایەکی دیکەشەوە چەند رۆژ پێش ئەوەی ئەوە ئەندامە سزادراوی حدک بگەڕێتەوە لای حدکا چەند کەسێک بە ناوی ژمارەیەک رووناکبیر راگەیەندراوێکیان روو لە حیزبەکان بڵاو کردەوەو ئاراستە ئەو راگەیەندراوەیان بۆ پشتیوانی کردن لەو ئەندامەی سزا دراوەی حدک بە کارهێناو لە تەلەفزیۆنی حدکاوە لە زنجیرە بەرەنامەیەکدا هێرشیان کردە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان.

ئەوەی ئەو ماوەیە دژی حدک و بە دیفاع لە حدکا لە لایەن ئەو رووناکبیرانەوە! وترا، بێ ئینسافی و هەلپەرەستییەکی لە رادەبەدەر بوو و «سو استفادە« کردن بوو لە نیاز پاکی حدک. رووناکبیران! بە مەبەستی دابین کردنی جێگەو پێگەیەک لای حدکا چوونە پێشەوە و حدکاش دژی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک «ئامرازێک» بەکاری هێنان. بە جۆرێک دەکرێ بڵێین ئەو ماوەیە ئەو چەند کەسە کە بە ناوی رووناکبیرەوە لە میدیاکانی حدکاوە دژی حدک دەرکەوتن و قسەیان کرد، نە تەنیا کارکەردیان، کارکەردی رووناکبیری ئۆرگانیک نەبوو(کە «گرامشی»باسی دەکا)، خراپتر لەوە وەک فالانژێکی پلە دووی حیزبی دەرکەوتن. بێگومان ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ئێعتباری خۆیان لەدەست بدەن و ئەساسەن لە هەر بوارێکدا هەر کەسە ئەو هەموو ئەم بەر و ئەو بەر بکات بێگومان کەسایەتی خۆی دەدۆڕێنی و دەبێتە مۆرەیەکی سادەو دەستەمۆ کراو، کە هەر کەس بیەوێ یاری پێدەکا. لە لایەکی دیکەشەوە ئەگەر بێین خەساریکی دیکەی ئەم هەڵمەتە ناموبارەکە دەستنیان بکەین دەبینین لە کاتێکدا کە زیاتر لە هەموو کاتێک پێویستمان بەوەیە کە حیزبەکان لێک نزیک بکەینەوە، ئەو بە ئامراز بوونەی ئەم چەند رووناکبیرە! بەداخەوە کەلێنەکانی نێوان هەر دوو حیزبی دێموکراتی قووڵتر کردەوە.

بەپێی ئەم کورتە باسە بەو ئاکامە دەگەین، ئەو حەرەکەتەی لەم دواییەدا ئەو چەند کەسە بە ناوی ژمارەیەک رووناکبیرەوە! دژی حیزبی دێموکراتی کوردستان کردیان و بوونە ئامرازێک بە دەستی حدکاوە بە هیچ پێناسەیەک ناچێتە خانەی «کار کرد» و رەسالەتی رووناکبیرییەوە. چونکە لە بنەڕەتدا رووناکبیر نایەت خەڵک چەواشە بکاو لە پێناو بەرژەوەندی خۆیدا راستییەکان بشارێتەوەو کێشەکان قووڵتر بکاتەوە. باشتر وایە هەم ئەو دۆستانە و هەم هەموو لایەک لەم هەڵمەتە ناسەرکەوتوویە ئەزموون وەربگرین و لە دەرگای دیالۆگ و باس کردنی راستییەکان هەوڵی چارەسەر کردنی کێشەکان بدەین، نەکە ئەوەی ژمارەیەک ببنە ئامراز و ژمارەیەکیش بە ویستی خۆیان بە کاریان بێن. چونکە بە دڵنیاییەوە ئەم جۆرە تێفکرینە و کار کردنە نامان گەیێنێتە هیچ جێگایەک.